# چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی

حەیدەر عەبدوڕەحمان

ناوی کتێب: چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی
نووسینی: حەیدەر عەبدوڕەحمان
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٤٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مریەم موتەقیبیان
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# تەنیا چرپەیەك..

هەتا نووکە کتێبخانەی ڕەخنەی شانۆیی کوردی مەیلەو خارییە...

ئەوەی لە ئەرشیفی ڕەخنەدا ماوەتەوە، تەنها ئەو بابەتانەن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەتەوە، بێجگە لە چەند هەوڵێکی کەم نەبێت.

ڕەنگە ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خوازیاری دەسکەوتنی ئەو بابەتە پەرتوبڵاوانە بن، ئەرکی زۆر بکێشن تا چەند نموونەیەکیان لەم بوارەدا دەست دەکەوێت، ڕەنگە ئەوەش لە مێشکیاندا بخولێتەوە کە بۆچی وەك کتێب، ئەو بایەخە بەبوارەکانی شانۆیی نەدراوە!

پێم وایە لە پەراوێزی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا زۆر هەوڵی بەپێز بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی شانۆیی لە ئارادا بووە، بەڵام چونکە ئەو هەوڵانە نەبوونەتە کتێب و ناملکەی تۆمارکراو، زۆر لەو هەوڵانە ون بوونە و بەبەرگێژەکەی زەمەن کەوتوون، من بەش بەحاڵی خۆم، لە حەفتاکانەوە تا وەکو ئەمڕۆکە زۆرم لەو بابەتانە لە کیس چوونە، کە دەربارەی شانۆ و درامای کوردی لە شارەکانی کوردستاندا نوسیوومن، ئەمڕۆکەش، لە گەرمەی ئەو تەقینەوە گەورەیەی کە لە بواری ڕۆژنامەنوسیی کوردی و لە چاپدانی کتێبی نووسەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئارادایە، دیسان درك بەوە دەکرێت کە پێویستی کتێبخانەی کوردی بۆ لایەنە شانۆیییەکان و بەتایبەتیش ڕەخنەی شانۆیی گەلێك زۆرە.

بۆیە من لەلای خۆمەوە چەند نموونەیەکم لەو بەرهەمانەدا گوڵبژێر کرد، کە لەو ماوەی دواییدا و لە دوای ڕاپەڕین نوسیوومن، تەنها (گەشتەکەی

حەسەن) نەبێت، بۆ ئەوەی وەك هەوڵێك بۆ خستنە ڕووی چەند نموونەیەك لەم بوارەدا پێشکەشتان بکەم، هەر یەکێکیش لەو بابەتانە، ڕەنگدانەوەی ئاستی بیروبۆچوون و تێڕوانینی ئەو کاتەی منن کە بەرهەمەکانیان تێدا پێشکەش کراوە، بەڵام دەسکارییم تێدا نەکردن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە زەمەنی خۆیاندا بەڕاستگۆیی خۆیانەوە نیشان بدەن، کە ڕەنگە ئەمەشیان هەر لایەنێك بێت لە نیشاندانی ئاستی ڕەخنە لەو قۆناغەدا.

لە هەموو حاڵەتێکا من شانازی بەو چەند بابەتانە دەکەم کە لەو کتێبەدا هاتوون، چونکە بیری ئازادانەی خۆم و ئازاری بەتاموچێژی خۆمن.

دڵیشم بەوە خۆشە کە لەو کتێبەدا خۆیان دەپارێزن، بەڵکو ئەمە خوایە و کەلێنێکیش لە بواری شانۆییماندا پڕکەنەوە.

ئەو شانۆگەرییانەی لەم کتێبەدا تیشکیان خراوەتە سەر:

١- فرمێسکەکانی مۆم/ سدیق حوسێن

٢- چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات/ سدیق حوسێن

٣- ڕۆژە خۆشەکان بەسەر چوون/ سدیق حوسێن

٤- یاخیبوون لە گۆرانییەك لە باوەشی تاریکیدا/ سەباح عەبدولڕەحمان

٥- گەڕانەوەیەك بۆ سەردەمی بێ تاوانی/ د. قوتبەدین سادقی

٦- مەرگ و کچ/ د. فازڵ جاف

٧- میوانی ئەم ئێوارەیە/ گەزیزە

٨- ئەوانەی توونی بابا چوون/ ئەحمەد سالار

٩- دڵدارێکی قرچۆك/ تەڵعەت سامان

١٠- خوانێك بۆ خۆ کوشتن/ مەهدی حەسەن

١١- گەشتەکەی حەسەن/ کامەران ڕەئووف

# خوێندنەوەیەکی فرمێسکەکانی مۆم



## بەياننامەيەكی شانۆيی

هـونـەرمـەند (سديق حـوسێن)، لـە ميـلـۆدرامـای (فـرمـێسكـەكـانـی مـۆم)دا، بـەدوو ئـاراستـە دێتـە پێشەوە، يـەكـەميـان: بـەئـامـانجی تێكشكـاندنی هـەموو شەختەبەندەكانی تەقليديەت و مەئلوفيەت لە شانۆی كورديدا، دووەميـان: بـەرەو بـە جيهانيبوونی شانۆی كوردی... ئـەوەی دووەميـان، لـە تـايتلـی شـانـۆگـەرييـەكـەدا دەردەكـەوێت، كـە بـە مـانشێتـێكـی گـەورە نـووسراوە (بـۆ گـەيشتن بـەئـاستـی هـونـەريی جيهـانـی)، لـە داوێنـی هـەمـان ڤـۆلدەردا كـاری ئـايندەی خـۆی (چۆلـەكـەيـەك لـە تـاو ئـازارەكـانـی سـەمـا دەكـا)ی ڕاگـەيـاندووەو لە پەراوێزدا نووسيويەتی (جيهانی).

ئـەم دروشمـەی (سديق) بـەهـاووێنـەی بـەياننـامـەيـەكـی شـانـۆيـی دێت كـە لـە قـەنـاعـەت و تێڕوانين و بڕوا بـەخـۆبوونی (سديق)ەوە سـەری هـەڵداوە، ڕەنگـە دروشمێكی نـائـاسـايی بێت و مشتومڕێكی زۆری لـەسـەر بكرێت. كـەسـانێكی بـەدەسـەڵات و داهـێـنـەری هـاوشـانـی (سديـق) هـەبـن، ئـەو بـەيـانـنـامـەيـە بـەشتێكی سروشتی و ئـاسايی تێبگەن و وای بۆ بچن كە كـاتی لە دايكبوونی ئەم دروشمە هـاتبێت و بەلايانەوە ئـاسايی بێت كە (ئـارتۆ و بيتەر برۆك)ێكی ديكـە، لـە خـاكێكی وێران كراويشدا لـە دايك بێت، كـەسانێكی ديكـەی دەست نـەڕۆيشتووش هـەبن چۆكيـان لـە ئـاست بـەرزكردنـەوەی دروشمێكی وا و بـەياننـامـەيـەكـی ئـاوادا بلـەرزێت! بـەگـۆێرەی نـا تـەقليديـەت و نـا مـەئلووفيـەتـی (سديـق)يش لـە شـانـۆگـەريـی (فـرمـێسكـەكـانـی مـۆم)دا ئـەوە. بينـەر لـەبـەر دەرگـای چوونـە ژوورەوەی هـۆڵـی شـانـۆدا هـەست بـەو نـامـەئلوفيـەتـە دەكـات، كـاتـێ لـە ئێستگـەكـانـی چـاوەڕوانـی دەبێت، بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی دەروونييـەوە، ئـەو كـەشوهـەوايـەی بۆ برەخسێ كە تێكـەڵ بـەڕووداوەكـان بێت.

دەرهێنـەر، هـەر لـەو سـەرەتـايـەوە قـەستـی ئـەوە دەكـات بينـەريش وەك پـاڵـەوانـی

شانۆگەرییەکە دەوری خۆی ببینێ، ئەوەتا هەموو بینەرەکان دەوریان بەسەردا دابەش دەکرێت، هەر لە چرکەی یەکەمی چاوەڕوانییانەوە تا ڕەتبوونیان بەبارەگای (سەفارەتی نامۆبوون) و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پیاوە بیانییە چاویلکە ڕەشە، شەبقە لەسەردا کە ناچاری ئەوەت دەکات، بەڕێگەیەکی ناچاردا بچیتە ناو هۆڵەکە، بۆ ئەوەی لەسەر پەیژەکە، کە لە تونێلێکی تاریك دەچێت، ناچاری ئەوە بیت بەرەو نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکان ڕێ بکەیت! لە ڕێگادا لەگەڵ شێتەکانی ئەو ڕێگەیە دڵەراوکێ بتگریت و بترسیت... ئەو کاتە دەگەیتە ئەو باوەڕەی کە ڕووبەڕوو بوونەوەت لەگەڵ هەموو ئەو حاڵەتانەدا بەئەنقەست بووە و بەویستی خۆشت نەبووە، لەوە دەگەیت کە تۆ بەبێ پێ زانینی خۆت بوویت بەئەکتەر و بوویت بەنەخۆشێك، هەموو ئەوانەش کە لەگەڵتاندا وەك تۆ نەخۆشن و هەر هەمووتان بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کەوتوون، کە چوویتە ناو نەخۆشخانەکەش ئینجا دەخزێیتە ناو دنیایە پڕ لە سیحر و تەمومژاوییە خەوناوییەکە، لەگەڵ مۆسیقا جەنائیزییەکەدا پەردەیەکی ڕەشی تاریك بەسەر بیناییتدا و بەسەر دڵتدا هەڵدەکشێ، لە ناو تاریکیدا هەست بەخنکانی خۆت دەکەیت، ئارەزووی تروسکە ڕووناکییەك دەکەیت کە لە هەر لایەکی شانۆوە هەڵبێ، بۆ ئەوەی ئەو گوتارە سەختە لەسەر دڵت لاچێت.

ئینجا خەریکە خۆت ون دەکەیت و دەسەڵاتت بەسەر خۆتدا شل دەبێت، وەك (ئەنتوین ئارتۆد) دەڵێت: (پێویستە وا لە بینەر بکرێت کە بۆ ماوەیەکی کورت سەیتەرەی عەقڵی لە دەست بدات).

### زەمەنی نامۆبوون

پاڵەوانەکە خۆی باس لەو زەمەنە تەنگەتاوە خنکێنەرە دەکات کە تێیدا دەژیت و دەڵێت: «من لە زەمەنێکی تاریکدا دەژیم، لە زەمەنێکی گێرەشێوێندا، مرۆڤایەتی نوقمی دڕندایەتی بووە، شەڕ، کوشتن، خوێن، ئەمە چ سەردەمێکی بەترسە ئێمە تێیکەوتووین، تاریك، تاریك، بەترس،

بەترس، ئەو کەسەی پێدەکەنێ، هێشتا هەواڵە ترسناکەکەی نەبیستووە.»

ئەو پاڵەوانە بەهەموو فاکتەرەکانی هیلاك بوونی ڕۆح پەلکێش دەکرێت بۆ ئەوەی خۆی بداتە دەست نامۆ بوون و ناچاری ئەوە بێت دەست لە پیرۆزترین موقەددەساتی خۆی هەڵبگرێت! با بڕۆم ئێرە بەجێ بهێڵم... دەفڕم... دەفڕم، هەناسە دەدەم، دەچم بۆ وڵاتێك باران و جوانی تێدا بێت، لە ئارامترین مەملەکەتی خوا، دوور لە شەڕ، سەر خەوێ دەشکێنم، دەڕۆم ئەم تاریکستانە بۆ ئێوە جێ دێڵم.

خواحافیز نیشتمانە ئازیزەکەم، ماڵئاوا وڵاتە خۆشەویستەکەم، خواحافیز هاوڕێیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆشەویستی، لەبەر چاوی پاڵەوانەکە سەری دەبڕدرێت، پاکی و بێ گوناهیش پێشێل دەکرێت، ڕووە پاك و بێ گەردەکانی جوانیش، لێخن دەبێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانشدا ڕۆحی پاکی پاڵەوانەکە ناتوانێت ئەو بڕیارەی عەقڵ بەدیبێنێ و دەستبەرداری ئەو خاکە نابێت، بۆیە دەڵێت: «من بۆ کوێ ڕێ دەکەم عەقڵ درۆم لەگەڵ دەکا و ئەم ڕۆژگارەش چەند جوان پێم پێدەکەنێ»

یان کە دەڵێت: «خۆ من لەگەڵ ئەم هەموو وێرانیەشدا حەز دەکەم عومری خۆم بەدیار سۆزە تەڕەکانی ئەم نیشتیمانە تاریکەوە تەواوکەم. بۆیە پاڵەوانەکە کە بێ ئارام دەبێت و شانۆ بەجێ دێڵێت، لەدوا وتەیدا دەڵێت: باچیتر بەکۆڵانەکانی عەدەمدا نەچین، نیشتیمانەکەم برینداره، سەردەمی خۆشەویستی و ئادەمییەت بگەڕێننەوە، چونکە من سەرمامە سەرمامە سەرمامە».

ڕەنگە دەرهێنەر هێشتا تینوویەتی نەشکابێت لە ڕەسمکردنی لایەنە تاریکەکانی ئەو زەمەنە و لە گوزارشت کردن لەوەی لە ناخیدا خول دەخواتەوە، بەڵام ئایا تا چەند توانیویەتی هاوسەنگییەکی سایکۆلۆژی و فیکری لای بینەر دروست بکات، لە نێوان تاریکی و ڕووناکی، لە نێوان ڕەنگی کراوە و ڕەنگی تاریك، لە نێوان گەشبینی و ڕەشبینیدا؟

مـن پێم وایـە ئـەو هـاوسـەنگییـە فیکری و دەروونییـە لـەنگـەو دەرهـێنـەر نوقمی ژێر باڵی سۆز و عاتیفەیەکی هەڵچوو هاتووە، پاڵەوانەکەی خۆشی لـەو دەرەنـجـامـەدا دووچـاری بـێ هـێزیـی نـاخ و چـۆك شكـان کـردو، لـە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو واقیعەدا، لە هەمان کاتیشدا بینەریشی خستووەتە بازنەیەکی گۆشەگیری ئەوتۆ کە بەرامبەر بەو زەمەنە ترسی لێ بنیشێ و دووچاری جۆرێك لە هیوابڕی و ڕەشبینی بێت، پاساوێك بۆ شەرعیەتی نیشتمـان بـەجێ هـێشتن بداتـە دەست بینـەر! چونکـە ئـەوەندەی دەرهـێنـەر برینەکانی ئاوەژوو کردووەتەوە، ئەوەندە بەدوای چارەسەرکردندا نەگەڕاوە، ئـەوەنـدەی بـیر لـە داهـێزران کراوەتـەوە، ئـەوەندە مقـاوەمـەت و خۆڕاگرتن نەخراوەتە ڕوو.

ئـەوەتـا گـەورەتـریـن ئـەو بـلـیمـەتـانـەی کە لـە سەردەمـە تـاریکـەکانـدا داهـێنـانـی گـەورەی مـرۆڤـایـەتـیـیـان ئـەنـجـامـداوە، لـەوانـەش شاکـارە مـەزنـەکـەی دۆسـتـۆیـڤسکس (تـاوان و سزا)، (شەڕ و ئـاشتـی) تـۆلستـۆی، (دایك)ی مەکسیم گۆرکی، کە لە تاڵترین و سەختترین چرکەکانی مێژووی ڕوسیا لە دایك بوون، هەندێکیان لە مەنفا و سیبریا، هەندێکی دیکە لە ژێر زەبر و زەنگی زڕەی زنجیر و هەندێکی تر لە ژێر باری شەڕ و تەفروتونا بوون، بەڵام لە پێودانگی ئەو سەردەمەدا، پاڵەوانانی ئەو شاکارانە چەند داهێزرابوون و چەند ڕەشبینییان بەسەر خوێنەرانی خۆیاندا باراندووە؟! یـان بـەپـێچـەوانـەوە، چـەنـد ڕۆحـی بـوێری و مـقـاوەمـەت کـردن و نیشتمانپەروەرییان لە دڵی خەڵکیدا چاندووە؟!

### دەق

دەرهـێنـەر لـەو دایـالـۆگـە شیـعریـیـە پـەخشانـییـانـەدا پـەنـای بـۆ تـێکستێکـی شانۆیی ئاسایی نەبردووە کە خەسڵەتە باوەکانی دەق بگرێتە خۆی، بەڵکو چـەنـد پـارچـە پـەخشان و چـەنـد کـۆپـلـە قـەسیدەیـەکـی شاعـیرانـی وەك،

فەرەیدوونی موشیری، هاشم سەڕاج، حەمە عەلی خان و چەند دێڕێکی خۆی کردووەتە بونیاتی شانۆگەرییەکەی...

ئەو پارچە شیعرە لێك گرێدراوانەش بەشێوەیەك هەڵبژێردراون، کە لە قەسیدەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆ بچن، یەك ناوەڕۆك و یەك ئامانج بەخۆیانەوە هەڵدەگرن، لە زمانیشدا لێکتر نزیك بن.

### شێوە - فۆرم

سدیق حوسێن، لەو شانۆگەرییەدا شێوەکارێکی دەست ڕۆیشتووە، لە نەخشاندنی ئەو کۆمەڵە تابلۆ درامییانەی کە بۆ شانۆگەرییەکەی دروستی کردوون، چونکە وەك چۆن دەقی شانۆگەرییەکەی لە چەند کۆپلە شیعرێك بنیات نابوو، بەهەمان شێوەش شێوە و فۆرمی شانۆگەرییەکەی لە چەند تابلۆیەك دروست کردبوو کە من لەلای خۆمەوە، هەندێ لەو دیمەنانە هەریەکە و ناوێکیان لێ دەنێم، لەوانە! تابلۆی دەستە خوێناوییەکان، دەروێش، گەڕان بەدوای حەقیقەتدا، گریان، بانگدان، حەزرەتی یوسف، کۆچکردن، باران، یاخیبوون و تووڕەیی، مەرگی بەرائەت و مەرگی خۆشەویستی، گەڕانەوە بۆ سەردەمی ئادەمیەت.



کرۆتۆڤسکی لە کتێبەکەیدا (بەرەو شانۆیەکی هەژار) دەڵێت:

«ئێمە بەپلەی یەکەم دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین کە لە پەیڕەوکردنی تەنیا شێوازێکی دیاری کراوا خۆمان بەدوور کەینەوە، زێتر هەوڵی ئەوە بدەین کە باشترین شێواز، لە نێو چەندین شێوازی جیا جیادا هەڵبژێرین».

ڕەنگە ئەم شێوازەی سدیق، لە هونەری جیهانیدا شێوازێکی باوبێت، چونکە (تادیوز کانتورە) لە (هونەری ناشێوە)دا پەیڕەوی کردووە و شانۆی وێنەیش (صورة) هەمان شێواز دەگرێتە خۆی، بۆیە دوور نییە کە سدیق حوسێن – قەستی ئەوەی هەبێت پتر ئەم شێوازە بەبینەری شانۆی کوردی ئاشنا بکات و خودی خۆشی دەست ڕۆیشتنوو دەسەڵاتی لەم شێوازەدا بدۆزێتەوە، لەم شانۆگەرییەدا فەلسەفەیەکی دینامیکی تێدایە، چونکە خودی شێوەکان خۆیان چمك و ناوەڕۆك دەبەخش، بەپێی ئەم شێوازە کاری تێکشکاندن و بونیاتنانەوەی سەرلەنوێی ڕووداوەکان پەیڕەو دەکرێت (الهدم والبناء) وەك لە شانۆیی وێنەییشدا پەیڕەو دەکرێت.

**کەرستەکان**

دەرهێنەر بۆ پێکهێنانی پەیکەری گشتیی شانۆگەرییەکەی و بەرجەستە کردنی ئەو کەرەستە درامییانەی هەڵی بژاردوون، چەند کەرەستەیەکی گەرم و زیندووی لەبەر دەستدا بووە، کە هەندێکیان ماسوولکەیی (عضلی) بوون و هەندێکی تر (سایکۆلۆژی).

ئەوانەی کە بەلایەنە ماسوولکەییەکانەوە پەیوەستن (بزووتنەوەی ئەکتەر)ە، کە وەك فڵچەی دەستی نیگارکێشێك چۆن دەتوانێنت هێڵ و تۆنەکان بکێشێ، بەهەمان شێوەش ئەکتەر بەو بزووتنەوانە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات و ئامانجەکانی خۆی بەو بزووتنەوانەبگەیەنێتە وەرگر.

ئەکتەر لەو شانۆگەرییەدا دەسەڵاتی بونیاتنانی خودی خۆی هەیە و

لـەو بـونـیـاتـەدا زۆر لـە پـێکـهـاتـەکـانـی دەسەڵات دادەهـێنـێ، ئـەوەش دەسەڵمێنێ کە دەق بەتەنیا فاکتەرێك نییە لە فاکتەرەکانی  تێگەیشتن و گوزارشت کردن و چێژ وەرگرتن وەك هەندێك تێی گەیشتوون.

(ئـارتـۆ) و (کـرۆتـۆڤسکـی) و (بـرۆك) دەمـێکـە نـهـێنـیـیـە شاراوەکـانـی جەستەی ئەکتەرییان دۆزیوەتەوە بۆ شانۆ و هەموو شانۆیان لە جەستەی ئەکتەردا بینیوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتیشدا کە جەستە دەسەڵاتی هەموو خوێندنەوەیەکی نابێت و هەموو دەلالاتەکان ناداتە دەست، ئەوە (سدیق) پـەنـا بـۆ وشەش دەبـات و ئـەو وشانـە دەکـاتـە ئـاوێنـەی گـوزارشتـە جەستەییەکان.

ئەو ئەکتەرانەی پەنا بۆ جەستە دەبەن لە کاری شانۆییدا، دەبێت ئەو لەشولارە لاستیکییە نەرمونۆڵ و سووکەیان هەبێت کە وەك پاڵەوانێکی جملاستیکی، توانای بزووتنەوەی سەختیان هەبێت لە پێکهاتەکانی وێنەی تەعبیریدا.

(سدیق) لە ڕووی ماسوولکەیی و توانای جەستەییەوە، لە پاڵەوانێکی ئـەکروبـاتیکی دەچوو، لـە ئـەنجـامدانی بـزووتـنـەوە و ڕەنگـە لـە هـەندێك دیـمـەنـدا بـیـنـەری دووچـاری جـۆرێك لـەسەر سوڕمـان دەکرد لـە (ئـەدا)، بەتایبەتیش لە دیمەنی زکری دەروێشەکە کە لەسەر ڕیتمی خێرای ئەوتۆ بوو پێویستی بەهێزێکی ماسوولکەیی و جەستەی ئێجگار زۆر هەبوون، هەروەها لە دیەنی پەردە ڕاکێشانەکە بەدوای خۆیدا، ئەو دیمەنە لەو دیـمـەنـە ئـێجگـار سەختـانـە بـوو کـە بـەهـەمـان شێوە لـە دەسەڵاتـی هـەمـوو ئەکتەرێکدا نەبێت، بەڵام ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت، سدیق، بۆ خۆ ئامادەکردن ماوەی پتر لە سێ مانگان ڕاهێنانی جەستەیی کردووە.

١– **مۆسیقا**: کە هەردوو هونەرمەند (ئاری نادر و دڵدار تاهیر) مۆسیقای تـایـبـەتـیـان بـۆ ئـەو بـزووتـنـەوە تـەعبـیـرییـانـە دانـابـوو، ڕەنگـە ئـەو

مـۆسیـقـایـانـه فـاکـتـەرێکـی زۆر کـاریـگـەر بـووبـن بـۆ ئـەوەی ئـەو بـزووتـنـەوانـە بـەشێوەی پێویست بـەرجـەسـتـە بکـرێن و نـرخ و بـەهـای درامیی خۆیان ببەخشن، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە جوانکاری بەو بزووتنەوانە بدەن.

٢– **ڕەنگ:** لە شانۆی تەعبیری و وێنەییدا، ڕەنگ ڕۆڵێکی باڵا دەبینێ لە پێکهاتەکانی شانۆ و لە دەربڕینی ستاتیکییانەی تابلۆکان، ئەو ڕەنگانە لە فرمێسکەکانی مۆم–دا بەچەندین دەلالەتی جۆراوجۆر تەوزیف کرابوون، کە هەریەکە و سەنگ و بەهای تایبەتیی خۆیانیان هەڵگرتبوو، وێڕای ئەمانەش ڕەنگ یەکەم دەروازەی چوونە ژوورەوەی ناخی ئەکتەر بوو، بینەر درك بەوە دەکات کە سێ ڕەنگی سەرەکی (ڕەش، سوور، سپی) بەسەر ڕەنگەکانی دیکەدا زاڵن، هەریەکە و لەو ڕەنگە بنەڕەتییانەش لە ڕووی فەلسەفەی ڕەنگەوە هێماییێکن.

دیکۆری میلۆدراماکە، ڕەنگێکی ڕەشە، کە هێمای زەمەنێکی پڕ لە ماتەمی و تراژیدی دەنوێنی و پڕە لە چاوی سپیی پڕ لە بەرائەت، کە لە ناو ئەو فەزا ڕەنگ ڕەشەدا لە چاوەڕوانیدان، ئەو پەردە گەورەیەش کە پاڵوانی شانۆگەرییەکە لە خۆی دەئاڵێنێ، ڕەنگی ڕەش و سپییە و هێمای مەرگ و لە دایکبوونە، ئەوەتا لە ژێر ئەو پەردەیەدا دەڵێت:

«لە سەردەمێکی تاریکدا دەژین، سەردەمێك تیایدا بەدبەخترین نەوەی مرۆڤین، هەندێکمان بەمردوویی دەژین و هەندێکیشمان هێواش هێواش بەرەو مردن دەچین».

ڕەنگی سوور، کە زاڵترین ڕەنگی ناو شانۆگەرییەکەیە، زۆربەی پانتایی فەزای شانۆگەرییەکەی داپۆشیوە، بەدرێژایی دیمەنەکان ئەو ڕەنگە لە پاڵەوانی میلۆدراماکە جودانابێتەوە.

ڕەنـگـی سوور، ڕەنـگـی خـوێنـە، ئـەو خـوێنـەی کـە کرۆکـی ئـامـانـجـی

سەرەكیی شانۆگەرییەكەیە و هەموو كەرەستە شانۆییەكانی دیكە لە خزمەتی دەرخستن و بەرجەستەكردنی ئەو ڕەنگەدان، ئەوەتا پاڵەوانی شانۆگەرییەكە، سێ گڵۆپی سووری لە ناو لەپ و لەسەر دڵی خۆیەوە لكاندووە.

ئەو گڵۆپە سوورانەی ناو لەپ، هێمای ئەو دوو دەستە پڕ لە تاوانەن كە خەڵتانی تاوان و خوێنن، ئەو دڵەش سەرچاوەی دابەشكردنی ئەو خوێنەیە.

بینەر درك بەوە دەكات كە چۆن ئەو دەستانە لە تاو ئەو ڕەنگە سوورانە وەك تەزوویەكی كارەبایی دەلەرزن، چۆن دەست لە هەوكی بەرائەت دەنێن، لەو تابلۆیەی كە چیرۆكی سەرهەڵدانی براكوژی دەگێڕێتەوە، لەو كاتەی كە حەزرەتی قابیل، دەستی بەخوێنی حەزرەتی هابیل سوور بوو، تا دەگاتە منداڵەكانی ئادەم... سەراپای دیمەنەكان ڕەنگی سوور و خوێناوی دایاندەپۆشێ.

هەندێ كەرەتیش ئەو گڵۆپە سوورانە بۆ كاری دیكە تەوزیف دەكرێن و لە ناو ئەو فەزایە تاریكەدا، دەبن بەڕووناكی، دەموچاوی ئەكتەریان پێ ڕووناك دەكرێتەوە.

لە ناو ئەو ڕەنگە گەرم و تێرانەشدا لە سەرەتای كردنەوەی شانۆگەرییەكەدا، لای ڕاستی شانۆ، كزە ڕەنگێكی زەردی لێ دەردەكەوێت، بەهێمای ئەو كزە هیوایەی كە لە ناخی كاراكتەرەكەدا هەیە...

ڕەنگی تەڵخ و ڕەنگی تێر و ڕەنگی تاریك، شانۆكەیان داپۆشیوە، مەنفەزی كەمتر لەو ڕەنگانەدا بەجێ ماوە، بۆ ڕەنگی كراوە و ڕەنگی گەش و مژدەبەخش... كە من پێم وایە دەبووایە شوێنی بۆ بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگە قەترانییانە بەتەواوەتی بەسەر كەشوهەوایە دەروونییەكەی بینەردا زاڵ نەبن.

## ڕیتم

ڕیتم لە شانۆگەرییەکەدا وەك تۆنی ڕەنگەکان گەرمە، چونکە پاڵەوانەکە لە حاڵەتێکی دەروونیی گرژدایە هەست دەکەیت ڕیتمی شانۆگەرییەکەش بەهەمان ئاستدا تێدەپەڕێ، تەنیا لە کۆتایی دیمەنەکان نەبێت، لە هەندێ شوێندا لەگەڵ نائارامی و ماندوو بوون و هیلاکی پاڵەوانەکەدا، هەست بەدابەزینی ئەو ڕیتمە دەکەین.

بەڵام گۆڕینی ڕیتم، تەنیا لە دیمەنی (گەڕان بەدوای حەقیقەتدا) درکی پێ دەکرێت، کە دەبێتە ڕیتمێکی نزمی زۆر خێرا: (حەقیقەت؟ حەقیقەت؟ بەڵێ حەقیقەت... ئامانجی ناکۆتایی بوونمانە... حەقیقەت سەربەستن دەکات).

لەگەڵ ئەو ڕیتمە گرژەشدا بینەر، تاموچێژێکی زۆریشی لە هەندێ لە چرکەکانی بێ دەنگی شانۆیی (صمت) وەرگرت، کاتێ کە ڕیتمی ڕووداوەکان دادەمرکانەوە، بێ دەنگییەکی خامۆش، سەراپای شانۆگەرییەکەی دادەگرت، ئەر کاتە هەستت بەوە دەکرد کە وەرگر چەند چووەتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و چەند بەتاسەوە چێژ وەردەگرێت، بۆیە (پیتەر برووك) لەمەڕ ئەو حاڵەتانە دەڵێت: «ئەگەر شانۆگەرییەك وامان لێ نەکات هاوسەنگیمان لە دەست بدەین، ئەو ئێوارەیەمان هەموو بێ هاوسەنگی دەبێت».

(ئەنتوین ئارتۆش) لەم بارەیەوە لەگەڵ پیتەر برووك-دا یەکتر دەگرنەوە کە دەڵێت: لەسەر شانۆ پێویستە وا لە بینەر بکەین کە هەست بەجێگیر بوونی ڕۆح و خەونەکانی بکات.

*** ناسنامەیەکی سدیق حوسێن**

ساڵی (١٩٧٠) لە قەڵادزێ لە دایك بووە.

دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرە/ بەشی شانۆ (١٩٩٦-١٩٩٧).

بەرهەمەکانی:

١- شۆڕشی تارماییەکان (١٩٩٣). (دەرهێنان).

٢- کەڤاڵی پەپوولە (١٩٩٦) (نواندن).

٣- ئەو پیاوەی بوو بە سەگ (١٩٩٧) (نواندن و دەرهێنان)

٤- شەهێن لە سەختەن هێلانە دەکات (١٩٩٧) (نواندن).

٥- لە شەوێکا تۆڤ و ڕەهێڵە (١٩٩٨) - (دەرهێنان و نواندن).

٦- ئەوە کێیە لەوێ - (١٩٩٩) (دەرهێنان).

٧- تاریکی هورژم دێنێ (١٩٩٨) - (دەرهێنان و نواندن).

٨- هێما سەرەتاکانی دۆزەخ (١٩٩٩) (دەرهێنان).

٩- فرمێسکەکانی مۆم (٢٠٠٠) (دەرهێنان).

١٠- چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات (٢٠٠١) (دەرهێنان).

# ڕامانێکی چۆلەکەیەك
# لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات



## وێنەی شیعری و وێنەی شانۆیی

ئەو گوتارەی کە بینەر لە شانۆیی چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات سدیق حوسێن پێی دەگات، گوتاری وشە نییە، بەقەد ئەوەندەی گـوتـارێکـی وێنـەیـی و جـەسـتـەیـیـیـە، چـونـکـە ئـەگـەر شانـۆگـەریـیـەکـە (پانتۆمـایم)یش بوایە، ئەوە دەرهێنـەر بۆی هـەبوو گوتـارە دیـاری کراوەکەی خۆی هـەر بگەیەنێت، ڕەنگە بەئـاستێکی بـەرزتر و بەهێزێکی گەورەتریش لـەوەی گـوێمـان لـێ بـوو، بـەڵام هـەڵڕشتنـی چـەند وشەیـەکـی شیـعـری، یـا پەخشانی، هـەر تـەنـها هـەوڵدانێکە بۆ یـارمـەتـی دانی بینـەر و نزیك کردنـەوەی لە نهێنییەکانی شانۆگەریەکە.

لەو شانۆگەرییەدا (دەق) سەنگێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو چەند وشە و دەستـەواژە و کۆپلە شیعرێکی تێك هـەڵکێشراو هـەنە، دەرهێنـەر لەو وشە شیعریـانـەدا وێنـەی دروست کردووە، هـاوکێشەیـەکی پێکهێنـاوە لە وێنـەی شیـعـری (چـنـوور نـامـیـق) و وێـنـەی شـانـۆیـیـیـەکـانـی خـۆی، ئـەو وێـنـانـەی کـردووە بـەکـۆمـەڵـە تـابـلـۆیـەك، هـەوڵـی ئـەوەشی داوە کـە ئـەو تـابـلـۆیـانـە بـەشێوەیـەکـی ئـەوتـۆ ڕێك بـخـا و پێکیـان وەبـلـکێنـێ، کـە شانـۆگـەرییـەکـە فـەلسەفـەیـەکـی دیـاریـکراوی خـۆی هـەڵبگرێت، تـەوزیـف کـردنـی شیعر بۆ شانـۆ، ڕەنـگـە لـە شانـۆی ئـێمـەدا فـەریـکـە ئـەزمـوونـێکـی نـوێ بێت و ئـەم سـتـایـلـەش پـێویستـی بـە شارەزایـی و تـێڕوانـیـنـێکـی بـەرفـرەوان هـەبێت لە وەرگێڕانی وشە بۆ وێنە، بەجەستە، بەڕەنگ، بە ئەدا، بەمۆسیقا و هـەموو کەرەستە ستاتیکیەکانی دیکەی هونـەر کە دەتوانن لە زۆر حاڵەتدا وێنە بکـەنـە ئـەلـتـەرنـاتـیـڤـی دیـالـۆژ، بـەتـایـبـەت ئـەگـەر دەرهێنـەر نیگارکێشێکی شانۆیی ئـەوتۆ بوو دەسەڵاتی ئـەوەی بەوێنە شانۆییەکان خـەیاڵی بینـەر بشواتـەوە و چـاوەکـانی پڕ کـات لـە جوانی، لە حـاڵـەتـانـەدا موخـاتـەبـە کردنی

ڕۆح لـە لای دەرهـێنـەر، لـە سەرووی هـەمـوو مـوخـاتـەبـەیـەکـی دیکـەی مرۆییەوە دێت.

بـەم شێوەیـە بـیـنـەر بـازنـە بـۆ کـێشراوەکـەی نـێوان خـۆی و شانـۆ تـێك دەشکـێنـێ و دەبـێتـە پـارچـەیـەکـی زیـنـدووی لـێك دانـەبڕاو لـە جـەستـەی شانۆگەرییەکەدا، لە ژێر جەخت و کەشوهەوای سیحراوی شانۆگەرییەکەدا هەست بە ڕووداوێکی نائاسایی دەکات لە نێوان خۆی و شانۆدا، کە داخوازی ئەوەی لێ دەکات تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبێت بەرامبەر بـەوەی دەخـرێتـە بـەردەمـی و وەڵامـی تـایـبـەتـی خـۆشی هـەبێت بـۆ ئـەو پرسیارانەی لە شانۆگەرییەکەدا ڕووبەڕووی دەکرێنەوە.

### فەلسەفەی چۆلەکە

دەرهـێنـەر فـەلسەفـەی شانـۆگـەریـیـەکـەی خستـووەتـە نـاو چـوارچـیوەیـەکی سایـکـۆلـۆژی و شانـۆگـەریـیـەکـەی لـەسەر چـەنـد تـیـڕوانـیـنـێکـی دەروونـی بونیاتناوە، دەستپێکی شانۆگەرییەکەشی لە (ئادەم و حەوا)ەوە دەست پێ دەکـات، کـە چـۆن لـە فـیـردەوسی خـودا لـە جـەرگـەی ئـەو ئـاسوودەیـی و دڵنیاییەی تێیدا دەژیان، بڕیاری ئەوەیان دا، کە دوای چێژ وەرگرتن لە هەموو ئەو بەرهەمە خواییانەی پێیان بەخشراوە، بەدوای نهێنی دیکەدا بگەڕێن و ئەو سێوە بخۆن کە خوا لێی حەرام کردبوون، بەمەش دەکەونە بەر تەوژمی ڕقی خوا و لەگەڵ هەڵکردنی ڕەشەبایەکی سەخت و دژوار، لوول دەدرێن و پاشان بەناخ زەویدا ڕوو دەچن، بەرەو چارەنووسێکی تـاریك، کـە تـاوەکـو ئـێستـاکـەش لـەگـەڵدا بـێت و هـەتـا هـەتـایـەش دەبـێت بنیادەم باجی ئەو هەڵە گەورەیە بدات کە ئەوان کردییان، ئەوەتا یەکێك لە وەهـمـەکـان دەڵـێت: ئـێمـە لـە بـەهـەشت دەرکـرایـن تـازە نـاگـەڕێـیـنـەوە نـاو بـاغـەکـانـی، بـەهـەشت تـازە لـێرە فـریـای کـۆکـردنـەوەی دەنـگـمـان نـاکـەوێت بەژیانی سەر زەوی مەحکوم کراوین و ناتوانین بگەڕێینەوە.

بینەر لەگەڵ ئەو کارەساتە سامناکەدا زۆر پرسیار لە خۆی دەکات و دەپرسێت ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایان لە بنیادەم کرد لەو فیردەوسە ئازادە یاخی بێت و سێوێك بخوات کە چارەنووسی بخاتە مەترسییەوە، ئەو سێوە بەهایەکی فەلسەفی و سایکۆلۆژی هەبووە لای ئەوان، ئەوەندە نەبێت بنیادەم وێڵی گەڕان بەدوای نهێنییەکان بێت و بیەوێت حەسرەتەکانی خۆی بشکێنێ، کە ڕەنگە ئەمەشیان سنوورێکی دیاریکراوی بۆ نەبێت یاخود ئەنجامەکانی زۆر تفت و تاڵ بن، ئەوەتا دەڵێت:

(چیتر لە ژێر ئەم سێبەرە شێدارانەدا سێو هەڵناگرم، نەبادا دەستەکانم لێ ون بنوو ڕاستەوخۆ مەرگی ناکاوی دەرخات و خەونەکانم بباتەوە).

لەگەڵ خوێندنەوەی ڕووداوەکان بینەر ئەوەی بۆ یەکالا دەبێتەوە کە هەموو قەدەرەکان بەدەست بنیادەم خۆی نییە، ئەگەرچی ئەو فاکتەری دروستبوونی قەدەرەکانیش بێت، کە ڕەنگە سێو خواردنەکەش یەکێك بێت لەو قەدەرە بێ دەسەلاتانەی بنیادەم، چونکە زۆر لەو قەدەرانە بەویستی مرۆڤ نەبووە، وەك لە شانۆگەرییەکەدا دەڵێت: (چ خاکێکی خەواڵووە ئەم ژوورە بێ بن میچانە، ئێمە و ئێوە جڵەوی ڕووبارە بەرەڵڵاکانی کیشوەرێکین، بەخواستی ئادەم خۆمان لە دایك نەبووین.

## بەرجەستەکردنی ئادەم و حەوا

دەرهێنەر ئەو فەلسەفە ڕوونەی خۆی بەشێوەیەکی هونەریی ئەوتۆ بەبینەر گەیاندووە کە بەئاسانی درك بەسامناکی و خەتەرناکی گوناهە مرۆییەکە بکات و ئاکامە تاڵەکانیشی بەچاوانی خۆی ببینێ، بۆ گەڕانەوەی ڕووداوەکان – دەرهێنەر دیمەنەکەی خستووەتە ناو چوارچێوەیەکی سینۆگرافی و ئەو دیمەنە لەسەرەتادا وەك فیلمێکی سینەمایی نیشانی بینەر دەدات، لەو دیمەنە سینۆگرافییەدا قەڵپ لێدانی سێوەکە – بەئەنقەست تەرکیزێکی زۆری کراوەتە سەر، بەشێوەیەك کە

بینەر خرمەی ئەو قەڵپ لێدانە بەڕووداوێکی گرنگ وەربگرێت و بزانێت کارەساتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، ڕاکێشانی پەردەیەکی تەنکی ڕەش کە جەستەی ئەکتەرەکان وەك تارماییەکی بەرجەستەکراو نیشان بدات، لە چەند سەردا ئامانجەکانی خۆی پێگەیاندووە، دەستپێکی شانۆگرییەکە بەو دیمەنە لەگەڵ دەستپێکی پەیدابوونی مرۆڤ و یەکەم هەنگاوی دەست پێکردنی ئازارەکانی یەکتر دەگرنەوە، بەڵام کۆتایی هاتنی دیمەنەکە و ڕووچوونی ئادەم و حەوا بەرەو ناخی زەوی، کە دۆزەخێکی ئەبەدی بوو، دەکرا کاریگەرییەکە زێتر لەوەندە لەسەر هزر و دەروونی بینەردا بەجێ بێڵێت، بەهەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەو گوناهە گەورەتر دەکەن لە بەرچاوی بینەردا، بەموئەسیراتی دەنگ، ڕەنگ، مۆسیقا، یا هەر هۆکارێکی دیکەی مرۆیی، بەتایبەت هاواری مرۆڤ و قیژەی بوونەوەرەکان کە دەکرا بایەخدان بەموئەسیرات ئەو ئامانجەی پێکابوایە.

دەرهێنەر کۆتایی ڕووداوەکەی بەتاریکییەك هێناوە تاریکییەك کە ئەو بنیادەمانە تا ئەبەد تێیدا بژین و خامۆشییەکیش بەدیمەنەکە ببەخشێ، بەڵام ڕیتمی شانۆگەرییەکە لەو لەحزەیەدا دەبوایە بگاتە ترۆپکی خۆی، بۆ ئەوەی دامرکاندنەوە و خامۆشییەکەش نرخ و بەهای خۆیان هەبێت.

ڕاستە کە هەڵکردنی ڕەشبایەکە، ڕامالینی پەردەکە بەسەریاندا چارەنووسەکەی دیاری کرد، بەڵام هێزی کاریگەربوونی ئەو ڕووخانە بەقەد گەورەیی ڕووداوەکە نەبوو.

## وەهمەکان

یەکێك لە دەسەڵاتە هەرە گەورەکانی دەرهێنەری دەست ڕۆیشتوو ئەوەیە کە تەنها دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان نیشانی بینەر نەدات بەقەد ئەوەندەی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت (تەشریح)ێکی کەسایەتییەکان بکات و ناخی ئەوان و هزر و بیری ئەوانمان بۆ بخاتە

سەر شانۆ، لە (چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات) دەرهێنەر سێ وەهمی سەرەکی بۆ چۆلەکەکە، یا پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی خۆی دروست کردووە، ئەو وەهمە لە شێوەدا لە یەك دەچن، لە بەژن، قەوارەی لەش، سەری ڕووتاوە، جەستەی نیوە پۆشراو و نیوە ڕووت، بەڵام لە ڕەنگدا هەریەکە و ڕەنگێك هەڵدەگرێت، کە بریتین لە ڕەنگی سوور و ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی شین، بەهێمای ئەوەی کە هەریکە و لەو ڕەنگانە غەریزەیەکن لە غەریزەکانی مرۆڤ، بەڵام هیچ یەکێك لەوان بێ پەروانین، بەڵکو هەر یەکێکمان بەپەتێك کۆتو پێوەند کراون، لە هەموو حاڵەتێکا ئەو کۆتو پێوەندانە لێیان جودا نابنەوە هەر لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە هەتا کۆتایی ئازادی لێ سەندنیان هەر تەنها بەو پەتە هەڵواسراوانە نییە کە تێیان دەئاڵێ، دەبێتە سێدارە و دەبێتە بەندیخانە، بەڵکو لەزەوت کردنی مافی دەربڕینیش دایە.

زۆر کەڕەت ئەو وەهمانە پێك دەگەن، زۆر کەڕەتیش لێك دەترازێن جاروبارێك دووچاری هیستریایەکی شێتانە دەبن، جاروبارێکیش دەناڵێنن، هەندێ جاریش دەگرین و دەترسن و دەکەونە بەر تیشکی سووری ڕەنگێکی پڕ لە نیگەرانی، ڕۆح هەڵدەگرن، زەمەن دەخەنە سەرشانی خۆیان لە ژێر بارگرانییەکی سەختی ڕۆژگاردا شل و شەکەت دەبن.

پێش ئەوەی چۆلەکەکە بێتە ناو ئەو گێژەنە پڕ لە مەرگەساتانە، وەهمەکان هەنە، بۆیە ئەو لە شێوەی لەش سووکی چۆلەکەیەك، بەناولینگانی یەکێ لە وەهمەکان دێتە ناو هێلانەکە و ئیدی ئاوێتەیان دەبێت و ساتە ماندوو پڕ لە خۆزگەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا دەباتە سەر.

ئەوەتا دەرهێنەر لەسەر شانی وەهمەکاندا دەسووڕێت و لەگەڵ خۆیدا ساتەکانی زەمەن بەڕێ دەکات، بەڵام تێپەڕبوونی ئەو زەمەنە پەتەکانیش

لێکتر دەئاڵێن، و لەو پەتانەش قەفەزێکی تەنگ بۆ چۆلەکەکە دروست دەکەن، یا کاتێ ڕۆحی چۆلەکەکە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و نزاکانی خۆی ئاراستەی ڕووناکی دەکات، دەرهێنەر لەگەڵ هەتاودا ڕووبەڕوویان دەکاتەوە:

ڕووناکییە پیرۆزەکە مەرحەبا، بمنێرە ساتەکانی پێش بزربوون، بمنێرە سەر باڵی هەتاو، ئاخ زەوی، چ مەحشەرێکە، کێ دەتوانێ خۆڵی پیرۆزی پێش شەڕ و شەونمێکی لە گوڵ ڕژاو بکاتە دیاری نەمامێ، چ مەحشەرێك بوو ئەو پرسە خەیاڵانەی دڵیان کردین بەئاوێتەی تاراوگەکانی ئارامی، ئەی ساردترین پۆشاکی نامۆبوونمان لە گەرمەتای ئەم ئێوارە گەرمانە دامان پۆشە، ئێمە تێکڕا لە مەلەوانی ڕەهێڵەکاندا ون و بەئاو نامۆین، چۆن دەتوانین دووبارە دەستی ئەمەك بناسین و گەش گەش بنووین.

لەم دیمەنەدا دەرهێنەر دەیەوێت بڵێت، کە نزای چۆلەکەکە لەسەر زەوی چ دادێکی نییە، بۆیە ڕوو لە ئاسمان دەکات خەمەکانی خۆی بۆ هەڵڕێژێت، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دیمەنەش تەکنیکێکی شانۆیی سەختی بەکار هێناوە کە بتوانێت بەئاسانی چۆلەکەکە لەسەر جۆلانەکەی خۆیەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشێ و بەئاسانیش دایبەزێنێ، بەڵام بەرجەستەکردنی ئەو دیمەنە بەهەموو ئەکتەرێك ناکرێت، بەتایبەتیش هەڵواسینی ئەکتەرەکە کە ئەگەر بوێری (ئۆسکار ئیسماعیل) و کێشی سووکی ئەو نەبوایە، ڕەنگە دەرهێنەر نەیدەتوانی ئەو ویستەی خۆی بگەیەنێ و چۆلەکەکە بەرەو ڕووی ڕووناکی و ئاسمان بکاتەوە، پێش ئەو گەشتەی هەڵکشانەش ئەگەر بینەر زەینی خۆی دابێتە چۆلەکەکە کە پەتەکانی بۆ ڕێك دەخەن بۆ هەڵکشان، لە چ حاڵەتێکی ترس و نیگەرانیدا دەبینرێت لەو دیمەنەدا دەرهێنەر خۆ ئامادەکردن بەرەو ئەو هەڵکشانە وەك ڕووداوێکی دراماتیکی گەورە نیشانی بینەر دەدات.

## چۆلەکە

دیارە کە چۆلەکە هێمایەکی بەرائەت و پاکی بێ گەردییە، دەرهێنەر پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی وەك چۆلەکەیەك نمایش دەکات، یان ڕۆحی پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی کە ئافرەتێکە بەچۆلەکەیەك دەشوبهێنێ کە لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات، بۆیە ڕەنگێکی سپی بێ گەردی بۆ پۆشیوە کە لە ڕەنگی فریشتەکان دەچێت، بەڵام دەرفەتی ئەوە نەهاتووە کە بینەر لەو گومانە رزگار بکات کە ئەو کەسایەتییە، ئافرەتێکی پڕ لە ئەشکەنجە و ئازارە، کە لە دەست ئازارەکانی خۆیەوە دەناڵێنێ، یا چۆلەکەکە؟

## ڕۆمانسییەتی چۆلەکە

دەرهێنەر نیگارکێشێکی دەست ڕەنگینە لە دروستکردنی تابلۆ شانۆیییەکاندا هەوڵی ئەوە دەدات لەگەڵ نیشاندانی ئەو تابلۆ درامییانە، کەشوهەوایەکی ڕۆمانسیانە بخولقێنێ، بەڵام بەو شێوەیەی کە پەیوەستبوونێکی توندوتۆڵی بەکرۆکی شانۆگەرییەکەوە هەبێت، لەبەر ئەوەش شانۆگەرییەکی مرۆیی سایکۆلۆژییە، بۆ ئەوە شیاوە کە کەشوهەوایەکی ڕۆمانسییانەی لێ دروست بکرێت و ئەو دیمەنە ڕۆمانسییانە بۆ خزمەتی گوتاری سەرەکی شانۆگەرییەکە تەوزیف بکات، لە چەند دیمەنێکدا بەتایبەتی لە دیمەنی گۆرانی پایز پایز، ئەی مانگ من و تۆ، هەرواش لە دیمەنی ئاهەنگی مەرگی چۆلەکە، هۆکارێکی بنەڕەتی بەرجەستەبوونی ئەو دیمەنە ڕۆمانسییانە و شوێن کردنەوەیان لە ناو جەستەی شانۆگەرییەکە مۆسیقا و تەراتیل و موەشەحاتە ماتەمینییەکان، کە وێنە درامییەکانیان ئاوێتەی ڕێتمە جەنائیزییەکان کردووە، بینەر هەم چاوتێر دەبێت لە هەڵوەرینی گەڵا پایزییەکان، هەم ڕۆحی لە ئاست مۆمی ناولەپی چۆلەکە و وەهمەکاندا دەتوێتەوە.

بۆیە مۆمەکان و گەڵا هەڵوەریوەکان و ئاوازە ماتەمینییەکەی پایز، هاوکێشەیەك دروست دەکەن کە پارچەیەکن لە ئافراندن، لە پاڵ ئەوانەشدا دیکۆرێکی ڕەش، کە کەشوهەوای مانگەشەوێك نیشان دەدەن، لە ئامێزی مانگ و کۆمەڵە ئەستێرەیەکدا کەشوهەوا ڕۆمانسییەکەیان هێندەی تر چڕ و تێرتر کردووە.

هەنسکی چۆلەکەکە لە ناو ئەو تەراتیلانەدا و لە ناخ ئەو بێ دەنگیە ماتەمینییە بەتاموچێژە بەشێوەیەك بەرجەستەکراوە، کە هەنسکەکان بەقەد ئۆرکسترایەك هێز بدەنە ئاوازەکان، هەنسکەکان لەو چەند چرکەیەدا گوزارشت لە گریانێکی بەردەوام دەکەن هەنسکێك کە پڕە لە بەرائەت و پڕە لە ستەم.

من پێم وایە پارچەیەکی هەرە زیندوو لە جەستەی شانۆگەرییەکەدا مۆسیقا و موەشەحاتەکانە، کە هونەرمەند (ئاری نادر) شوێن پەنجەی تێدا دیارە و بەیەك ئاست لەگەڵ دەرهێنان و نواندندا دەڕوات، لە هەندێ حاڵەتیشدا دەبێتە پارچەیەکی سەربەخۆ و بینەر وا هەست دەکات کە بەرامبەر ئۆرکسترایەك ڕوونیستووە، بەشێوەیەك کە کاراکتەرەکانی مێشکی وەکو باڵندە هەڵفڕن و هەموو زەهنی بکەوێتە سەر گەڵا وەریوەکانی پایز و مایسترۆ ڕۆمانسییەکەی (ئاری) ئەمەشیان هێزی موگناتیسی و درامی ئەو مۆسیقا و موەشەحاتانە بەدەر دەخەن لە ناو شانۆگەرییەکەدا، لە ڕووی هونەریشەوە ئەو دەست پێشخەرییەی (ئاری) و هێنانەپێشەوەی موەشەحات لە شانۆدا بەو شێوە درامی و ستاتیکییە کارێکی نوێیە، چونکە ئەوەی تا ئێستا لە زۆر شانۆگەری کوردیدا بەکاردێت، بەتایبەتیش لە زۆربەی ئەو شانۆگەرییانەی کە لەم دواییانەدا پێشکەش کراون، دەف و زکری دەروێشانەیە کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی لاسایی کردنەوە لەو شانۆگەرییانەدا، لەوانەش (قەڵای دمدمی، مەهدی حەسەن، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف–ی، ئەرسەلان دەروێش، سەردەمی بێ تاوانی–د، قوتبەدین، زۆر لەو دیمەنە دەروێشیانە نەیان توانیوە بەقەد پێویست لە

شانۆدا تەوزیف بکرێن، تەنیا د. قوتبەدین نەبێت لە سەردەمی بێ تاوانیدا، وێنەیەکی جوانی لەم بارەیەوە بەهۆی ئەکتەرێکی لێهاتووی وەکو (کوبرا مەلەکی) نیشاندابن.

هونەری (سدیق)یش لەوەدایە کە توانیویەتی ئەو موەشەحاتانە بەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ تێکهەڵکێشی شانۆگەرییەکە بکا، کە پەیوەستبوونێکی درامی بەهێزیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەبێت، هەر لەو کەشوهەوا ڕۆمانسیانەی کە دەرهێنەر ڕەخساندوویەتی و جوانکارییەکی بەشانۆگەرییەکە بەخشیوە، لە هەمان کاتیشدا لە بری قودسیەت و بەرائەتی چۆلەکەکەی زێدە کردووە، ئەو ئاهەنگە کەنائیسییانەیە کە دروستی کردوون و دیمەنی ئەو پۆشاکە سپییانەی کەنیسە و مۆمە هەڵگیرساوەکانی دەستیان.

## نواندن

ڕەنگە کارێکی سەخت بێت بۆ ئێمە بتوانین بەراوردی ئەکتەرێك لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا بکەین، چونکە ئەو کۆمەڵە ئەکتەرە جەستەیەکن لە چەند پارچەیەکی جیاجیادا، تەنیا ئەوەندە نەبێت (ئۆسکار ئیسماعیل) کە ڕۆڵی پاڵەوانییەتی بینیوە لە شانۆگەرییەکەدا (وەك ئافرەتێکی هونەرمەند) ڕەنگە بەپێوەرێکی تایبەتی و تێڕوانینێکی جودا لەوان حسابی بۆ بکرێت، وێڕای ئەوەی ئەو لەو شانۆگەرییەدا وزە و دەسەڵاتێکی زۆری خستەگەڕ، توانی ئەو دەرفەتە بەشێوەیەك هەڵقۆزێتەوە کە بەخششێکی نوێ بخاتە سەر کارەکانی پێشووی خۆی، لەوانەش (گۆرانییەك لە تاریکی–دا دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان).

یەکەم هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ ئۆسکار ئەوەیە کە لەشولارێکی سووك و بەژنێکی کەڵەگەتی هەیە، ئەو جەستە لێوەشاوە بۆ شانۆ دەکرێت ببێتە هەوێنی زۆر وێنەی جوانی نواندن و گوزارشتی شانۆیی.

دەرهێنەر سوودێکی زۆری لەو لەشولارە ئەکرۆباتیکی و پلاستیکییەی ئۆسکار وەرگرتووە و گەلێك بزووتنەوەی جوانی سەمای (بالێ)ی پێ ئەنجام دابوو، کە ڕەنگە ئەگەر ئەو لەشولارە لێهاتووەی ئۆسکار نەبوایە هەڵکشانی چۆلەکەکە بەرەو ئاسمان کارێکی سەخت دەبوو.


ئەکتەرەکانی دیکەش (هێمن کانەبی، مەزهەر ئیبراهیم، ڕەشوان ئەحمەد، محەمەد جەمیل، ئیریڤان ئەمیر، شەهرام نامیق، ئاری نادر) هەریەکە و سەنگی تایبەتی خۆیان هەبوو لە شانۆگەرییەکەدا.

## ڕەنگ

وەزیفەی ڕەنگ لە شانۆدا وەزیفەیەکی دراماتیکی و دەروونییە، بەتایبەت بۆ شانۆگەرییە سایکۆلۆژییەکان کە دیقەتێکی زۆر دەکرێتە سەر ڕەنگ و بەفاکتەرێکی گرنگی گوزارشت کردن دادەندرێت لە کاری شانۆییدا، بەتایبەت بۆ دەرهێنەرێکی وەك (سدیق حوسێن) کە وەك نیگارکێشێکی درامی، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات تابلۆ شانۆییەکانی خۆی بەڕەنگ و جەستە بەرجەستە بکات، لەو شانۆگەرییەدا دەرهێنەر ڕەنگی سپی بەچۆلەکەکە داوە کە ڕەنگی پاکی و بێ گەردی و بەرائەتە، هەر یەکێك لە وەهمەکانیش ڕەنگێکی تایبەتی پێ بەخشیون، بۆ ئەوەی هەر ڕەنگێك دەلالەت لە غەریزەیەکی مرۆیی بکەن، ئەوانیش ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی سوور و ڕەنگی شین—ن.

ڕەنگە دەرهێنەر بۆ هەریزەیەك (بەلای خۆیەوە) ڕەنگێکی دانابێت، وەك ئەوەی بڵێت بۆ سێکس ڕەنگی سوور، بەڵام کام لەو غەریزانە بەو ڕەنگانە دەناسرێنەوە؟ لە دیالۆژەکاندا وشەیەك نییە ئەوە بسەلمێنێ کە ڕەنگی ڕەش ئەقڵە، یان شین برسیەتییە، بۆیە بینەر لێکدانەوەی تایبەتی خۆی دەبێت و ئەو ڕەنگانە بەو غەریزانە لە مێشکی خۆیدا دەکێشێ کە ئەو بەنزیکی دەزانێت، نەك ئەوەی دەرهێنەر مەبەستییەتی.

ڕەنگی ڕەشیش بۆتە دیکۆر و باکگراوندی سەرەکی شانۆگەرییەکە کە دیارە ئەم ڕەنگە ڕەشەش لەگەڵ باری دەروونی پاڵەوانەکان و زەمەنی ڕووداوەکان یەکتر لە ئامێز دەگرن، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی هارمۆنی بۆ بەرجەستەبوونی مانگ و ئەستێرەکان بەتایبەت لە گۆرانی (ئەی مانگ)دا.



**ئەنجام**

لە دوا دیمەنی شانۆگەرییەکەدا کە تێیدا ڕیتمی شانۆگەرییەکە دەگاتە ترۆپکی هەڵچوون و وەهمەکان چۆلەکەکە لە ناو جۆلانەی زەمەن دەهەژێنن و پڕ بەدەنگی خۆیان هاوار دەکەن و پێدەکەنن، دەرهێنەر ، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە چیرۆکەکانی سەر ڕووی زەوی تاکەی بەردەوام دەبێت؟! وەهمەکانیش لە ناو کۆ دەنگدانەوەیەکی پڕ لە سەدادا دەڵێن.. هەتا هەتایە..

کەی کۆتایی پێ دێت؟!

هەتا هەتایە.. هەتا هەتایە..

ئیدی جۆلانەکە بەردەوام دەبێت و پێکەنینی وەهمەکانیش هەر درێژەیان هەیە، بەم دیمەنە دەرهێنەر قەستی ئەوە دەکات ئەوە بڵێت کە مادام بنیادەم لەسەر پشتی گۆی ئەم زەمینە هەناسە دەدات و بوونی هەیە، خەونەکانیش هەر بەردەوامی هەیە، هەتا لەو لەحزەیەشدا کە کۆتایی بەشانۆگەرییەکە دێت و بینەر هۆڵەکە بەجێ دێڵێ و ئەو ئێوارەیە و شەویش و ڕۆژانی دابێش ئەوەی لە مێشکیدا دەزرنگێتەوە کە چیرۆکەکانی سەر ڕووی زەوی.

هەتا هەتا هەر بەردەوامی هەیە...

هەتا هەتایە.. هەتا هەتایە..

# گەڕانەوە بۆ "ڕۆژە خۆشەکان بەسەر چوون"



لە (ڕۆژە خۆشەکان بەسەرچوون) سدیق حوسێن – بەشێوازێکی جیاواز لە (فرمێسکەکانی مۆم) و (چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات)/ خۆیمان پێشکەش دەکات، ئەمجارە پتر بەرەو ڕۆمانسییەت و فانتازیا و هێوربوونەوە دەکشێت، دوور لە گرژی ڕیتمی خێرا و تەمومژاوی، ئەگەرچی هەموو گۆڕانکارییەك ئەزموونێکی نوێیە بۆ هونەرمەند، بەڵام مەرجیش نییە هەموو گۆڕانکارییەك بەشێوەیەکی ڕەها پۆزەتیفانە هەڵکەوێتەوە، هەروەك نابێتە پێوەرێکیش بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی داهێنان. سدیق– لە چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات، دیمەنی گۆرانی پایز وەك دیمەنەێکی جیا لە نێو هەموو دیمەنەکانی دیکەدا، بوو بەمایەی سەرنج ڕاکێشانی بینەر، لە هەمان کاتیشدا بوو بەهەوێن بۆ (سدیق) کە بیر لە پرۆسەی شانۆگەرییەکی سەربەخۆی ئەوتۆ بکاتەوە، کە ئەو دنیا ڕۆمانسییە بەشێوەیەکی فرەوانتر بخاتە ڕوو، دیارە (سدیق) گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە کە ساتە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی برینە گەرمەکانی بینەر، پێویستیان بە دروستکردنی دنیایەکی پڕ لە جوانی و بەرائەت و ڕەسەن هەیە، بۆ ئەوەی بینەر بۆ چەند ساتێك چێژ لەو دنیا هێمن و ئەفسوناوییە وەربگرێت کە (سدیق) بۆ چەند ساتێك لەسەر شانۆ دروستی دەکات. لە ڕۆژە خۆشەکان بەسەرچوون ئافرەتێك کە شەمەندەفەری ژیانی تێپەڕ دەبێت و زەمەن بەرەو کەنارەکانی تەمەن ڕاپێچی دەکات، بەدیار ئەلبوومی یادگارییەکانییەوە بەدەم شەرابێکی تاڵی خۆ لە بیرچوونەوە، لاپەڕەکانی ئەلبوومەکەی هەڵدەداتەوە و بۆ ڕۆژانی بەسەرچووی تەمەنی نەوبەهاری خۆی دەگری، بەڵام دەسەڵاتێك نییە لە نێو گێژەنەی ئەو خەمە ڕەشانەدا پەلی بگرێت و دەربازی بکات، بۆیە لەگەڵ شەپۆلی هەناسەکانی دەگریت و دەڵێت: هێ باڵندەکان، وەرن بمبەن لەگەڵ خۆتان.. ناوە ناوەش ڕۆژە خۆشەکان، ئێوارە سیحراوییەکانی تەمەن، بەبیر دڵدارەکەی دێنێتەوە، ئەویش وەك چۆن ژنەکە بەشەراب قەستی ئەوە دەکات خۆی لە

چەنگ ئازاری یادگارییەکانی ڕزگار بکات، ئەویش ئاوا بە گیتارێکی هێمن، ئاوازێکی نامۆ بۆ ساتە تاڵەکانی لێبدا و خەمەکانی خۆی لەگەڵ لەرینەوەی تەلی گیتارەکە لە بیر دەکات.

فەلسەفەی شانۆگەرییەکە فەلسەفەیەکی سادەیە دەرهێنەر هێڵێکی ڕاستی گرتووەتە بەر و هیچ لق و پۆپێکی دیکەی لێ جودا نەکردووەتەوە، کە مەودای شانۆییەکە قووڵتر و چڕتر و هەمەرەنگتر بکاتەوە، بەڵکو کرۆکی فەلسەفەی شانۆییەکە پەیوەستە بەزەمەن و تێپەڕبوونی ساتەکانی تەمەن، پاشان بەراورد لە نێوان ڕۆژە ڕەها جیا جیاکانی ئەو تەمەنە و تامووچێژی هەر زەمەنێك. دەرهێنەر سنووری بۆ هەردوو زەمەن کێشاوە، لە یەکەمیاندا سەراپای شانۆ بەڕەنگێکی ڕەش دادەپۆشێ، جلوبەرگی کاراکتەرەکانی بەڕەنگی ڕەش و سپی نیشان دەدات، ڕووناکییەکی کز و تاریك، تێکەڵ بەچەند تیشکێکی شین و سوور و تاریك دەکات، لە دووهەمیاندا شانۆ ڕووناکە، کاراکتەرەکانی جلی سپی سادە دەپۆشن و تیشکی ڕەنگاوڕەنگ دەپرژێتە سەر شانۆ، وەك بەراوردێك لە نێوان شێوەی هەردوو زەمەندا، بەڵام ئەوەی دەسەڵاتی دەرهێنەر دەردەخات ئەوەیە کە هەردوو زەمەن لە یەك ساتدا نیشان دەدات و هەر زەمەنێکیش بەخەسڵەت و سیما تایبەتییەکانی خۆیەوە دەردەخات، دەرهێنەر لە ڕووی فەلسەفییەوە کاراکتەرەکانی خۆی دەستە پاچە و بێ ئومێد نەکردووە، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت بەردەوامی بەژیان بدەن، خۆ نەدەنە دەست نامۆبوون و دەردی ناکامی، ئەوان دەیانەوێ گۆرانییەکی نوێ بۆ ژیان بڵێن، ئاوازێکی نوێی بۆ دابنێن، کە لەسەر بناغەی ڕۆژە خۆشە بەسەرچووەکاندا بونیات نرابێ، ئەوەتا لە سواری پایسکیلێکی گەڕۆکدا بەهێمنی، ئەو مۆسیقا و ئەوی دیکە گۆرانی، بەدەوری شانۆکەدا بەشێوەیەکی بازنەیی دەسووڕێنەوە، وردە وردەش لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن پانتایی و ڕووبەری بازنەکە بچووکتر و بچووکتر دەبێتەوە، وەك هێمایەك بۆ کورت کردنەوەی ڕێگاکانی تەمەن و

گەیشتن بەچەقی نێوەندی بازنەکە و چەقی کۆتایی هاتن، لەگەڵ بچووک بوونەوەی بازنەکەش ڕووناکی تا دێ کز دەبێت، تا لەگەڵ گەیشتن بەچەقەکە، بەیەکجارەکی ون دەبێت و نامێنێت.

### تێکست

ئەگەرچی دەرهێنەر هەوێنی شانۆگەرییەکەی لە تێکستی (ئێوارەیەك)ی (هارولد پنتەر) وەرگرتووە، بەڵام ئەو کاری نواندنی شانۆیی خۆی ئەوەندە لەسەر تێکست بونیات نانێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرجار سکێچی تێکست لەسەر ئەو تابلۆ فانتازیانەدا دەنەخشێنێ کە ئەو خوازیاریەتی بەنواندن گوزارشتیان لێ بکات، بۆیە لە هەندێ حاڵەتدا بوون و نەبوونی تێکست لە شانۆگەرییەکانی (سدیق) وەك یەکە... دەرهێنەر نایەوێت بۆ دەربڕین پەنا بۆ وشە ببات هەتا وێنە هەبێت بۆ تێگەیشتن و چێژ وەرگرتن، بەڵکو لە دایەلۆژ نزیکتر جەستەی ئەکتەر و ئەدا و ڕەخساندنی کەشوهەوای شانۆیی و ئەو ڕەگەزە هونەریانەن کە تەنها موخاتەبەی مێشك ناکەن، بەڵکو کار لە ئیحساس و چاوی بینەر دەکەن، بەتایبەتیش ڕەگەزەکانی وەك ڕەنگ، تیشك، جەستەی ئەکتەر، سەما، کە دەرهێنەر قەستی ئەوەیان لێ دەکات بەو هەموو فاکتەرانە لە هەستی بینەر بدات، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت، هەر ڕەگەزێك لەو ڕەگەزە گرینگانە کاریگەریی خۆیان هەیە بەسەر دەروونی بینەر، بۆیە بەلای منەوە: سدیق حوسێن ساحیرێکی شانۆییە، ئەو لەو گەمە شانۆییەی کە لەگەڵ بینەریدا دەکات، دوو هونەری کاریگەر بەکار دەهێنێ، کە ڕەنگە بینەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەستیان پێ نەکات، بەڵام ئەوە دەزانێت کە سیحرێکی لەگەڵدا دەکرێت، بەبێ ئەوەی ئەوەندە لە سەرچاوەی ئەو سیحرە و هەڵنیشتنی ئەو سیحرە لەسەر چاو و دەروون و ڕۆحی شتێ تێ بگات، یەکەمیان: موخاتەبە کردن و هەڵخەڵەتاندنی چاوی بینەر بەوێنەی دراماتیکی و تابلۆی جەستەیی و کەشوهەوای ڕۆمانسی.

دووهــەمــیــان: مــوخــاتــەبــە کــردن و هــەڵــپــەساردنــی ڕۆح بــە فــەزای شانۆگەرییەکە، لە ڕێگەی ڕەنگ، مۆسیقا، تیشك، سەما، گۆرانی...

بــەو دوو کــەرەستــە سیــحــراوییــە شانــۆییــیە دەرهــێنــەر بینــەر نــغــرۆی ژێر کــاریــگــەریــیــەکــە دەکــات لــە ڕێــگــەی شێوەیــەك کــە چــاوە بــرسییــەکــانــی لــە دیمەنەکان نەترووکێنێ و هەناسەشی لە ئاست هەندێکیاندا حەپس بکات...

## سەما و گۆرانی

لــە چــۆڵــەکــەیــەك لــە تــاو ئــازارەکــانــی سەمــا دەکــات و لــەم شانــۆگــەریــیــەشدا دەرهێنەر چەند تابلۆیەك لە مۆسیقا و گۆرانی ڕۆمانسییانە دەخاتە نێو ڕووداوی شانۆگەرییەکانی، ئەو گۆرانییانەش لەسەر زاری ئەکتەرەکانەوە دەگوترێت، بۆیە ئەکتەرەکانی (ڕۆژە خۆشەکان بەسەرچوون) بێجگە لە نواندن وەزیفەیەکی دیکە دەردەخەن، کە ئەویش ئەدا کردنی ئەو گۆرانی و سەمایانەیە کە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەرجەستەی دەکەن، بۆ نموونە لــە سەمــای (ڕۆژە خــۆشەکــان)دا بــزووتــنــەوەی ئــەکــتــەر و جــلــوبــەرگ و بــەفرەبــارانــی فــەزای شانــۆگــەرییــەکــە و ڕوونــاکــی شانــۆ، تیشکدانــەوەیــەکــی سیــحــراوییــان بــەسەر لاچــاوی بینــەرەوە هــەیــە، بــەو گــۆرانییــە هــارمــۆنــییــە بەسۆزەی ژن و پیاوەکە، گەڕان بەسواری عارەبانەیەك بەدەوری شانۆدا و هــەنسکە گریانی ژنەکە و دەنگە شاراوەکانی پشت شانۆ، ڕۆح دەخەنە نێو جۆلانەیەکی ئارام، بەم دوو کارتێکردنە دەرهێنەر دەسەڵاتی سیحراوی خۆی بەسەر چاو و دەروونی بینەردا بەجێ دێڵێ و تێری دەکات لە جوانیی، لــە ڕۆژە خــۆشەکــانــدا دەرهــێنــەر تــوانــیــویــەتــی بــەچــەنــد دیــمــەنــێك ئــەو چێژە بەبینەر ببەخشێ، بەڵام نەفەسی لێککشانەوە هەمەڕەنگ بوونی ڕووداو و دیــمــەنــەکــانــی کــورتــن... بــۆیــە دووچــاری جــۆرە دووبــارە بــوونــەوەیــەکــی دیمەنەکان هاتووە، بۆیە هەموو دەرهێنەر لە گێڕانەوەی یادگارییەکاندا هەمەڕەنگییەك لە کەسایەتییەکان و ڕووداوەکاندا دروست بکات، یان چەند ڕووداوێکی تر تێکهەڵکێشی ئەو دیمەنانە بکات، بۆ ئەوەی بینەر دووچاری

جۆرێك لە سەرسوڕمان و ورووژاندن بكات لە دەسەڵاتی ئەكتەرەكانیدا، لە هەمان كاتیشدا خۆی لە دووبارە بوونەوەی سووڕانەوەی هەردوو ئەكتەر بەدەوری شانۆ و دووبارە چڕینەوەی گۆرانییەكان بپارێزێ.

### سەمای شانۆ

بێجگە لە ڕەخساندنی كەشوهەوا سیحراوییەكەی نمایشەكە لە هەمان كاتدا شانۆگەرییەكە جۆرە نوێبوونەوەیەك بەخۆیەوە دەبینێت، چونكە سەما لە شانۆی كوردیدا ئەگەر بە كەمیش بەكار هاتبێت، بەڵام سیمایەكی نوێیە لە شانۆی كوردیدا، خۆ لێنەدانیش لە سەما لە ڕابردوودا گەلێك هۆكاری هونەریی و كۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی لە پاڵدایە:

**یەكەمیان**: ڕەنگە واقیعی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئێمە لە ئاستێكدا بووبێت، كە نەك هەر بۆ ڕەخساندنی سەما لە شانۆدا زەمینەی خۆش نەكردووە، بگرەبوونی ئافرەت، قەیرانێكی گەورەی شانۆی كوردی بووە، هەتا ئەو ساڵانەی دوایی، وێرای ئەمەش هونەری سەما لە كوردستاندا بوونی نەبووە، ئەوانەش كە لەم بوارەدا شارەزاییەكیان هەبووبێت، بێجگە لە (ڕووبار ئەحمەد) كەسی دیكە نەبووە ئەو هونەرە بەپێزە لە تۆیی شانۆیی كوردیدا بتاوێنێتەوە، بۆیە سەما – ئەگەرچی هونەرێكی كۆنە لە شانۆی گەلاندا و بۆتە كەلەپوور – كەچی تازە لەلای ئێمە سەرهەڵدەدا.

**دووهەمیان**: ئەگەر هونەرمەندانی كورد دركیشیان بەزەروورەتی هونەری سەما كردبێ، ئەوە ئەو دەرهێنەرانە دەست نەكەوتوون كە شارەزاییەكی ئەوتۆیان لە سەمای شانۆدا هەبووبێ و بۆ ڕاهێنانی ئەكتەر، یان ئەو ئەكتەرانە بەدەگمەن بوونە كە سەما لە شانۆدا بەرجەستە بكەن، لەبەر دوو هۆ: یەكەمیان: ئەو لەشولارە تایبەتییەی هەڵدەبژێردرێت بۆ سەما دەبێ لەو لەشولارە جەستە جمناستیكییانە بن كە دەسەڵاتی هەموو بزووتنەوەیەكیان هەبێ لەسەر شانۆدا، لە هەمان كاتیشدا

لەشولارێکی ڕێکوپێك بێت کە لەگەڵ خەسڵەتی سەماکاردا هاوکووف بێت. دووهەمیان: ئەوانەی سەما ئەنجام دەدەن بەتایبەت ئافرەت، دەبێت ئەو بوێرییەیان تێدا بێت کە سەمایەك ئەنجام بدەن، ڕەنگە لە بەرچاوی بەشێك لە بینەرانی ئێمەدا سەماکارێکی نامۆ و نا ئاسایی بێت، بەڵام ئەو سەمایە لای سدیق حوسێن تەوەری سەرەکی شانۆییەکەیە، هەموو لق و پۆپەکانی دیکەی ڕووداوەکان دەڕژێنە نێو ئەو سەرچاوەوە.

## ئەکتەرەکان

سدیق حوسێن لابورێکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی ئەو شێوە ئەکتەرەی ئەو خوازیاریەتی لە بەرجەستەکردنی تێڕوانین و خەیاڵە درامی و شاعیرییەکانی خۆی لەسەر شانۆدا، چونکە هەموو ئەکتەرێك دەسەڵاتی ئەوەی نییە لە شانۆگەرییەکانی سدیق–دا دەور ببینێ، ئەگەرچی سدیق – چ وەك دەرهێنەر چ وەك ئەکتەر، هەموو کارە شانۆییەکانی کاری گرووپێکن، کە هەر یەکەیان خۆی لە خۆیدا سدیق–ێکن.

گروپی سات – گرووپێکن کە خوێنیان یەکە و هەموو وەك سدیق دەروێشانە و سۆفییانە هەڵسوکەوت لەگەڵ شانۆدا دەکەن، ڕەنگە ئەو سۆفیگەرییەش بێت بۆ شانۆ کە وای کردبێت، کارە شانۆییەکانیان لە سنوورە مەئلوفییەتەکەی خۆیەوە دەرچێ یان ئەو ڕۆحە دەروێشانەی شانۆ بێت وای کردبێت کە بەرگەی ئەو تەوژمانە بگرن، کە هەندێ جار بەئاراستەیەکی پێچەوانەی ئەو گروپە هەڵدەکەن و قەستی وەستانیان دەکەن.

**سدیق**– لە ڕۆژە خۆشەکان بەسەرچوون – پشت بەدوو ئەکتەری سەرەکی دەبەستێت (ئاواز و هێمن)

**ئاواز**– لە ماوەیەکی کورتدا لەو دوو شانۆگەرییەی کە لە دوای یەکدا پێشکەشی کردن (دەست بەسەردا گرتن)ی ئەرسەلان دەروێش و (ڕۆژە

خـۆشـەكـان بـەسـەرچـوون)ی سدیـق، دوو هـەنگـاوی گـەورەی هـاوێشت و دەسەڵاتێكی داهێنەرانەی چڕوپڕی ئاشكرا كرد، كە ڕەنگە بۆ ئاواز و بۆ بینەرانیش كارێكی چاوەڕوان نەكراو بووبێت، نهێنی ئەو تایبەتمەندییەی (ئاواز) لەم چەند خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- لەشولارێكی نەرم و لاستیكی هەیە بۆ بەرجەستەبوونی ئەو بزووتنەوە درامییانەی كە دەرهێنەر خوازیاریەتی.

٢- هێزی ئەدا و دەربڕینی زۆرە بۆ بەرجەستەبوونی حاڵەتە درامییەكان، بڕوای بەخۆی هەیە و لەسەر شانۆ هیچ ترسێكی نییە.

٣- دەنگێكی شانۆیی و ڕیتمێكی جوانی هەیە بۆ دركاندنی دیالۆژەكان.

٤- بۆ نموونە لە چەند دیمەنێكی گریاندا هەنسكەكانی بەو ڕیتمە مۆسیقاییە و هارمۆنیای پێكەنینە پڕ لە گوزارشتەكانی، تەواوكەری جەستەی ڕێكوپێك و درامییانەی ئەو بوون.



ئاواز لە ڕۆژە خۆشەکاندا بەئەکتەرەکانی چیخۆڤ دەچوو، کە بتوانێت وزە شاراوەکانی ناخی لە دەنگ و بزووتنەوە و ڕیتمدا دەربخا، بۆیە ئاواز هەر تەنها پشت بەجەستە نابەستێت، بەڵکو هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆیی تێدا کۆدەبێتەوە، کۆبوونەوەی هەموو ئەو خەسڵەتە دراماییانەش لە ناو کەسایەتی ئاوازدا وای لێ کردووە کە دەرهێنەرەکان هەوڵی قۆزتنەوەی توانا و دەسەڵاتی ئەو بدەن، بۆ بەرجەستەبوونی خواستە دراماییەکانیان و پتەو ڕاگرتنی ئاستی شانۆگەرییەکانیان.

ڕەنگە ئاواز–یش پێویستی بەو دەرهێنەرانە هەبێت کە لە نهێنییە هونەرییەکانی ئەو و کەسایەتی ئەو بگەن، بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانی وەربگرن، بۆیە لە هەردوو شانۆگەریدا ئاواز پڕ بەپێستی کەسایەتی خۆی بووە، ئەمەشیان هەموو سات هۆکارێکی دیکەی بۆ جێهێشتنی کاریگەری نواندنی ئاواز لەسەر شانۆ بەتایبەتی و سەرکەوتنی شانۆگەرییەکان بەگشتی. دەرهێنەر لەم کارەدا پەردەی لە ڕووی دوو نهێنی دیکە لە دەسەڵاتی ئاوازدا داماڵیوە، یەکەمیان: توانای سەما کردنی ئاواز بەو شێوەیەی کە بینەر ئەو ئەکتەرە وەك سەماکارێکی خاوەن ئەزموونی سەما بناسێ، دووەمیان: پەردە لادان لە ڕووی دەنگی بەسۆزی ئاواز، گرنگی ئەکتەریش لە هەر کارێکی شانۆییدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی دروستبوونی ئەکتەر و دەرخستنی نهێنی و وزە شاراوەکانی ئەکتەری هەبێت.

**هێمن کانەبی** – لە زۆربەی شانۆگەرییەکانی سدیق ئەکتەرێکی دیارە، بەتایبەت لە چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکات، لەم شانۆگەرییەشدا لەگەڵ ئاوازدا کەوتوونەتە نێوەندی دوو پارسەنگی هونەریی و بەو ئاراستەیەدا نواندن دەکات کە بتوانێت هاوسەنگی نواندن لەگەڵ ئاوازدا ڕابگرێت، بەڵام ئاخۆ هێمن تا چەند خۆی بەرامبەر بەو هەموو دەسەڵاتەی ئاواز ڕاگرت؟ ئەمە پرسیارێکە ڕەنگە بینەر خۆی وەڵامی بداتەوە.

**هێمن** – ئەدای شانۆیی بەهێزە، بەڵام لە دەنگ و ڕیتمی دەنگ ئەمجارە نەیتوانیبوو لە چوارچێوەی کەشوهەوای سیحراوی شانۆگەرییەکە بەرجەستەی دیمەنەکان بکات، بۆیە بینەر درکی بەجۆرە ناوازەییەك دەکرد، لە ڕیتمی دەنگی و درکاندنی دایەلۆژەکان بەشێوەیەك بینەر هەستی بەوە نەدەکرد کە ئەو دایەلۆژانە لە ناخیدا هەڵدەقوڵێن یان ئەدایەکیان هەیە... ئەم ناوازەییە هەوڵی دەرهێنەر لە بار دەچوێنێ، بۆ بەرجەستەبوونی کەشوهەوا درامییەکە، کار لێکردنێکی نەگەتیفانەش دەکاتە سەر هەستی بینەر و ڕاکێشانی سۆزی بینەر بۆ خۆ بەستنەوە بەکەسایەتییەکان و نزیك بوونەوە لە ئەکتەرەکان.

## ڕووناکی و ڕەنگ

یەکێك لە کەرەستە هەرە زیندووەکانی (سدیق) لە کارە شانۆییەکانی ڕووناکی و ڕەنگە، کە بۆ جوانکردنی تابلۆ دراميیەکان و بەرجەستەبوونی حاڵەتی سایکۆلۆژی کاراکتەرەکان و زەمەنی شانۆگەرییەکە پەنایان بۆ دەباتو لە ڕۆژە خۆشەکاندا (سدیق) پتر پەنای بۆ دوو ڕەنگی سەرەکی بردووە، بریتین لە ڕەنگی (ڕەش و ڕەنگی سپی) ئەو دوو ڕەنگە بەسەر دیکۆر و جلوبەرگی سەراپای فەزای شانۆگەرییەکەدا زاڵە، ئەو ڕەنگی سپی بۆ زەمەنی ڕۆژە خۆشەکان داناوە، کە زەمەنێکی پاك و بێگەردە و گەش و پڕ لە بەرائەت و جوانییە، لە ڕەنگی بەفر دەچێت کە خۆشی و ئاسوودەیی بەخۆیەوە هەڵدەگرێت و پڕە لە گەشبینی و لەدایکبوونەوەیەکی بەردەوام، ڕەنگی ڕەشیش – ڕەنگی زەمەنی ڕابردووە کە زەمەنێکی نێژراو و مردووە و لە مەرگ دەچێت، فەلسەفەی سدیق – لەو ڕەنگانەدا دەرخستنی ململانێیەکی ئەزەلی مرۆڤە لەگەڵ ژیاندا، لە ناو ئەو ڕەنگە ڕەشانەدا ڕەنگە سپییەکان سەر هەڵدەدەنەوە، قەت ئەو دەرفەتە بۆ پاڵەوانەکانی خۆی نارەخسێنێ کە خۆیان بدەنە دەست ڕەنگە ڕەشەکان، بەڵکو هەمیشە لە ناو

ئەو ڕەنگە ڕەشاندا بەدوای ژیانێکی نوێدا دەگەڕێن، ڕەنگ و ڕووناکی لەم بەرهەمەشدا هێمایەکن بۆ گوزارشت کردن لە پایسکیلەکان، بەتایبەت زەمەنە گەشبین و زەمەنە ڕەشبینەکان، ڕووناکیش وەك تایەی پاسکیلەکە تێپەڕبوونی زەمەن و چەقانی زەمەن دیاری دەکات، بۆیە بەڕەنگ و ڕووناکی و مۆسیقا دەتوانین پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی و زەمەنی ئەوتۆ دروست بکەن کە بینەر بتوانێ لەو پێکهاتانەدا ساتەکان بخوێنێتەوە و بەناخ کاراکتەرەکانیشدا ڕووبچێت، ڕەنگە بینەر درکی بەوە کردبێت کە لەگەڵ سووڕانەوەی هەردوو کاراکتەر لە سواری پایسکیلەکە و گەڕان بەدەوری بازنە شانۆییەکە، چۆن ڕووناکی تا دێت کز و کزتر دەبێت، تا بەتەواوی تاریکی سەر شانۆ دادەپۆشێ و لەگەڵ گەیشتنی کاراکتەرەکان بەچەقی کۆتایی شانۆکە، ڕووناکیش کۆتایی دێت.

**دەرئەنجام:**

سدیق – لەم شانۆگەرییەدا هەوڵی ئەوەی داوە شێوازێکی جیاواز لە شێوازەکانی ڕابردووی خۆیمان پێشکەش بکات، تامۆچێژێکی تایبەتمان پێ ببەخشێ لە سەما و گۆرانی و قووڵبوونەوە بەناخ و هەڵکشان بەرەو دنیای ڕۆمانسیەت، بەڵام لە فەلسەفە و دەسەڵاتی هونەریی و ئاستی داهێنانـدا بینەر نەگەیشتە ئەو ترۆپکە چێژەی لە (فرمێسکی مۆم) و (چۆلەکەیەك)دا پێی گەیشت، ئەو لە بازنەی فانتازیایەکدا دەخولایەوە کە دەکرا قووڵتر و جوانتر و هەمەڕەنگتر بێت، ئەو کاتە ئێمەش چەند جارێك بەباگراوندە لە یەکچووەکاندا شۆڕ نەدەبووینەوە...

# ياخيبوون لە گۆرانييەك لە باوەشی تاریكیدا



بۆنە: فیستیڤاڵی ڕۆژی شانۆی جیهانی ١٩٩٨.

تیپ: دەستەی هونەرمەندانی هەولێر.

شانۆگەری: گۆرانییەك لە باوەشی تاریكیدا.

نووسین: یوسف سائیغ.

ئامادەكردن و دەرهێنانی: سەباح عەبدولڕەحمان.

ئەكتەرە بەشداربووەكان: ئیسماعیل قادر، ئۆسكار ئیسماعیل، عەلی ئەحمەد، ئالان سەعید، بڵند خالید.

كارە هونەرییەكان: دژوار سەردار،

بەڕێوەبەری شانۆ: لوقمان جەوهەر

مۆسیقا: پشتیوان قادر.

جێبەجێ كردنی دیكۆر: بەرهەم دلێر، محەمەد جەمیل، سامان عومەر، سروود وەحید – دەنگ – دیكۆر – ڕووناكی.

دەستەی بەرهەم: سەلاح حەسەن، ژیلوان تاهیر، سەلام كۆیی.

ڕۆژی پێشكەشكردن: ٢٨–١٩٩٨/٣/٢٩ هۆڵی گەل

كاتێ سەباح عەبدولڕەحمان دەقی گۆرانییەك لە باوەشی تاریكیدا یوسف سائیغی هەڵبژارد بۆ پیشكەش كردن، بەسەرەتایەك دەستی پێ كرد كە ئەوەندە نیگەران نەبێت لە ئەنجامی ئەو ئەزموونە نوێیەی خۆیدا، چونكە یەكم هەنگاو بەرەو سەركەوتن لە كاری شانۆییدا، هەڵبژاردنی دەقێكی زیندووە، ئەو دەقەی یوسف سائیغیش لەو دەقە میلۆدرامییە بەهێزانەیە كە یاریدەیەكی چاكی دەرهێنەر دەدەن بۆ ڕەخساندنی تیرِوانینێكی تێروتەسەل و بوارێكی بەرفرەوان دەڕەخسێنن بۆ دەست ڕۆیشتنی هونەری دەرهێنەر و خولقاندنی داهێنان.

دەقەكە گرنگییەكی تایبەتی هەیە، چ لە ڕووی چمكە مرۆییەكەوە چ لە

ڕووی هونەرییەوە، دەقێکی سایکۆلۆژی دەروونییە، و بۆ دەرهێنەر ئاسان نییە بتوانێت هەڵچوونێکی ناوەوەی مرۆڤ بخاتە سەر شانۆ، چونکە گرنگ لە کاری نمایشی شانۆییدا ئەو هەستە نییە کە ئەکتەر لەسەر شانۆدا لە ناخیدا دەخولێتەوە، گرنگتر لەوە ئەوەیە کە بینەر ئەو ئەشکەنجە و ئازارە دەروونییانە بەچاوی خۆی ببینێ و ببینێ کە چۆن دەرهێنەر بەبزووتنەوە، بەگوزارشت، بەهەموو ئەندامەکانی لەشی ئەکتەر ئەو حاڵەتە دەروونیانە دەخاتە ڕوو.

ئەوەی بەگوێرەی دەرهێنەرەوە خاڵێکی گرنگە و ئەزموونێکی سەختە ئەوەیە کە بتوانێت لە کەشوهەوایەکی تراژیدییانەدا، لە ناو جەرگەی هەست کردن بەکۆتایی هاتن و مردن، لە کەشوهەوایەك کە بۆنی مەرگ و بۆگەنی بوون و سووتانی لێدێ، بتوانێت لە ناو جەرگەی ئەو کەشوهەوا خنکێنەوە، چرۆ بەهیوایەکی تازەوە دەربکا، بتوانیت مۆمێك لەو سەراپا تاریکییەدا داگیرسێنی، ڕۆحێکی نوێ لە لاشەیەکی مردوودا بچێنێ، وەك پاڵەوانی شانۆگەرییەکە دەڵێ: هەموو شتەکانی ئەم گۆڕستانە مردوون تەنها ئەم مۆمە نەبێت.

یاخیبوون لە مردن کرۆکی ئەو ململانێ توندەیە کە سەراپای شانۆگەرییەکەی گرتووەتەوە، ململانێ لەگەڵ مەرگەساتی خۆ بەدەستەوەدان و چۆك دادان و ملکەچ کردن بۆ مردنێکی نەخوازیار، مردنێکی بێ مانا کە هیچ پنتێك لەسەر زەمینەی ئەو ژیانەدا دیاری ناکات، مرۆڤێکی بەسەردا سەپێندراو: (ئەو مردنە هیچ پاساوێکی بۆ نییە و لە پێناوی هیچ کێشەیەکدا نییە).

(**ڕازیبوون بەمردن داوایەکی قورسە، ئێوە دەتانەوێ من بۆ لاشەیەکی مردوو بمرم**).

یاخیبوون تاقە هۆکارێکە بەرەو ئەو دەروازەیەی کە لەو مردنە وەیشوومە حەتمیە بنیادەم رزگار دەکات، بۆیە پاڵەوانی شانۆگەرییەکە

کاغەزەکان فڕێ دەدا و هاوار دەکات: مۆری ناکەم، مۆری ناکەم.

ڕەنگە شیکردنەوەی دەقی شانۆگەرییەکە زۆر هەڵبگرێت، بەڵام ئەوەی لە هەموو ئامانجەکان دیارتر و لەبەر چاوترە ئەوەیە، کە بنیادەم کائینێکی پیرۆزە.

ناشێ خۆ بداتە دەست مەرگەساتەکانی ژیان و بەسانایی دەست لە خواستەکانی خۆی هەڵبگرێت.

بنیادەم دەتوانێت بژی و دەتوانێت ئاسوودە بێ و ئەبەدیەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات، ئەگەر بڕیار بدات.

دەرهێنەر سنوور و جوغزێکی دیاری کراوی بۆ شانۆ نەکێشاوە، بەڵکو بەشێوەیەکی کراوە لە پانی و بەرینی شانۆی ڕاکێشاوە، تا ئەو شوێنەی کە خەیاڵت بۆی دەچێت، هەموو هۆڵ و دەوروبەری کردووەتە تەختەی شانۆ، هەموو ئاسمانیشی کردووەتە فەزای شانۆیی، هەموو هۆڵەکە پڕن لە کاراکتەر، پڕن لە ئەکتەر، ئەوەندە هەیە ئەکتەرەکانی سەر شانۆ دەبزوێن، دەناڵێنن، سەما دەکەن، بۆ مەرگی خۆیان دەگرین، بەڵام ئەکتەرە بینەرەکان تەماشا دەکەن، دەوروژێن، پرسیار لە مێشکیاندا دەخولێتەوە، هەر خۆشیان وەڵامی پرسیارەکانی خۆیان دەدەنەوە، بەڵام لە ناخی خۆیاندا، بۆیە پاڵەوانی شانۆگەرییەکە پێیان دەڵێت: بۆ بێ دەنگن؟!

ئەوەتا کاراکتەرەکانی سەر شانۆ لێت نزیك دەبنەوە، قسەت لەگەڵدا دەکەن، پرسیارت لێ دەکەن، پاشان بەناو ئێمەدا تێدەپەڕن و بەسەرماندا هاوار دەکەن، هەڵسن، هەڵسن، هەڵسن، لەگەڵ خۆیاندا ڕاپێچمان دەکەن، بەرەو دنیای ڕووناکی، بەرەو ڕزگاربوون لە میحنەت و مەرگەسات و نیگەرانی، ئەوان دەبنە پێشەنگ و ئێمەش بەدوای ئەواندا ڕادەپەڕین، ئەو شوێنەوارە پڕ لە مەرگەساتە بەجێ دێڵین، ئازاد دەبین.

بینەر بەرامبەر بەشانۆگەرییەکە ئەگەر لە شوێنی خۆی وردبێتەوە، دەزانێ کە کەوتووەتە ناوجەرگەی کارەساتەکانی ناو شانۆگەرییەکە و ئەمدیوی دەرگا ئاسنینەکە و لە دەرەوەی ڕووداوەکانە.

ئەگەر تەماشای سەر سەری خۆشی بکات خێتی تەنەکانی سەر سەری، تەنە وردیلەکان دەبینێ، ئەوسا دەزانێت کەوتووەتە ناو تۆڕەکە، نەك هەر بەو نیشانانە، ڕاستەوخۆتر ئەوەیە کە ئەکتەرەکان پەلی بینەر دەگرن و ڕایدەکێشن بۆ هەڵسان و چوونە دەرەوە، ئەو کاتە نواندنێکی سروشتی دەکات و ناچاری ئەوە دەبێت هەڵسێت و ڕەدووی ئەوان بکەوێت.

ڕەنگ لە دیکۆردا بۆ کاری شانۆیی تەواوکەری ڕەنگەکانی دیکەی شانۆیە، ڕەنگ ڕەنگ لە شانۆگەرییەکی وا پڕ لە هەڵچوون و نیگەرانی و ڕاڕایی، گەلێك گوزارشت ببەخشنە سیمای شانۆگەرییەکە و دەروونی بینەریش ڕەنگی گشتی لە شانۆگەرییەکەدا سوورە کە گوزارشت لە زەمەنێکی خوێناوی پڕ لە دوودڵی دەکات و ڕەنگی کوشتن و بڕین و خوێنە. ڕەنگی ڕەش کە دیارە ڕەنگی ئەو مەرگەسات و مردنەیە کە کارکتەرەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، ڕەنگی سپی ڕەنگی کفن و ئەو چارەنووسەی لە گەردنی بنیادەمەکانی ناو شانۆگەرییەکە ئالآوە.

دەرهێنەر بەو ڕەنگانە حاڵەتە دەروونییەکانی بۆیە کردووە و گوزارشتی لە ڕواڵەتەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕووداوەکان و ناخی کاراکتەرەکان کردووە.

دەرهێنەر بایەخێکی تایبەتی بەمۆم داوە، لەسەر لاشەی هەر مردوویەك مۆمێك دادەگیرسێنی، لە نێو ئەو ڕەنگە ڕەش و تاریکەی کە کەشوهەوای شانۆگەرییەکەی داگیر کردووە، ڕۆحێکی تازە دەخاتەوە بەرجەستەی لاشە بێ گیانەکان، ئەو مۆمانە زەمەنە ژاکاوەکان لەگەڵ زەمەنە پڕ لە ئومێدەکان لێکدی جودا دەکاتەوە، پاشان سووتانی ڕۆحی کاراکتەرەکان

و ئـەو ڕووناكـيـيـەی كـە ئـەوان بـەتـاسـەوە حـەسرەتـی بـوون. مـن زۆربـەی شانـۆگـەریـیـەكـانـی هـونـەرمـەنـد سەبـاح عـەبـدولـڕەحـمـانـم دیـوە، هـەر شانۆگەرییەك مۆركی ئان و ساتی خۆی پێوە بووە و هـەر یەكێكیشیان تـاموچێژێكی تـایبـەتی خۆی پێوە بووە، بەڵام ئەم ئەزموونە نوێیەی دوای مـاوەیەك دوور كەوتنەوە لە شانۆ، ئەوە دەگەیەنێت كە سەرەڕای ئەو حـاڵەتە سـارد و سڕەی ئـەمـڕۆی شانـۆی كـوردی پـێـیـدا ڕادەبـوورێ بـەگشتـی و دوورەپـەرێزی هـونـەرمـەندانـی كورد لـە شانـۆی هـاوچـاخ و تـازە ئـامـێز، سەبـاح لە بیركردنەوە و پەیوەندییە ڕۆحییەكەی خۆی لەگەڵ شانۆدا لێك دابـڕاو نـەبـوون، بـەتـایـبـەت لـە بـواری دەرهـێـنـانـدا، ئـەوەشی سەلـمـانـد كـە هـونـەرمـەنـد یـەخسیـری قـالـبـێكـی دیـاری كـراو نـیـیـە، نـەتـوانـێت لـێی دەربـازبێت، بگرە هونەرمەندێكی شانۆیی وەك هـەموو گۆڕانكارییەكانی دیكەی ژیان لە بیركردنەوە تێڕوانیندا لە گۆڕان دایە بۆیە ئەزموونێكی پێشكەش كردین كە وەڵامی زۆر پرسیار و زۆر گومان بداتەوە.



سەباح لەو بەرهەمەدا دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر دەقەکەدا سەپاندووە و تێڕوانینێکی تایبەتی خۆی و دەسەڵاتی هونەری خۆی بەراددەیەك لە ناو دەقەکەدا تواندۆتەوە کە هەموو سەربەخۆییەك بەخۆی بدات و ئەو کۆت و پێوەندی بەخۆ بەستنەوەی دەق بشکێنێ، ئەو وێنانە بخاتە ڕوو کە ئەو دەیەوێ و بینەری کورد تینوویەتی خۆی دەشکێنێ، گرنگ ئەوە نییە نووسەر چی گوتووە، یا چۆن نەخشە بۆ تێڕوانینی خۆی دەکێشێ.

بەمەش نیشانە و سێرەی لە هەدەفێکی گرنگی واقع گرتووە و لە ئەنجامیشدا زۆر وردبینانە حەقی هەدەفەکەی خۆی پێکاندووە و ئەوەی ئەو ئاواتی بوو بیڵێ گوتی: ئەوەی ئەو ویستی بیکات کردی، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی واقیعدا یەکتر بگرنەوە.

لەم شانۆگەرییەدا دەرهێنەر کورسی وەك کاراکتەرێك نیشان نەداوە، تا شوێنێکی دیاری کراو لە شانۆدا دیاری بکات، هەروەها دەنگی دادگاشی خستووەتە ژێر پەردە و دەنگێکی نادیارە، بەمەش نرخ و بەهایەکی بەکۆرس و بەدەنگە نادیارەکەش داوە، چونکە ئەو دەنگانە هێزێکن لە پشت شانۆگەرییەکە و کاریگەری خۆیان هەیە بەسەر مرۆڤەوە، هەیە، هەرچەندە ئەو مرۆڤە سەرچاوەی ئەو دەنگانە نازانێ لە کوێوەن و بەرەو کوێ پاڵی پێوە دەنێن.

بەڵام لایەنێکی بەهێزی ملململانێی ناو شانۆگەرییەکەن و ڕووی دووهەمی دەنوێنن بۆ چۆك دادانی مرۆڤ و قایلبوون بەمردن.

گەورەترین مەترسی کە ڕووبەڕووی شانۆی میلۆدرامی دەبێتەوە، دروستبوونی مەلەلە لەلای بینەر، ئەگەر دەرهێنەر لەو حاڵەتە خەتەرناکە بەئاگا نەبێت، ڕەنگە ڕەگەزی و ڕوژاندن (اثارە) لای بینەر ون بکات و بینەر دەستی لە شانۆگەرییەکە بەربێ، لەم شانۆگەرییەدا دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە، ناوە ناوە بینەر بەئاگا بێنێتەوە و ئەو بوارەی نەداتێ زەهنی لە شانۆ و ڕووداوەکانیدا دوورکەوێتەوە.

خولقاندنی ترس لە کەشوهەوای شانۆگەرییەکەدا (ترسێکی سروشتی، نەك ترسێکی بەزۆر دروست کراو، هەڵکشانی ئەو ترسە بەرەو دەروونی بینەر، لەوانەش ترسی ژنەکە (ئۆسکار ئیسماعیل) قیژاندن و ڕاجفرینی لەگەڵ بەردانەوەی دراماتییەکان، کەوتنی تەنەکان دروستکردنی ترس، بەنیشاندانی ڕووە ترسناك و دەمامك دراوەکان قیژەی ناسروشتی و نادیار و تارمایی ترسناك، بزووتنەی خێرای ئەکتەرەکان و گۆڕینی ڕیتمی دەنگ و هاوارکردنیان، هەموو هۆکاری کوشندەی دروستبوونی مەلەل بوون.

ڕاستە کە شانۆگەرییەکە لە کەشوهەوایەکی تراژیدییانە و پڕ لە ترس و نیگەرانیدا دەخولێتەوە، بەڵام بینەری لە ناو ئەو حاڵەتە تاریك و بێ ئومێدەدا جێ نەهێشتووە بەڕاددەیەك کە هەست بەخنکانی خۆی بکات لە ناو ئەو مەرگەساتانەدا، ئەوەتا بەرامبەر گریان، پێکەنین هەیە بەرامبەر بە داهێزران و کەوتن، سەما و مۆسیقای گەشبین هەیە، لە ئەنجامیشدا ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ دەبێت و گەشبینی چۆك بە ڕەشبینی و مەرگەساتەکاندا دادەدات.

ئەگەرچی کاراکتەری سەرەکی لە حاڵەتێکی هیستیریدا دەژیت و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، چ چەکێکی بەرگریکردن لە خۆی پێ نییە تەنیا باوەڕ و یاخیبوون و هاوارکردن نەبێت، بەڵام هاوار کردنە بڕێك زێدەڕۆیی تێدا هەبوو، چونکە زۆر دیالۆژی گرنگ لە ناو هاوارکردنەکەدا ون دەبوون، بێجگە لەوەی بینەری دووچاری جۆرێك لە بێزاربوون دەکرد.

دوای هەموو ئەمانەش، هێزی دیالۆژ و هێزی دەروونی مرۆڤ لە هاوارکردندا نییە، ئەگەر دەرهێنەر وای بۆ بچێ کە هێزی یاخیبوونەکە بەهاوارکردن پتر ببێت، دەرهێنەر بۆ بەرجەستەکردنی ڕوداوەکان، گرنگی هەرە زۆری خۆی داوەتە ئەکتەر، بۆ گەیاندنی خواستەکانی، بەڵام دەکرا بایەخێکی پتر بەرەگەزەکانی دیکەی شانۆیی بدات بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتەکان، بەتایبەت ڕووناکی، ئارایشت، مۆسیقا، موئەسیراتی دەنگ،

تابتوانێت بەپێی کەشوهەوای ڕوداوەکان، لە حاڵەتی ترس زێدەتر بکات، چونکە ڕەگەزی هەرە بنەڕەتی و ڕیشەیی شانۆگەرییەکە لەسەر ئەو ترسە وەستاوە وەك پاڵەوانی شانۆگرییەکە دەڵێت: هەموو شتەکانی ئەم گۆڕستانە ترسناکن، کەچی زۆر کەلوپەلی ناو شانۆگەرییەکە ئەو ترسەیان تێدا نییە، کە پێویست بوو هەبێت، وەك دارە مەیتەکان کە لە ئێکسوارێکی مردووی شانۆ دەچێت.

لە پاڵ ئەو کەلوپەلانە، موئەسیراتی دەنگیش، لە ڕووی هونەرییەوە لاوازن و بەتەواوەتی ناکەونە بەرگوێی بینەر و چ کاریگەرییەکیان نییە، وەك دەنگی کاتژمێرەکە، زەنگەکە، دەنگە نادیارەکان، هەردوو ئەکتەری سەرەکی شانۆگەرییەکە (ئیسماعیل قادر) و (ئۆسکار ئیسماعیل) ڕۆڵێکی سەرەکییان دیوە لە ئاستی شانۆگەرییەکەدا و یاریدەیەکی چاکی دەرهێنەریان داوە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی، لە هەمان کاتدا هەردوو ئەکتەر بەم ئەزموونە سەختە توانییان ئیزافەیەکی بەرچاو بخەنە سەر ئەرشیفی خۆیان و خاڵێکی دیار تۆمار بکەن، بەتایبەت بۆ (ئۆسکار) کە بە سەرەتایەکی سەخت دەستی پێ کردو چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرا بەم ئاستەی بینیمان خۆیمان پێشکەش بکات، کە ڕەنگە بۆ ئەکتەرێکی تازە پێگەیشتوو ئەزموونێکی وا شتێکی ئاسایی نەبێت.

ئیسماعیل لەم بەرهەمەدا دەرفەتێکی وای بۆ ڕەخسا کە بتوانێت وزە و توانای خۆی بەتەواوەتی بتەقێنێتەوە، ئەمجارە شتێکی تازە بێت و دەرچوونێك بێت لە نواندنی تەقلیدی.

ئیسماعیل لە ڕووی لەشەوە، هەموو خەسڵەتەکانی ئەکتەری تێدایە، هەر لەشولاری نەرم و نیانی ڕێکوپێك تا دەگاتە بەژن و دەنگ و شەنگ و تاقەتی بەدەنی، ئەکتەری بێ (لیاقە) دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت ئەو بزووتنەوە دراميیە ئەکروباتیکانە ئەنجام بدات کە لە ئەکتەرێکی وەك ئیسماعیل–دا هەستمان پێ کرد.

بەگوێرەی (ئۆسکار) بەژنێکی کەڵەگەتی باریکی سووکەڵەی ئەوتۆی

هـەیـە، بـۆ دەورەکـەی خـۆی پـڕ بـەپـێستـی یـەکـتـر بـوون، بـەتـایـبـەت بـۆ مردوویەك کە درێژی بەژن گرنگی خۆی هەیە و لەناو چارپۆشی سپی کفندا سام و خرۆشێکی درامی بەهێز دروست دەکات.

عـەلـی ئـەحـمـەد کـەمـتـر خـۆی لـەم جـۆرە شـانـۆگـەریـیـانـەدا بـیـنـیـوە و تـا ئێستاکەش نەیتوانیوە لە ژێر کاریگەری شانۆی واقیعیدا ڕزگار بێت.

بەگشتی شانۆگەرییەکەی سەباح عەبدولڕەحمان لەم قەیرانەی ئەمڕۆی شانۆ لەم شارەدا، تاموچێژکی تایبەتی خۆی هەیە، کە ڕەنگە تێنوویەتی زۆریان بۆ شانۆ، کاریگەرییەکی پۆزەتیفانەی هەبێت بۆ شانۆگەرییەکە لە هەمان کاتدا، گۆڕانکارییەکی چاکیشە بۆ هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان لە بواری دەرهێناندا و پێمان دەڵێ کە ڕەنگە سەباح لە بواری دەرهێناندا دەست ڕۆیشتووتر بێت، لەم تەمەنەی ئێستایدا و ئەزموونێکی بەدرێژایی ٣٠ ساڵی کارکردنی لەم گۆڕەپانەدا پەیدا کردووە، کە دەکرێ کەسانی دیکە سوودی لێ ببینن.

# گەڕانەوەیەك بۆ سەردەمی بێ تاوانی



یـەکـەم جـارە بـیـنـەری شانـۆیـی لـەم دەڤـەرەدا، لـە ڕێگـای شانـۆگـەریـی (سەردەمـی بـێ تـاوانـی) ئـاشنـا بـەگـەورە دەرهـێنـەرێکـی کـوردی وەك د. قوتبەدین سادقی دەبێت، ئەگەر نا ساڵانێکی دوور و درێژە د. قوتبەدین لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، چ بەنووسین و چ بەدەرهێنان ئاوێتەی شانۆ بووە و بە بەردەوامی بەرهەمی بەپێزی خۆی پێشکەش کردووە، بەتایبەتیش لـەگـەڵ (گرووپـی هـونـەر) کـە خـۆی دامـەزرێنـەریـەتـی و چـەنـدین شاکـاری گـەورەی شانـۆیـیـیـان پـێشکـەش کـردووە، کـە تـێیدا د. قـوتـبـەدین ڕۆڵـێکـی بـەرچـاوی هـەبـووە. لـەوانـەش (ئـاڤـاکسی ١٩٨٧) (مـاوە ١٩٨٨) (ئـارش ١٩٨٩) (هـامـلـێت ١٩٩١) (گـاڵـتـەجـاڕەکـانـی نسکـاپـن ١٩٩٢) (پـیـاوی مەردانە– پڵنگی شێت ١٩٩٣) (بەهرام چوبینە ١٩٩٤) (موبارەك پاسەوانی بـچـووك ١٩٩٥) (سەردەمـی بـێ تـاوانـی ١٩٩٦) (ژنـانـی سەبرا پیـاوانـی شاتیلا ١٩٩٧) (پەیکەرە دۆزراوەکان ١٩٩٨) (هێڵی ئەڤین ١٩٩٩) (حەوت هۆزی ونبوو ٢٠٠١) کە زۆربەیان بەزمانی فارسی پێشکەش کراون.

د. قـوتـبـەدین پسپـۆڕێکـی شانـۆیـیـیـە و مـامـۆستـای زانـکـۆیـە، مـاوەی دە ساڵان لە پاریس ژیاوە و لە زانکۆی (سۆربۆن) و تاران دەرسی وتووەتەوە. بـەکـلاسیك ئـاوێتـەی هـونـەری شانـۆ بـووە، پـتـر خـۆی لـە قـەرەی کـارە مێژوویەکان داوە، بەتایبەت مێژووی ئێران و بڕێکیش لە مێژووی کورد.

د. قوبەدین نووسەر و دەرهێنەرێکی کوردە، بەڵام زۆربەی بەرهەمەکانی بەزمانی فارسی پێشکەش کردووە، کەمتر خزمەتی شانۆی کوردی کردووە. ئەمە لە کاتێکدا کە شانۆ لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆژ لە دوا ڕۆژ لە پێشکەوتندایە، ساڵانە چەندین فیستیڤاڵی شانۆیی ڕێك دەخرێت، ڕەنگە ڕۆڵی د. قوتبەدین لە شارەکانی کوردستاندا وەك ئەوە نەبێت کە لە شارێکـی وەکـو (تـاران) هـەیـەتـی، تـا ئـەو شانـۆگـەرییـەشی (سەردەمـی بـێ تـاوانـی) ساڵـی ١٩٩٦ بـەزمـانـی فـارسی پـێشکـەش کـردووە، کـە خـاتـوو (شەهێن عەلی زادە) هەمان دەوری خاتوو (کوبرا مەلەکی) بینیوە، بەڵام

دواتر کە قەستی پێشکەشکردنی کردووە لە کوردستاندا، خاتوو نەجیبە ئەحمەد بەزمانێکی پاراوی کوردیی ڕەوان تەرجەمەی کوردیی کردووە و ڕۆحێکی تری خستووەتە بەر شانۆگەرییەکە، بەڵام ئەم تەرجەمە نایابەی (نەجیبە) خان لە ڤۆڵدەری شانۆگەرییەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە و ئەو مافەی لێ زەوت کراوە، بۆیە وا هەست دەکات ئەو زمانە شیعرییە کوردییە ناسکە زمانی ڕەسەنی نووسەری شانۆگەرییەکەیە.

بەڵام نکۆڵی لە باڵا دەستی دکتۆر قوتبەدین ناکرێت لە نووسینی شانۆییدا و چەند ئەوەندەی لە دەرهێناندا تێڕوانین و خەیاڵی بەرفرەوانی خۆی هەیە، ئەوەندەش لە نووسیندا دەست ڕەنگینە، ئەگەر بشتەوێت هەردووکیان بخەیتە تای تەرازوویەکی هونەری و فیکری، ڕەنگە هاوسەنگییەك لەو نێوەندەدا بەدی بکەیت و ئەوەت بۆ یەکالا بێتەوە کە ئەو لە هەردوو گۆڕەپاندا دەسەڵاتی هەیە.

د.قوتبەدین لە نووسیندا نەفەسێکی دوور و درێژی هەیە، کە ڕەنگە نەفەسی نووسینی شانۆگەرییەکانی لە نەفەسی ڕۆمان نووسێك بچێت، نەك هەر تەنیا لە ڕووی قووڵبوونەوە و ڕووچوون بەناخی ڕووداوەکاندا، بەڵکو لەوە پێشتر لە ڕووی زمانی دەربڕین، کە زمانێکی پەخشان ئامێزی شیعرییە. کە ڕەنگە ئەو زمانە لە کاتی خوێندنەوەدا تاموچێژێکی پتر ببەخشێت لەوەی کە لەسەر شانۆ گوێبیستی دەبێت، بۆیە بینەر هەست بەلێك نزیکبوونەوەیەکی زۆری دەقی شانۆییەکە دەکات، لەگەڵ ڕۆماندا، ڕۆمانیش بۆ خوێندنەوەیە نەك بینین، ئەگەر قەستی ئەوەی بۆ بکەیت بیخەیتە سەر شانۆ، دەبێت بەرگێکی شانۆیی لە بەرکەیت و زمانێکی شانۆییشی بدەیتێ، زۆر لق و پۆپە پڕ لە تەفسیلاتەکانی هەڵقرتێنی، بەو شێوەیە بۆ بینەری ئامادە بکەیت کە دەسەڵاتی وەرگرتنی هەبێت و دایەلۆژی دوور و درێژی دووچاری سەر لێشێوان و مەیینی نەکات، بۆیە من پێم وایە، شانۆگەرییەکەی د.قوتبەدین پێداویستی بەئامادەکردن هەبوو بۆ شانۆ.

## تراژیدیایەکی کوردی

د.قوتبەدین هەوڵی ئەوەی داوە لەو شانۆگەرییەدا، تراژیدیایەکی کوردیمان لە هاوچەشنی تراژیدییە یۆنانی و ئینگلیزییەکانەوە پێشکەش بکات، لەمەشدا پشتی بە (گێڕانەوە–سرد) بەستووە و هەموو ڕووداوەکان لە دەمی هەر سێ ئەکتەر بەبینەر دەگەیەنێت، بەڵام لەبەر پەرتەوازەیی بابەتەکان و چڕی ڕووداوەکان و تێك هەڵکێشکردنی ناوەکان، بینەر ڕووبەڕووی سەر لێشێوان و ئاڵۆزبوون دەبێتەوە، سنووری جوگرافیی شانۆگەرییەکە ئەوەندە فرەوانە، نووسەر دەسەڵاتی ئەوەی نابێت، هەموو ئەو تراژیدیا و مەرگەساتانە، بەو زەمەنە دوور و درێژەی خۆیانەوە بگەیەنێتە بینەر، لە هەمان کاتیشدا نرخ و بەهای زۆر لەو کێشانە لە کیس دەچن، کاتێ دەرهێنەر بێجگە لە ڕابواردنێکی سەر پێیی نەبێت، دەرفەتی ئەوەی لە دەستدا نابێت هەڵوێستەیەکیان لە هەمبەردا بکات و نرخی خۆیانیان بداتێ، بۆ نموونە گوتاری سەرەکی لەو شانۆگەرییەدا (هەڵەبجە)یە، بەڵام لە ناو ڕەحمی هەر ئەو هەڵەبجەیەدا، دەیان هەڵەبجەی دیکە ورووژێندراون، وەکو ئەنفال و کۆچڕەو و کارەساتی (١٩٧٥) و دەیان پرسی نەتەوایەتی دیکە، بەڵام ئایا دەرهێنەر گوتاری سەرەکی خۆی لە نێو هەموو ئەو کارەساتانە ون دەکات؟ یان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، هونەر بۆ خزمەتی ئەو دۆزە گەورانە لە یەك ئان و ساتدا و بەیەك ئاست تەوزیفی بکات؟ یاخود مەبەست هەر تەنیا ئەوەندەیە کە لە پەنای ئەو پرسانەدا دەنووك لە برینە نەتەوایەتییەکان بدات و ئازارێکی ویژدانی بەبینەر بچێژێ؟

ناشێت مەزەندەمان بۆ ئەوە بچێت وا تێبگەین کە چەند ئەوەندەی کارەساتی زێتر و ناوی پتر بخەینە ناو شانۆگەرییەکە، ئەوەندە چمك و گوتاری شانۆگەرییەکە تێرتر و بەرفرەوانتر دەکەین، ڕەنگە تەنیا دیمەنێکی

ڕەمـزی و تــەعـبـیـری هـێزی دەربـڕیـنـی لـە هـێزی هـەمـوو دایـالـۆژەکـان کـاریـگـەرتـربـێت، ئـەوەی گرنگە ئـەوەیـە زمـانـی ئـەو کـارەساتـانـە بکـەیـنـە زمـانێکی شـانۆیی، ئەو زمـانـە شـانۆییـیـانـە ببنە ئـالتەرنـاتیڤی زۆر دایەلۆژی درێژ دادرِ، ئەوەتا تراژیدیاکانی شکسپیر پڕن لە ڕووداو،بەڵام کەمتر پەنا بۆ دیـالۆژی داستـانـی دەبردرێت.

د. قوتبەدین، نـاوی شانۆگەرییەکەی خۆی نـاونـاوە – سەردەمی بێ تـاوانـی – بۆ نـاونیشانی ئەو خەڵکە بێ گونـاهـ و پاکانەی کە بەنـاهەق هـەڵوەراون، کەچی بەدرێژایی ئەو هـەموو سەردەمـانـەی ئەو کردوونیەتە کرۆکی شـانۆگەرییەکەی نەزیفێکی بەردەوام هەبووە، لە خوێن و مەرگ و تـاوان، بۆیـە من پێم وایە سەردەمی تـاوانـەکە زاڵترە بەسەر بێ تـاوانییەکە و ئەگەر شـانۆگەرییەکە نـاوی (سەردەمی کوشتنی بێ تـاوانی) بووایە، ئەوە ڕەنگدانـەوەیەکی ئەو زنجیرە زەمـەنییە خوێنـاوییە دەبوو، کە بەقـەد و بـاڵای ئەو نـەتـەوە ستـەم دیـدەیـە بڕاوە.

لەو شـانۆگەرییەدا – پتر بەلای ئەو قەنـاعەتەدا دەچین، کە د. قوتبەدین لـە ڕووی نـاوەڕۆکـەوە – شێوازێکی کلاسیکیی گرتووەتە بەر، بەڵام لـە ڕووی شێوە و پراکتیکەوە هـەوڵی مۆدێرنیزمی دەدات و دەیەوێت پرسە فـەلسەفـی و سیـاسی و کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـانـی خـۆی لـە نـاو بـزووتـنـەوەی ئـەکتـەردا بـتـاوێـنـێتـەوە، بـۆیـە شـانـۆگـەرییـەکـەی د. قوتبـەدین پشت بـەدوو کۆڵەگەی سەرەکی دەبەستێت، یەکەمیـان (دەق) و دووەمیـان (ئەکتەر).

## کاراکتەرەکان

دەرهـێنـەر چـەنـد لاپـەڕەیـەکـی خـوێنـاوی لـە تـراژیـدیـا پـڕ لـە مـەرگـەساتـە نــەتــەوەیــیــیــەکــانــی کـورد دەخــاتــە ڕوو، هــەوڵــی ئــەوە دەدات سنــوورە ئیقلیمییەکان بشکێنێ و بەدیدێکی نەتەوەیی بەرفرەوان بۆ پرسەکان بچێت، کە بەهیچ سنوورێکی دیـاریکراوی نـەتـەوەیی پـابـەند نـەبێت، لـە ئـاوێتـە بوونـی

ئـەو پـرسانـەشدا. سەرچـاوەیـەكـی یـەكگـرتـووی دروست كـردووە. هـەمـوو ئەشكەنجە و ئـازارە لێكچووەكان دەخاتە نـاو یەك سەرچاوە.

دەرهـێنـەر سێ كـاراكـتـەری سەرەكـی (ڕوونـاك، كـەژاڵ، پـڕشنگ) و كاراكتەرێكی دیكەی ڕەمزی (هیوا)ی كردووەتە فاكتەرێكی گەیاندنی ئەو گوتارە نەتەوەییەی قەستی ئەوەی بۆ دەكات بیخاتە سەرشانۆ، هەریەكەو لـەو كـاراكتـەرانـەش، سەربـوردە و خـەسڵـەت و تـایبـەتمـەندیی خۆیـانیـان هـەیـە، كـە ئـێمـە لـەم پـەراوێزەدا، بـەكورتـی دەپـرژێینـە سەر یـەكـە یـەكـەی كاراكتەرەكانی نـاو شانۆگەرییەكە.

## ڕووناك كێ بوو؟

ئەو ئـافرەتە ستەمدیدەیە، پارچەیەكە لە مێژووی ئەو خاكە داخكراوەی، كە بە هـەزاران برین – زامدار كراوە، ئەوەتا خۆی دەڵێت: ئەمەیان زامی (ئـاكرێ)یە، ئەمەشیان نیشانەی پێنجوینە، ئەمەیان دیاریی هەولێرە، ئەم زامە كۆنەشیان یادگاری كەركوكە، ڕووناك ئەو كێژۆڵەیە بوو، كە هەر لە منداڵییەوە بەدبەختی لێی جودا نابێتەوە لە ڕۆژگارێكدا لە دایك و باوكی جیا دەبێتەوە بەتەنیا جێ دەمێنێ، پاشان بۆ ماوەی بیست ساڵان زیندانی دەكرێت و قژی سپی خۆی لە پشت شیشەكانەوە دەهۆنێتەوە، كە ئـازاد دەكـرێت، وریـا لـە تـاران دەدۆزێتـەوە و بـەردەوامـی بـەخـۆشەویستییـەكـی جنوونی دەدات لەگەڵ وریادا، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت ئەو ئومێدەشی لەكیس دەچێت و وریاش ماڵئاوایی لێ دەكات و بەتەنیا بۆ ئەشكەنجە و ئـازارەكانی خۆی بەجێ دەمێنێ.

زەمانێ چاك دەبێتەوە، كە شەمەندەفەری ژیانی تێپەڕیوە و پیر بووە.

دوو خـۆشەویستـی گـەورە ڕوونـاكـیـان شێت كـردووە: یـەكـەمـیـان خـۆشەویستـی خـاكـە خـوێنـاوییـەكە و دووەمیـان خۆشەویستی وریـا، كـە تەواوكەری یەكترین، هەر خۆشەویستی وریایە وای لێ دەكات كە ساڵەهای

ساڵ لەگەڵ تەنیایی و تاریکیدا بژیت، ئەو خۆی باسی ئەو خۆشەویستییە دەکات و دەڵێت: «بۆ جێت هێشتم، من بۆ دۆزینەوەت هەشت شوورەم بڕی، هەزار دێی وێران گەڕام، حەوت کێوم بڕی و بەچواردە شاردا تێپەڕیم، ئەزانی خۆشم ئەوێی، تۆ شایستەی ئەوەی کە گیانم لە پێناوتدا دانێم.»

یان کە دەڵێت: جگە لە سۆز و میهری تۆ زیاتر پاڵپشتێکم نەبوو، یا لە دەیمەنێکی تردا دەڵێت: دنیا دەسووتا و من شەیدای وریا بووم، کەژاڵیش کە باسی خۆشەویستی ڕووناك و وریا دەکات دەڵێت: وریا نوورێکی بەتۆ بەخشیوە کە بتوانی سەد هەزار ساڵ لە تاریکیدا بەتەنیایی بژیت.

ئازاری وریا و ئازاری خاکەکەی – لە دەروونی ڕووناکدا ئاوێتەی یەکتر بوونە، بۆیە ئەو مرۆڤە شێتە یان لێ دروست بووە کە کەس لە ئازارەکانی تێ ناگا کەژاڵ نەبێت. ئەو هەموو دنیا بەسووری دەبینێت جگە لە ڕاستی نەبێت شتێکی دیکە لە دەوروبەری خۆیدا بەدی ناکات، ئەوەتا بە کەژاڵ دەڵێت: «ئەبێ ڕاستیت پێ بڵێم، ڕاستی بۆ بیستنی ڕاستی ڕاستیش ئەبێ خۆت بۆ هەموو سەختییەك ئامادە بکەیت، ڕزگاریشمان هەر تەنها لە ڕێگەی ڕاستییەوە بەدەست دێت، ڕاستی لە ڕێگەی هوشیاری و ئازارەوە. ڕاستی و ئازار، ئازار و ڕاستی».

کاتێ ڕووناك ژانەکانی خۆی هەڵدەڕێژێ، هەر تەنها مەبەستی پاکبوونەوە و بەتاڵکردنی ئازارەکانی خۆی نییە، بەڵکو دەیەوێت، ئەو ڕاستییانە بەکەژاڵیش بگەیەنێ. ئەوەتا پێی دەڵێت: «منیش ئەگەر خۆ پەرست و خراپ بوومایە، ئەمتوانی بەو تەماڵی و دزێوییەوە لێت گەڕێم و لێ گەڕێم لەو نەزانین و بێ ئاگاییە دابڕزێی، بەڵام من ئەمەم ناوێ و ناشبێ بمەوێ.» ڕووناك – بەبەردەوامی لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدایە، هەتا تارماییە ڕەشەکان لە دید و بیریدا بخولێتەوە، ئەو تارماییانەی کە بەجزمە پۆش و چەکمە لە پێ و شەیتان و قەلەڕەشەکان خۆیان نیشانی ڕووناك دەدەن، ئەو تاونبار و دەست بەخوێنانەی کە ئازاری ڕۆحی

ڕووناك دەدەن و ئەویش بەردیان تێ دەگرێت و دووعایان لێ دەكات: «گڕگرن ئەی نۆكەرانی شەیتان، گڕگرن چەكمە لە پێیانی دڵپیس، ئەی خاییانانی ولاتی نێوان دوو ڕووبار، ئەی بكوژانی كێوە بڵندەكان، گڕگرن، ئاوارە و دابێژ دابێژ و چوارقاش بن و لە لمستانە داخراوەكانتاندا هەڵپڕووكێن! هەڵپڕووكێن! هەڵپڕووكێن!.»

ڕووناك ئەو ئازارانەی خۆی بەپاكبوونەوە دەزانێت وەك داوا لە كەژاڵیش دەكات خۆی پاك كاتەوە و گوناهەكانی خۆی بشواتەوە، بۆیە دەڵێت: «ئەركی ئەوەم پێ سپێردراوە كە خەم و ئازاری دۆزەخییانی سەرزەوی كە تێكڕای نەفرەت لێكراوان و بەنەعلەت بووان و تاوانباران و كڵۆلانن، بەكۆڵ بكێشم، منێك كە بەم ئازارە هەمیشەییە مەكحووم كراوم ئەبێ گوناهم لە هی خەڵكی تر زیاتربێ، ئێمە لە خەڵكی تر گوناهبارترین كچێ، هەستە جەزای تاوان ئەبێ بدرێتەوە، ئەبێ جەزای تاوانەكەمان بدەینەوە».

بۆیە ڕووناك لە دیمەنی زكركردنەكەدا دەیەوێت گوناهەكانی خۆی و كەژاڵ و هەموو تاوانبارەكان بشواتەوە، بۆ خۆی بە زكر و بۆ كەژاڵیش بەداركاری و لێدان و ئازاردان.

## كانی

بێجگە لە وریا (كانی)یش، ئەو كانییەی كە لە تاڵەكاندا هاوخەم و هاودەردی ڕووناك بوو، لە زینداندا بەیەكەوە دەژیان، بەڵام ئافرەتێكی ڕووسپی بوو، سەربڵند بوو، خۆی نەدایە دەستی قەڵەڕەشەكان، بۆیە ناچاریان كرد خۆی هەڵواسێ و كۆتایی بەئازارەكانی خۆی بێنێ. خەونەكانی خۆی بە ڕووناك سپارد. كانی لەلای ڕووناكدا نەمردووە، هەمیشە لە بەرچاوی ئامادەیە، هەموو كەسێك بە كانی دەشوبهێنێ، بۆیە ئێستاكەش هەر كات لەحزەكانی زیندانی بیر دێتەوە كە قەڵەڕەشەكان پەلاماریان بۆ دنیا، ڕووناك بەگژیاندا دەچێت و پێیان دەڵێت: «ملت بشكێنە شەیتان، گۆڕت گومكە لە لەعنەت ! ئەی گلاوپیسەی كە قەڵەڕەشی

نەفرەتت بەناوچوان و سەرشاکانتەوە هەڵواسیوە! ئەی شەڕانی، فس فس پاڵەوانی سەرشان قورسی دەشتە داخراوەکان. دەست هەڵگرە لە پاکێتی و سپێتی و بێ تاوانی ئەو کچە.. دەست هەڵگرە، دەست هەڵگرە و بڕۆ..»

ڕووناك – پێناسەیەکی (کانی)مان بۆ دەکات و دەڵێت: «هەموو ئازاری گیانیان ڕەش کردەوە، بۆگەنی کرد، بەڵام ڕۆحی هەروا بەسپێتی مایەوە. دڵخۆشم کانی لەوەی نەتهێشتووە کەس دڵت داگیر بکات ئافەرین کچ، لە ناو گوناح و توندوتیژی و تاواندا ڕزگاریی مرۆڤ بەهێزترە.»

## کەژاڵ

کەژاڵ لەگەڵ ڕووناکدا ڕیشەیان یەك و تا سەر ئێسقان هاو دەردن، ئەو سستەرێکە و چوار ساڵان لەگەڵ ڕووناکدا، دەبێتە هاوخەم و هاودەردی، ئەویش ژنێکی تەنیا و بێ کەسە، غەریبی و دوورە وڵاتی تەنگی پێ هەڵچنیوە، سەربوردەیەکی تاڵی هەیە و یەکێك بوو لە نێوان هەزاران لەوانەی لە کۆچڕەوە دەڵێت: «لە خاڵی سفری بەکۆمەڵدا سی و چوار کەسی خۆم لە ژێر زەمینی ماڵێکدا لە (کانی قوڵکە)ی هەڵەبجەدا ڕەش بوونەوە، مامم و ئامۆژنم و منداڵەکەیان لە کاتی هەڵاتندا لە هاوسەرەکەشم، مێردەکەم (کاوان)ی شەهیدە. دایە من لەگەڵ مردووەکاندا ئەبزووم، لەگەڵ شەهیدەکانمدا هەناسە ئەدەم، لەگەڵ ناڵە و هاواری پێنج هەزار بێ گوناحی کوڵانە شەهیدەکانی هەڵەبجەدا دەژیم».

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو برینە گەورانەش ئەو ئافرەتێکی قارەمان و خۆگرە، بەچاوێکی گەشبینییەوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژ، بۆیە دەڵێت: من شانازی بەو ڕەنج و ئازارەشەوە دەکەم کە دەیکێشم و دەیچێژم، چونکە تا ئازار نەچێژم شایستەی هیچ بەهرە و خەڵاتێك نابن، یان کە دەڵێت: «من بڕوام بەنور و ڕووناکی هەیە، تەنانەت لە تاریکترین شەوانی زستانیشدا، چونکە هەر ڕۆژێك کە دەست پێکردنی هەبێت کۆتایشی هەیە.»

## پڕشنگ

ژانـەکـانـی ڕوونـاك، درێژکـەرەوەی ژانـەکـانـی پـڕشنگـی دایکینـە، کـە دێر زەمـانێکـی زۆر و لـە ڕۆژە زووەکـانـی مێژوودا، کەوتـەژێر جـەور و ستـەم، دەفتـەری یـادگـارە پـڕ لـە کـۆتـوپـێوەنـدەکـانـی ئـینـگـلـیـزە، یـادگـەی شێرکۆ و هێرشۆ، ئـەو هێرشۆیـەی کـە بـەرە بـەبـانێك لـەگـەڵ سـەد کـەسـی خوێندەوار بـەخـۆیـان و کتێبـەکـانـیـانـەوە لـە توورەگـەیـان خستن و سـەر توورەگـەکـانیـان دووری و خستیـانـە زەریـاوە.. لـەوکـاتـەوە ئیدی گریـانـەکانی پڕشنگ دەستی پێ کرد.

## کوبرا مەلەکی

کـە لـەو شـانـۆگـەرییـەدا دەوری (ڕوونـاك) دەبینێت و پـاڵـەوانـی سـەرەکییـە، زۆربـەی قـورسـایـی و سـەنگـی شـانـۆگـەرییـەکـی کـەوتـووەتـە سـەرشـانـی، ئـەو لـە مـاوەی دوو سـەعـاتـدا بـە بـەردەوامـی لـەسـەر شـانـۆ مـایـەوە، بـەبـێ ئـەوەی بینـەر درك بـەشـەکـەت بوون، یـان دابـەزینی توانـا و دەسـەڵاتی ئـەو نمـایشـە زیندووە بکـات کـە ئـەو زۆر بـەداهێنـانێکی گـەورەوە نیشـانـی داین.

کوبرا – بێجگە لـە تـەنیـا شـانـۆگـەرییـەکی دیکـەی منداڵان نـەبێت (جیهـانـی وڵاتـی بـەریـن گـریـانـە) هـیـچ شـانـۆگـەریـیـەکـی دیـکـەی بـەزمـانـی کـوردی پێشکەش نـەکردووە. بێجگە لـە زمـانـی فـارسـی نـەبێت، لـەوانـەش (سـەفـەری سـەد دەرسـەد، جـەدالـی دیگـەر، ژنـی نـان فـرۆش، بـازی سـازی، خـاڵـخـاڵـۆکـە، شـای مشکـان، بـۆقـی نێری، ئـاڤێیـەی منداڵان، سـەفـەر میرڤـانوو) و چـەنـد کـارێکی دیکـە.

بـەگـوێرەی تـەمـەنـی شـانـۆییـیـەوە کـە خـۆی لـە دە دوانـزە سـاڵێك دەدات، کـوبـرا ئـەزموونێکـی دەوڵـەمـەنـدی هـەیـە و خـاوەن سـەرمـایـیـەکـی چـاکـی هـونـەرییـە،

بەدریژایی ئەو تەمەنە شانۆییەش، چەندین خەڵاتی بەهاداری بەدەس هێناوە. لەوانەش خەڵاتی باشترین ئەکتەری شانۆیی.

بینەر لەو نمایشە تێرەی کە لە جەستەی (کوبرا)دا بینی، درکی بەشێوەیەك لە ڕاستگۆیی و نمایشی سروشتی دەکرد، بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر (نواندنی دروست کراو). یەك لە سەرچاوەکانی ئەو ڕاستگۆییەش نزیکی ڕۆحی و جەستەی ئەکتەر بوو لە فەلسەفەی شانۆگەرییەکە و ئەو پرسە پیرۆزەی کە ئەو دەیویست لە ڕێگەی (لەش) بەوەرگری بگەیەنێ.

ئەو لەو شانۆگەرییەدا لە دوو لایەندا دەسەڵاتی خۆی سەپاند یەکێکیان ئەو دایەلۆژە دوورودرێژە پەخشانیانە بوون کە بۆ ئەکتەرێك کە دیالێکتی سۆرانی باش نەزانێت و بتوانێت بەم ڕەوانییەش بیگەیەنێتە بینەر، دووەمیان گەیاندنی ئەو بزووتنەوە و ئەدا تەعبیرییانە بوو کە ڕەنگە بۆ ئافرتێکی تەمەن (٣٩) ساڵی وەك (کوبرا) کارێکی ئاسان نەبێت. بەتایبەت لە شانۆگەرییەکدا کە ڕیتمێکی بەردەوام گەرم و پڕ لە هەڵچوونی تێدا بێت و ئەکتەریش دەوری کەسایەتییەکی شێتی ئاڵۆز ببینێ.

کوبرا – هەر تەنیا بە جەستە بوونی خۆی لەسەر شانۆ نەسەلماند بەڵکو بە ئەدا و ئیلقا و دەنگیش نرخ و بەهای خۆی دەدایە دایەلۆژەکان و بەقەوارەی خۆیانەوە دەیگەیاندنە بینەر، بۆیە من پێم وایە یەکێك لەو فاکتەرە هەرە ڕیشەییانەی کە زیرەکی دەرهێنەر دەنوێنێ، هەڵبژاردنی (کوبرا) بوو بۆ دەوری دایە ڕووناك، هەر ئەو فاکتەرەش بووبوو بەهۆکارێکی بنەڕەتی ئەو جیاوازییەی لەو شانۆگەرییەدا، درکمان پێی کرد. (شیرین معازی) کە دەوری (کەژاڵ)ی بینیوە، توانی پێناسێکی تەواوی کاراکتەرەکەی خویمان بۆ بکات، ئەویش و ئێمەش لە کەژاڵ بگەین، بەڵام لە هەندێ دیمەن و دیالۆژدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕووداوەکان و دووچاری جۆرێك لە نامۆبوون دەبوو، بەتایبەت لە ڕووی ڕیتمی دەنگەوە، کە هەندێ جار قاژوقیژی، هەم دیالۆژەکانی سەرەنگووم دەکرد، هەم

بینەریشی بێزار دەکرد، رێڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی هونەری نمایشەکەشی دادەبزاند.

ڕاستە کە کەژاڵ – لە زەمەنێکی ژانگرتوودا دەژیت، ڕووداوەکانی هەمووی ڕووداوی مەرگەساتییە، ڕەنگە ئەو هاوارەی لە دەنگی ئەکتەردا گوێ بیستی دەبین هاوار و ژانی زەمەن بێت، هاواری بەرگەنەگرتن و پڕ لە ئاخ و داخن کەسایەتییەکی ناو ئەو مەرگەساتە بەرامبەر بەڕووداوە جەرگ بڕەکان و هاواری ئافرەتێکی بێ گوناح و بێ دەسەڵات بن، بەڵام ژانی ڕووناکیش لە ژانی کەژاڵ کەمتر نەبوو، کەچی ئەو سنوورەی تێنەپەڕاند کە دەنگ کاریگەرییەکی نەگەتیڤانە بەسەر نواندندا بەجێ بێڵێ.

کەژاڵ بەدیدێکی گەشبینانەتر دەڕوانێتە داهاتوو، هەمیشە بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵە و ڕووناك هان دەدات کە خۆگر بیت بەرامبەر بەبەرە ژانەکانی، ئەو ئومێدبەخشی ڕووناکی جەرگ سووتاوە، بەڵام ئەو لە ڕووناك زێتر دەتەقێتەوە و لەویش زێتر هەڵدەچێت.



## شەهلا مەلەكی - پڕشنگ

لە زۆربەی ئەو دیمەنانەی كە وەك تارماییيەك دەهاتنە سەرشانۆ، بەيەك دەق و شێوەوە دەردەكەوتن، نواندنێكی واقیعیيانەی ساردی پێوە دیاربوو، وزەیەكی ئەوتۆی ماسولكەیی و جەستەیی بەكار نەهێنابوو، بەڵكو پتر (دیالۆژ)ی پێ سپێردرا بوو، وەك مردوویەكیش ئەو سام و خرۆشەی پێوە دیار نەبوو كە پێویست بوو، دەرهێنەر سەنگی خۆی خستبووە سەر تەنیا ئەكتەرێك و كەم ڕێ دەكەوت دوو ئەكتەر لە یەك ئاندا دوو نمایشی هاوتەریب پێشكەش بكەن لە بزووتنەوە و ئەدای یەكساندا، بۆیە من پێم وایە هاوسەنگییەك لە نواندنی ئەكتەرەكاندا نەبوو، نموونەش بۆ ئەمە، هەر كاتێك ڕووناك تیشكی بخرابووایە سەر كەژاڵ بێ دەنگ دەبوو، كە كەژاڵ–یش دەهاتە پێشەوە، ڕووناك لەسەر عارەبانەكە دەبووڕایەوە.

## ڕیتمی سەردەمی بێ تاوانی

بەتێكڕایی شانۆگەرییەكە ڕیتمێكی ئەوتۆی بەخۆوە گرتووە كە بەدرێژایی دوو سەعات ئەو بوارە بۆ بینەر نەڕەخسێ كە لە هۆڵەكەدا دووچاری مەیین و هەڵهاتن بێت، ئەم هاوسەنگ ڕاگرتنە، دەسەڵاتی گەورەی دەرهێنەر و ئەكتەر دەنوێنێ، ئەگەر نا لەهەر لەحزەیەكدا ڕیتمی شانۆگەرییەكە سارد ببووایەوە، ئەوە جڵە و لە دەست دەرهێنەر دەردەچوو، ناچاری ئەوە دەبوو خۆی بداتە دەست بێزاربوونی بینەر، بەتایبەت لە شانۆگەرییەكدا كە دیالۆژی دوورودرێژی تێدا بێت.

دەرهێنەر – لە دیمەنەكاندا هەمیشە لە هەڵایسان و دامركاندنەوەدایە، لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدا، لەگەڵ ئەو گۆڕانی ڕیتمەدا هەمیشە

بـیـنـەری ڕادەجـفـراند و بـەهـێزی درامـایـەکـی مـوگـنـاتـیسی ئـاسا بـۆ لای ئەکتەری کێش دەکرد..

ناچاری ئەوەی دەکرد بەدیقەتەوە سەرنج بداتە لەشی ئەکتەر و ئەدا پڕ لە دەلالاتەکانی دەرهێنەر – لەگەڵ ڕیتمی خێرایی شانۆگەرییەکەی – ئەکتەری دووچاری جۆرە ماندووبوونێکی جەستەیی دەکرد، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەو ماندووبوونە ڕیتمی شانۆگەرییەکەی لەو خێرایییەدا دەهـێنـایـە خـوارەوە، بـەدیـالـۆژێکی هـێورکـردنـەوە – هـەم تـام و چێژێکی بەبینەر دەبەخشی – لە ڕەخساندنی کەشوهەوایەکی هێمنی، هەم ئارام بـوونـەوەیـەکـی بـەئـەکـتـەریش دەبـەخشی، بـەشێوەیـەك نـاوە نـاوە ئـارەقەی دەموچاویشی بۆ دەسڕایەوە و ئـاویشی دەرخوارد دەدرا، بەبێ ئەوەی بینەر درك بەوە بکات کە ئەو ئەکتەرە لە حاڵەتی حەسانەوەدایە.

ڕیتمی شانۆگەرییەکە – لە هەندێ دیمەندا، بەتایبەت لەو دیمەنانەی کە ڕوونـاك دووچـاری حـاڵـەتـی هـیستـیری دەبێت، لـە زەمـاوەندی خۆیدا، لە زکرکردنەکەدا، دەگاتە پۆپ، بەڵام لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەی ڕیتمەشدا هیچ ناوازەیییەك یان حاڵەتێکی (نەشاز) دروست نابێت، نە لە دەنگ نە لە بزووتنەوەی ئەکتەر، هونەرێکی گەورەشە ئەکتەر لە نێو ئەو ڕیتمە گەرمە و خێرایەدا کە پێویستی بەلەش و بەدەنێکی ئەکروباتێکی لاستیکی نەرم و شل هەیە بتوانێت ئەو ناوازەیییە نەخاتە ناو ڕیتمی نمایشەکەی خۆیەوە...

بـەپـێچـەوانـەی ئـەو ڕیـتـمـە گـەرم و خـێرایـەش، ڕیـتـمـێکـی هـێمـن و هـێورکـەرەوەش هـەیـە، کـە هـەمـان جـوانـی ڕیتمـە گـەرمـەکـە نیشان دەدات، بەتایبەت لە دیمەنی ئەو زنجیرە ماچەی ڕووناك – لە وریا–ی خەیاڵ دەکات، هەر لە تەوقی سەریەوە، تا دەگاتە بنی پێی، لە بنی پێشەوە تا دەگاتە تەوقی سەری.. یا لە دیمەنی کۆرپەکەی مەلۆتکەکە و لاواندنەوەی لە لایەن ڕووناکی دایکی..

## هارمۆنیای درامی

هـارمۆنیا لە مۆسیقا و گۆرانیدا، کارێکی ئـاساییە، بەڵام دروست بوونی لە جەستەیی ئەکتەردا و لەسەر شانۆ ڕەنگە شتێکی نوێ و بەتاموچێژ بێت.

لە شانۆدا – هـارمۆنیا بە بەرجەستەکردنی حاڵەتێکە بەدوو ئەکتەر، یا چەند ئەکتەرێك دەرەخسێ، کە هەریەکە و بەڕیتم و ئاراستە و تۆنێکی جودا لەوی تریان دروست دەبێت، وەك تۆنی بڵند و یەکێکی تری نزم، یەکێکیان بەئاراستەی چەپ و ئەوی تریان بەڕاست، بەڵام هەردووکیان لە تۆیی یەك حاڵەتدا بتوێنەوە، وەك لە دیمەنی زکری دەروێشانەی ڕووناك و کەژاڵ–دا بەدی دەکرێت، کاتێك هەر یەکێك لەوان بزووتنەوەیەکی دژ بەئاراستەی ئەوی تریانەوە هەیە.

ئەوەی لەو ژمارانەدا بگەڕێت و لە ڕووداوەکانیان بکۆڵێتەوە، ئەوە دەزانێ کە دەرهێنەر جەخت دەکاتە سەر هەندێ ژمارە و چەند جارێك لەسەر یەکدی دووبارەیان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی گرنگی پێدانی بینەر و بەدواداگەڕانی نهێنییەکانی. لە هەندێ دیمەنیشدا (فەرشید گەوێڵی –هیوا) دەکاتە کەرەستەیەکی ڕەمزی و دەمامکێکی سوور بەڕوخساریدا دەپۆشێ، جلوبەرگێکی کوردی لەبەر دەکات.

بەهێمنی بەچوار دەوری سنوورە جوگرافییەکانی ناو شانۆگەرییەکەدا دەسووڕێتەوە. بۆ دوو حاڵەت:

١– هـارمۆنیایەکی درامی دروست دەکات – کە دوو حاڵەت لە یەك کاتدا نیشان بدات، حاڵەتێکی دیار و یەکێکی نادیار، ئەو حاڵەتە نادیارە دەکاتە باکگراوندێکی ڕووداوەکان و هۆکارێکی بەردەوام بوونی بزووتنەوەکە لە هەر چوار سنووردا.

٢– خوێندنەوەی دەمامك و جلوبەرگ و ڕیتمی ڕۆیشتنی ئەکتەرەکە، کە پەردەیەکی تەنکی ڕەمزییان بەسەردا کێشراوە.

هـەر لـە وێنـەی هـیوادا – بینـەر ئـەو تفـەنگـەی سـەرشانـی دەبـینـێ کـە نیشانەی موقاوەمەت کردن و خەباتکردنی پێوە دیارە، هەر ئەو چەکە بووەتە دارێك و بەهەزاران گوڵی سووری گرتووە، بەو هێمایەی کە هەر دڵۆپە خوێنێك گوڵێکی سووری ئازادی لێ دەڕوێت.

هەروا دەرهێنەر لە هەندێ کەرەستەی نازیندووی سەرشانۆ، دەلالاتی ڕەمزی زیندوو دروست دەکات، لەوانەش لە پارچە پەڕۆیەك قامچییەك – کە بۆ لێدانی کەژاڵ و لە خاولی و دەستشۆرێکی ناو زیندانەکە ئەو مەلۆتکە ساوایەی – کە بووەتە حەسرەتی ڕووناك، لە دەست شۆڕێك، کڵاوێکی قەلەڕەشەکان و چەندین کەرەستەی دیکەی ڕەمزی بۆیە دەرهێنەر بەو وێنە ڕەمزییانە. بەهایەکی دیکەی خستووەتە سەر دیالۆژ و جەستەی ئەکتەر و زمانەکانی دیکەی دەربڕین و گوزارشتکردن.

## دیکۆر

دەرهێنەر دیکۆرێکی سادەی سپی لە ڕەنگی بەرائەت و بێ تاوانی و پاکی نیشانداوین، کە دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکان و ئەو خەونە سپییە بێ گەردە دەنوێنێ کە بەچوار کۆڵەگە بەیەکەوە بەندن و سنووری جوگرافیاکان دەکەونە ئامێزی ئەو چوار کۆڵەگەیە. بەو فەزاو چواردەورە سپییە، دژایەتی ململانێی پاکی و پیسی، شەڕ و ئاشتی، ڕق و خۆشەویستی، بەرائەت و تاوان، نیشان دەدات لـە دامـێنـی ئـەو ڕەنـگـە سپـیـیـەی بـێ تـاوانـیشدا، پـەروازەیـەکـی خـوێنـاوی دیـارە، وەك ئـەو دڵۆپـە خـوێنـانـەی کـە لـە ڕۆحـی بـەرائـەتدا دەتکێن و شریتێکی خوێناوی بەچواردەوری ئەو فەزا سپییە پاکەدا دەکێشن.

د. قـوتـبـەدیـن – ساکـاریـیـەکـی زۆری نـوانـدووە لـە دیـکـۆردا، بـەڵام مەغزایەکی زۆریشی پێ بەخشیوین.

## ئێکسسوار و جلوبەرگ

لە جلوبەرگدا دەرهێنەر سێ ڕەنگی سەرەکیی هەڵبژاردووە، کە هەر ڕەنگێك دەلالەتێی دراماتیکی و هارمۆنیی خۆی هەیە، بەسەر هزر و دەروونی بینەردا، ڕەنگی سپی، ڕەنگی ڕەش، ڕەنگی سوور.

ڕەنگی سوور کە سەراپای جلوبەرگی ڕووناکی داپۆشیوە ڕەنگی ئەو برینانەیە کە لە جەستە و ڕۆحی ئەو کاراکتەرەدا تەشەنەیان سەندووە، وەکو خۆشی دەڵێت: «هەموو شتێك بەسووری دەبینم، بۆیە ئەو ڕەنگە هەر تەنها ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ئەشکەنجە و ئازار و زامانە نییە کە ئەو ئافرەتە بەدەستیەوە دەناڵێنێ، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی ئەو تێڕوانینە فەلسەفییەشە کە ئەو هەیەتی بەرامبەر بەڕابردوو و دەوروبەری خۆی.

کەژاڵ کە سستەرێکە، بەدلەیەکی سپی پیشە پیرۆزەکەی خۆی لە بەردایە، لە ژێریشەوە وەکو ڕووناك، هەموو جلوبەرگەکانی سوورە و هەمان خەمی ڕووناکی هەڵگرتووە و لە هەمان زەمەنیشدا دەژێت.

پڕشنگ پۆشاکێکی ڕەشی ماتەمینی لە بەردایە، کە ڕابردوویەکی تفت و تاڵی پڕ لە مەرگەسات دەنوێنێ و ڕەنگە مەرگی خۆی هەڵگرتووە، ئەو دنیای بەجێ هێشتووە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا هەموو خەمە ڕەشەکانی لەگەڵ خۆیدا ناشتووە، کە لە ژێر گۆڕیشدا لێی جودانەبۆتەوە.

هەموو زەمەنی پڕشنگ بەتارمایی ڕەشی خۆی و زەمەنی ڕووناك بەپۆشاکی سووری خوێناوییەوە، مێژوویەکی دووروودرێژی لێ لە دایك دەبێت کە پارچەیەك بێت لە مەرگ و خوێن، بەڵام فەزا سپییەکە هەموو ڕەنگەکانی لە باوەش گرتووە و قەوارەشی لە هەموویان فرەوانتر و بەربڵاوترە.

## ڕووناکی

ڕووناکی لە سەردەمی بێ تاوانیدا نەك هەر تەنیا هاوتەریبی ڕەگەزە شانۆییەکان نەبوو، بەڵکو بۆشاییەکی بەرفراوانی لە پانتایی شانۆگەرییەکەدا بەجێ هێشتبوو، زۆر لەو دیمەنانەی کە بەڕووناکییەکی کراوە – مانەوە، پێویستییان بەکەشوهەوایەکی ئەوتۆ هەبوو لەو ڕووتی و والاییە، بەرجەستە بکرێن و بەرگێکی سایکۆلۆژی و فەلسەفیی ئەوتۆ (بەڕەنگ) لەبەر بکەن کە بینەر دەسەلاتی خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی ئەکتەرەکانی هەبێت.

لە شانۆگەرییەکە سایکۆلۆژی ئاوادا، کە پڕە لە ترس و ڕاڕایی و نیگەرانی، پڕە لە گرێ کوێرەی دەروونی، دەرهێنەر چۆن دەتوانێت بەتەنیا بزووتنەوە و تەعبیری دیوی دەرەوەی ئەکتەر هەموو ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژی و فەلسەفییانە بگەیەنێت کە لە ناخی ئەکتەردا هەن.

دەرهێنەر بەهاوسەنگ نەبوونی ئەکتەر، هێزی دەربڕینی ئەکتەریشی – لە پەنای ڕووناکییە بێ جووڵەکاندا دەتاواندەوە تابلۆ تەعبیری و سایکۆلۆژییەکانی دەشکاند، لە هەندێ دیمەندا، تەنیا گوێمان لە هەناسەی ئەکتەر دەبوو، هەموو شتێك کەوتبووە ژێر بارێکی خامۆش، بەلام ئەو هەناسە خامۆشە نەخرابووە ناو چوارچێوەیەکی ئەوتۆی ڕەنگ و ڕووناکی کە بینەر لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچی ناو ڕووداوەکە بکات. لەگەڵ ئەکتەردا بترسێ، لەگەڵ ئەکتەردا ڕاچڵەکێ، لە هەمان کاتدا ڕووناکی کراوە، ناتوانێت (تەرکیز)ی بینەر لە خاڵێکی دیاری کراوی شانۆدا کۆ بکاتەوە، بەڵکو شانۆ پڕ بەچاوی خۆیەوە دەبینێت و هەموو پانتاییەکان – بیری دەفڕێنن و خەیاڵی پەرتەوازە دەکەن، بۆیە ڕووناکی چاوی بینەر ئاراستەی ئەو خاڵە دەکات کە دەرهێنەر قەستی ئەوەی بۆ دەکات بینەر دیقەتی بداتێ

لــە هــەمــان کــاتــیشدا پــێگــەی ڕووداوەکــان لــێکــدی جــودا دەکــاتــەوە و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی سەربەخۆی خۆی بۆ دەکێشێ.

لـە سـەردەمـی بـێ تـاوانـیدا – ڕووداوە ئـاگـرینـەکـان تێدەپـەڕن، ڕیـتمـی ڕووداوەکـان لـە گـۆڕانـدان، لـە بـەهـۆش هـاتنـەوەی ڕوونـاك، لـە بـێ هـۆش بوونی، لە هیستریاگرتنی ، لە هاواری کەژاڵ، لە گێڕانەوەی باکگراوندە مێژووییەکان، لە دامرکانەوەی ئازارە دەروونییەکان ڕووناکی بەرامبەر بــەو حــاڵــەتــە گــەورانــە، تــیشکــێکــی هــێز و بــێ دەســەڵاتــی مــردوو بــوو، ڕەنگەکانیشی وەکو گەڵای پایزان لە خەیاڵی بینەردا هەڵدەوەران.

## مۆسیقا

دەرهـێنـەر مـۆسیقـای لـە شانـۆگـەرییـەکـەیدا بـەکـار نـەهـێنـاوە، بەڵام دەنگی ئـەکتـەرەکانی کردووە بەمۆسیقا، ئەوەتا لە لایلایـەو ونـەونـە ژێر زارییـەکانی ئـەکتـەر درك بـەبوونی مۆسیقایەکی بەهێز و کاریگـەر دەکرێت، بەشێوەیەك بینـەر هـەست بـەوە نـەکات کە مۆسیقا لەم شانۆگەرییەدا بوونی نییە... ئـەمە دەسەڵاتی هونـەریی دەرهێنـەر دەنوێنێ، کە لە نەبووندا بوون بڕەخسێنێ.

بـەڵام ئـەم گـۆڕانییـانـەی کە لە هـەنـدێ دیمـەنی شانـۆگـەرییـەکـەدا هـەبوون، لـەوانـەش دیمـەنی زەمـاوەنـدی ڕوونـاك و دەنگی عومـەر غـەمزەیی، ڕەنگە بـەمـەبـەستی تـەوزیفکردنی کەلـەپـوور بێت لـە شانـۆدا، بـەڵام کـەشوهـەوای سیحراویی شانۆگەرییەکەی شکاند و خەیاڵی بینەری داهیراند، بەرەو کـەشوهـەوایـەکـی سادە و ساکـاری مـیللـی، کـە دەکرا تـەنـیـا شاییـەکـەی ڕوونـاك بـەس بێت و بزووتنـەوەی ئـەکتـەر خـۆی لـە خـۆیدا ئـەو ڕیتمـەی دەدایـە ئـەکتـەر و هـەمـان ئیحـاشی دەدایـە بینـەر بـێ ئـەوەی پێویستی بـەدەنگ و مۆسیقـایـەکی نـاوازەی ئـەوتـۆ بێت.

کە ئـەو کـەشوهـەوا (طقس) پیرۆزە بشکێنێ کە بینـەر زۆر بـەتـامـەزرۆیی و خـەیـاڵێکی چڕوپڕەوە تێیدا نغرۆ بووبوو، هـەمـان حـاڵـەت لـە سـەرەتـای دەست

پێکردنی شانۆگەرییەکە و لەگەڵ گۆرانییەکانی دیکەی ناو شانۆگەرییەکە هەستی پێ دەکرا.

## چارسەرکردنی درامی

بۆ بەدەستەوەدانی چارەسەرییەکی گونجاوی دوماهی شانۆگەرییەکە، دەرهێنەر ڕووناك لەو شێتییە ڕزگار دەکات، وەك ئەوەی لە خەوی غەفڵەت بەئاگا بێتەوە وابوو، بەڵام ئەوکات ئەو لەو شێتییە ڕزگار دەبێت زەمەن تێپەڕ بووە و جەستەی وشك هەڵگەڕاوی بەدەم وەبیرهاتنەوەی ناوەکانی مێشکی، بەسەر پێخەفەکەدا ڕادەکێشێ و چاولێك دەنێ و دەکەوێتە خەوێکی ئەبەدی.

دایکیشی بەدەم لایەلایەکانییەوە، لایەلایەکی تر بۆ مەرگی پایزی ڕووناك دەڵێتەوە دەرهێنەر کۆتایی بەشانۆگەرییەکەی دێنێ.

ئەو وەڵامەی بینەر لە پەراوێزی ئەو چارەسەرکردنە دراميیەدا بەدوایدا دەگەڕێت ئەوەیە کە دیارە گەلێك هۆکار هەبوون ڕووناکیان شێت کرد، بەڵام دەپرسێت، ئەی ئەو هۆکارانە چی بوون وای کرد ڕووناك لە گەرمەی شێت بوونی خۆیدا بەبێ هیچ بۆنەیەك بەهۆشی خۆی بێتەوە و بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی؟!

لە هەمان کاتیشدا، لە پەنای ئەو پرسیارەدا ئەو پرسیارەش لە خۆی دەکات کە چۆن ئافرەتێکی شێت، کە نزیکترین کەس لە خۆی و هەتا خۆشی ناناسێتەوە، چۆن ئەو هەموو ڕووداو و ئەو هەموو ناوە و مێژووانە بە دیقەت بەبیردا دێتەوە و یەکە یەکەیان بۆ کەژاڵ دەگێڕێتەوە.

ڕەنگە هەندێك بڵێن کەژاڵ، فاکتەرێکی هاندانیەتی بۆ بەبیرهاتنەوە، بەڵام دیارە بینەر لەلایەنی زانستی دەروونییەوە، قەناعەت بەوە ناهێنێ کە شێتێك خۆی نەناسێتەوە، ئەو مێژووە دوورودرێژە، بەو هەموو وردەکارییەوە بگێڕێتەوە.

ئـەم حـاڵـەتـە بـۆ یـەكـێك كـە نـەخـۆشیـەكی دەروونـی هـەبـێت كـارێكی ئـاساییە، بەڵام بۆ شێتێك كە هەتا خۆشی و نزیكترین كەسیش نەناسێتەوە، دەبێت پاساوێكی زانستی و مەنتیقی ئەوتۆی هەبێت قەناعەت بەبینەر بێنێت. وەك چۆن بۆ پاساوێك دەگەڕێت بۆ چاكبوونەوەی كتوپڕی. ڕاستە ئەو لە كۆتایی شانۆگەرییەكەدا ویستوویەتی بەهۆی ئەو تارا بووكێنییەی جارێكی تر مەرگی ڕووناك بكات بەزەماوەندێكی تر، بەڵام نەی توانیوە نەمریەك بداتە ئەو ڕووناكەی كە هێمای ڕاستی و سەربەخۆیی و دەنگی ئازارەكانی مرۆڤ بوو، بینەر بەوە ڕازی نەبوو ئەو ئافرەتە كە بەدرێژایی هەموو تەمەنی لە ململانێدا بوو لەگەڵ ڕەوتە نەگەتیڤەكانی ژیان، ئاوا بـەئـاسـانـی خـۆی بـداتـە دەست مـەرگ، ئـەگـەر دەرهـێـنـەر لـە مـەرگـی ئـەودا ڕەمزێكی گەورەی دروست نەكردایە!.

پاشان هەر بینەر دەپرسێت... دەرهێنەر چ سوودێكی لەو بەئاگاهاتنەوە ناسروشتییەی ڕووناك بینی، خۆ ئەگەر لە حاڵەتی شێت بوون و بێ ئاگایی خۆیدا سەری نابووایەوە. مەرگەكە پیرۆزتر دەبوو، ماناكانی مردنیش گەورەتر دەبوون.

# گەڕانەوە بۆ "مەرگ و کچ"



## سەردەم لە مەرگ و کچدا

هەڵبژاردنی دەقی «مەرگ و کچ»ی «ئاریێل دۆرفمان» بۆ کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمە لەم ئان و ساتەدا هەڵبژاردنێکی وردبینانەیە، چونکە لێکچوونێکی کتومت لە نێوان سەردەم و ڕووداوەکانی شیلی... وڵاتی «دۆرفمان» لەگەڵ ڕووداوەکانی وڵاتی ئێمەی دوای ڕووخانی دکتاتۆرییەت و بەجێمانی خۆڵەمێشی کارەسات و مەرگەساتە تاپەکانی هەردوولا هەیە.

ڕەنگە یەکلاکردنەوەی دەرهاویشتەکانی ئەو سەردەمە، پێویستی بەماوەیەکی درێژخایەن بێت، بەڵام چۆڕاوگە و دەرهاویشتانە لە دەروون و جەستە و ڕۆحی خەڵکەکەدا بەردەوام دەبێت، بۆیە دوای تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ زەمەن – «پاولینا»وە تێدەگا کە هەموو ڕووداوەکان لەو ساتەدا لە دایك دەبن کە ئەوی تێدا دەژیت و، دکتۆر –میراندا–ش هێمایەکە بۆ دکتاتۆر و دەست و پێوەندەکانی، کە دوای ڕووخان و شکست هێنانیان دەکەونە ژێر چەکوشی «پاولینا»یەك کە هێمایەکە بۆ مێژوو بۆ گەل، بۆ ڕاستی و لە ئاکامدا وەك حوکمێکی ڕەهای سروشتی سەردەکەون و مافی مرۆیی و ئازادی خۆیان لە چاوی ئەو دکتاتۆرانە دەردەهێنن و ئەو ڕۆژە ڕەشانەیان نیشان دەدەن کە لە چاوەڕوانیاندا بوون.

پاولینل – بۆ ساغکردنەوەی حیساباتی ڕابردووی ئەوان، هەموو ئەو فاکتەرانە بەکار دەهێنێ کە دەبنە هۆکار بۆ چەوك پێدادانی تاوانبارەکانی سەردەم و داننان بەتاوانەکانیان، هەر لە توندوتیژییەوە بگرە تا دەگاتە دیالۆگ و یاسا ودادگاش، بەڵام هێز – بەدەسەڵاتدارترین فاکتەرێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە...

لە هەموو حاڵەتێکا –لە مەرگ و کچ–دا سەردەم دەکەوێتە بازنەیەکی لەت کراو بەدوو کەرتەوە، کەرتی سەردەمی ڕژێم و کەرتی سەردەمی دوای ڕژێم، بەڵام پارسەنگی بنەڕەتی و سەقامگیربوونی دەکەوێتە سەردەمی

دوای ڕژێم – کـــە ڕەنـــگـــە کـــاریـــگـــەری و ئـــاڵـــۆزبـــوون و چـــاکسازی و یەکلاکردنەوەی پرسەکانی، زۆر لەوەی یەکەمیان سەختتر و ئاڵۆزتر بێت. پـێم وایـە «د. فـازڵ جـاف» لـە دەرەنـجـامـی درککردنـی بـەنـزیکـی ئـەو دوو سەردەمە و ڕووداوەکانی هەردوو کۆمەڵگای کورد و شیلی لە یەکدی، ئەو دەقەی هەڵبژاردووە، ئەگەرچی دەقەکە بۆ هەر هەموو سەردەمێك و لەگەڵ هەر هەموو کۆمەڵگایەکدا دەگونجێت.

## تێکست

دەقی شانۆییەکەم لە بەردەستدا نییە کە ئاخۆ د. فازڵ جاف تاچەند دەستی لە تێکستە ڕەسەنەکە وەرداوە، بۆ ئەوەی شانۆییەکە بۆ وەرگری کورد سپی کرابێت، بەشێوەیەك کە هەزم کردنی سانابێت و لێی وەڕس نـەبـێت، چـونـکە بـمـانـەوێ و نـەمـانـەوێت تـێکستـە ڕەسەنـەکـە بـەقـەڵـەم و زمانێکی ئەوروپی نووسراوە کە ڕەنگە لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ سروشت و مەزاجی بینەری ڕۆژهەلاتی جوداییان هەبێت، بەتایبەت دیالۆگ درێژی شانۆیی کە ئەگەر دەرهێنەر فڕوفێڵێکی هونەریی لەگەڵ بینەردا نەکات، ناتوانێت دەسەلاتی ئەوەی بەسەردا بشکێ کە بینەر دووچاری مەلەل دەبێت، بۆیە دەرهێنەر بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە هەمیشە پێویستی بەوە هەیە کە بینەر ڕاچڵەکێنێ و ئاگای بێنێتەوە، من درکم بەوە کرد کە لە دیمەنی یەکەم و دووەمدا دیالۆگ – باڵی خۆی بەسەر شانۆکەدا کێشابوو، بەتایبەت دیالۆگەکانی د. میراندا و گیراردۆ، کە دەکرا دەرهێنەر ئەوەندە بەقووڵی نەچێتە ناخ دیالۆگەکان، یان ئامادەکردنێکی بۆ کردبان.

## دەرهێنان

دەرهـێنـەر بـەشێوازێکـی واقـیـعـی کـار دەکـات و جـۆرێك لـە ئـاوێتـە بـوونـی کردووە لە نێوان میتۆدی ستانسلافسکی و مایرهۆڵددا، ئەم فۆرمە شانۆییە لای بینەری کورد قەبووڵە، چونکە تەمومژی تێدانییە و زۆر بەئاسانی

دەتوانێ چێژ هەم لە دیالۆگەکان وەربگرێ، هەم لە وێنە و ئێستێتیکای شانۆیی، د.فازڵ جاف ئاسانکارییەکی زۆری کردووە لە دەبڕیندا کە ڕەنگە بینەر هیچ کێشە و گیروگرفتێکی هونەری ئەوتۆی لە بەردەمدا نەمێنێ بۆ گەڕان بەدوای شیکردنەوە و تێگەیشتن لە فەلسەفە و چەمکی شانۆگەرییەکە بۆ «دەستە بژێر –نوخبە» نەبێت و تەنیا هەوادارانی شانۆ سوودمەند نەبن لە شانۆگەرییەکە، بەڵکو بۆ خەڵکی سادەش بێت، کە دیارە ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ قەبووڵکردنی شانۆگەرییەکە لەلایەن بینەر و ئاوێتەبوونی لەگەڵ فەلسەفە و ئێستێتیکای شانۆگەرییەکە، بەپێچەوانەی هەندێ شانۆگەری پڕ لە تەمومژی ئاڵۆز کە وا لە بینەر دەکەن بەهایەك بۆ شانۆ دانەنێت، ئەم شێوازەی د. فازڵ ئێستاکە لە زۆربەی شانۆ جیهانییەکاندا باوە، تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا نەبێت کە سنوورێکی دیاریکراوی هەبووە، لە ساڵانی هەشتاکاندا هەندێ نموونەی جوان هەبوون، لە چەشنی شانۆگەری (مانگی ئاوابوو) و (هاوارێکی تاساو)ی جەلیل زەنگەنە، بەڵام ئەو ئەزموونە وەك پێویست پەرەی پێ نەدراوە.

بۆیە ئەو شێوازە شانۆییە بەگوێرەی شانۆی جیهانی ڕەوتێکی نوێ نییە، بەڵام بۆ ئێمە ڕەنگە تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەبێت، چونکە ئەزموونمان لەگەڵیدا کەم بووە، ئەوەی تا ئێستا پتر لە گۆڕەپانی شانۆی کوردیدا باو بووە شانۆی واقیعی و ئاهەنگسازی و شانۆی ڕەمزی و تەعبیری و پانتۆمایم بووە، بۆیە لە جێی خۆی دایە ئەگەر دەرهێنەرەکانمان بەر لەوەی شێوازێکی دیاریکراوی شانۆیی هەڵبژاردن، لە خۆیان بپرسن کە ئێمە لە ئان و ساتە تەنگەتاوەدا چی پێشکەش بکەین، بۆ ئەوەی متمانەی بینەر بگێڕینەوە؟ من ئەوەی لە ڕێگەی بینەر و چڕوپڕی هۆڵە شانۆییەکانەوە خوێندبێتمەوە لە هەندێ شانۆگەری وەکو «سەردەمی بێ تاوانی د. قوتبەدین سادقی، چۆلەکەیەك لە تاو ئازارەکانیدا سەما دەکا–ی سدیق حوسێن» و ئەو شانۆگەرییەی د.فازڵ–دا خوێندبێتمەوە کە بینەری

کورد پتر تامەزرۆی ئەو شانۆگەرییانەیە کە شێوازی ئاڵۆزیان نییە لە گوزارشتکردندا.

لە (مەرگ و کچ)دا دەرهێنەر جگە لە فەلسەفەی بنەڕەتی پرسی شانۆگەرییەکەی کە کەوتنە ناو تۆڕی دکتاتۆرەکان و ناچاربوونیان بەدان پێنان بەتاوانەکانیان، لە هەمان کاتدا دەرهێنەر چەند فاکتەرێکی گرنگی هونەری بۆ سەرنج ڕاکێشان و وروژاندنی بینەر بەکارهێناوە، کە ئەمانەن:

١- گرێیەك هەیە وا دەکات بینەر لە چاوەڕوانیدا بژیت و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و ڕیتمی شانۆگەرییەکە هەر بەهوشیاری و بەئاگا لە خۆبوونێکی زۆرەوە شانۆگەرییەکە بەسەر بکاتەوە، کە بریتییە لە گرێی دیاریکردنی چارەنووسی دکتاتۆرە، کە ڕەنکە بینەریش لە پاڵ «پاولینا سالاس» و «گیرادۆ» بۆچوونی خۆی هەبێت بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە، هەر بۆیەش دەرهێنەر هیچ چارەسەرکردنێك بۆ ئەو گرێیە دانانێ، بۆ ئەوەی بوار بۆ بینەر بەجێ بێڵێ کە خۆی ئەو گرێیە بکاتەوە بەوەی کە بەپەسەندی دەزانێ.

٢- دروستکردنی ڕەگەزەکانی وروژاندن، بەهۆی هەڕەشە جدییەکانی «پاولینا» و بەکارهێنانی چەك بەتایبەت لە کاتی تەقاندنەوەی گوللەیەك کە بینەر بەشێوەیەك دەترسێنێ، وا هەست بکا کە بەو گوللەیە کۆتایی بەژیانی دکتاتۆر هات، نیشانەی ئەو وروژاندنەی بینەریش بەوە دەردەکەوێت کە لەو دیمەنەدا مقۆمقۆیەکی نا ئاسایی لەلایەن بینەرانەوە هەستی پێ دەکرا.

دروست بوونی ترس و نیگەرانی لەلای بینەر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە چێژێکی گەورەی ڕۆحی و دەروونی بەبینەر دەبەخشێ، کەرەستەکانی دروستبوونی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانەش بەزۆری لە ڕێگەی ئەکتەر و

بزووتنەوەی ئەکتەر و ئەدا و توانا و دەسەڵاتی ئەوان بەرزبوونەوەی ڕیتمی ڕووداوەکانەوە دەرەخسا، دیارە موزیك و هەندێ موئەسیراتی دەنگیش کاریگەری خۆیان هەبوو لە بەرچەستەبوونی ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژییانە لەلای بینەر.

ئەگەر بینەر هەستی پێ کردبێت، دەرهێنەر ئەو گەمە سایکۆلۆژییە بەئاشکرایی لەگەڵ بینەردا دەکات، کاتێ ناوە ناوە پاولینا – هێرش دەباتە سەر د.ڕۆبێرتۆ میراندا، یان خاوبوونەوە و گرژبوونەوەی ڕووداوەکان، هەموو ئەو گەمانە دینامیکییەتێکی دەروونی بوون بۆ بینەر و چێژ لێ وەرگرتن.

ئەوەی لەو گەمە سایکۆلۆژییەدا گرنگ بوو ئەوەبوو کە ئەکتەرەکان بەهەر سێکیان یاری زانی بەتوانا بوون بۆ ڕاگرتنی ئەو ئاستە سایکۆلۆژییەی کە لە دەروونی دروست بووبوو، چونکە بچووکترین خاوبوونەوە گەمە سایکۆلۆژییەکەی ئاشکرا دەکرد متمانەی بینەری کز دەکرد.

٣– دەرهێنەر لەسەر شانۆدا ئەکتەر ماندوو ناکات، بەڵکو بەنواندنێکی واقیعی زۆر ئاسایی کار دەکات، بینەر هەست بەوە ناکات کە هیچ جۆرە هەڵچوونێك یان نواندنێکی دروستکراو لەسەر شانۆدا هەیە، ئەوەی زێتر لە هەموو ئەوانە گرنگی پێ دەدرا «ئەدا»یە لای ئەکتەر، ئەو «ئەدا» جوانانەی کە لەگەڵ ڕیتمی دیالۆژ و ڕووداوەکان دروست دەبن و لەگەڵ خۆیاندا بینەر ڕادەچڵەکێنن و هەست بەوە دەکا کە ئەو ئەکتەرانەی ئەو لەسەر شانۆدا دەیانبینێ کەسانێکی زیندوون، مەبەستم ئەوەیە داشی دامەنین لەسەر شانۆدا بەکاربهێندرێن، بۆیە هێزی هەرە بنەڕەتی ئەکتەرەکانی د.فازڵ جاف لە ئەدای شانۆییە، کەوا دەکەن لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەزیندوویی بمێنێتەوە.

## ئیستێتیکای شانۆیی

دەرهێنەر بۆ ئەوەی فەلسەفەی خۆی لە شانۆگەرییەکدا بگەیەنێ، پێش هەموو شتێ پێویستی بەدروستکردنی ئەو کەشوهەوایە هەیە کە بینەر ئامادە دەکات بۆ وەرگرتن، ڕەخساندنی ئەو کەشوهەوایەش پەیوەستن بەچەند ڕەگەزێکی کاریگەری شانۆیی لەوانە:

یەکەم: دیکۆر... دەرهێنەر دیکۆرێکی سادەی بەکارهێناوە کە بریتییە لە هۆڵی باڵەخانەیەك – مێزێکی نان خواردن و چەند کورسییەکی لە دەورە، مێزەکە سینییەك میوەی لە سەرە، هیچ دیکۆرێکی ڕەمزیی تێدا نییە کە گوزارشت لە حاڵەتێکی دیاریکراو، یان زەمەنێکی دیاریکراو بکات، ئەم سادەییە لە دیکۆردا هیچ زێدەڕۆییەکی تێدا نەکراوە، تەنیا دیکۆری دیمەنی کۆتایی نەبێت کە لە نووسینگەیەك دەچێت، کەمێك زێدەڕۆیی تێدایە ئەمە لە کاتێکا کە دەکرا ئەو هێلاکی ماندووبوونە خۆڕاییە بەشێوەیەکی ئاسایی بووە، وەك ڕووخسار و فۆرمەکانی دیکەی شانۆگەریەکە.

دووەم: موزیك تا ڕادەیەك ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە بەرجەستەبوونی دیمەنەکان، بەتایبەتیش لە حاڵەتە سایکۆلۆژییەکاندا، لە پاڵ موزیکدا موئەسیراتی دەنگ لە چەشنی کەشوهەوای سەر ڕووبار و شەپۆلەکانی دەریا کە کەوتبوونە نێوان دیمەنەکان، هەم ڕیتمی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی بینەری ڕادەگرت تا دەست پێکردنەوەی دیمەنی دواتر، هەمیش ئەو بۆشاییەی پێ بڕ دەکرایەوە کە کەوتبووە نێوان دیمەنەکان، ئەم موئەسیراتی دەنگە لە کەشوهەوایەکی خامۆش و بێ دەنگ و تاریکدا، وای لە بینەر دەکرد کە هەست بەگۆڕینی دیمەنەکان نەکات و مەزەندەی ئەوە بکات کە نمایشەکە هەر بەردەوامە.

## ڕووناکی

ڕووناکی لە مەرگ وکچدا کاریگەری خۆی لە بەرجەستەبوونی ڕووداوەکان و گوزارشت کردن لە زەمەن و حاڵەتە دەروونییەکانی ئەکتەردا هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ڕووناکی جۆرێك لە جوانکاری بەهەندێ دیمەن بەخشی بوو، بەتایبەت لە دیمەنی دادگاییکردنی د.میراندا، یان لە دیمەنی دان پیانانی بەتاوانەکانی، هەروەها ئەو ڕووناکییە زەردەی پەخشی سەر پاولینا سالاس بووبوو لە کاتێ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی.

ڕووناکی لەم شانۆگەرییەدا جۆرێك لە جوانی بەشانۆکە بەخشیبوو کە دیارە ئەویش لەلای خۆی کاریگەری درامی و دەروونی خۆی بەسەر بینەردا هەبوو.

## ئەکتەر لە مەرگ و کچدا

سێ کاراکتەر لە «مەرگ و کچ»دا دەردەکەون کە سێ ئەکتەر ڕۆڵیان تێدا دەبینی، پاولینا سالاس – تەلارهیرانی، گیراردۆ ئێسکۆبار – مەریوان کەمال، ڕۆبێرتۆ میراندا – عادل عەبدوڵڵا.

هەریەك و لەو کاراکتەرانە کەسایەتی و بەسەرهاتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بەتایبەت «پاولینا سالاس» ئەو ئافرەتە ستەم لێکراوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەلایەن دەست و پێوەندەکانی دکتاتۆرەوە دەڕفێندرێ و دەخرێتە زیندانەوە، لەوێ ئەشکەنجە و ئازار دەدرێ و هەتك دەکرێت، دواتر بەدرێژایی تەمەنی پاولینا سالاس بەدەم ئەو ئازارەوە دەناڵێنێ و دووچاری حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆز دەبێت، بەڵام قەت بیریش لەوە ناکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێکەوتێکی وا دروست بێت دکتاتۆر بڕووخێ

و ئەو دکتاتۆرە زاڵمە بەدەست و پێ بەستراوی بکەوێتە ژێر قاچەکانی پاولینا سالاس و داوای لێبووردن بکات و لێی بپاڕێتەوە، بەڵام ئەمە هەقیقەتێك بوو هاتە دی، بەچەشنێك ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتە بۆوە کە نەپارانەوەی د. میراندا و نە ناوبژیوانی کردنی گیراردۆی مێردی نەیانتوانی کارێك بکەن کە پاولینا دەست لە هەڵوێستی جێگیری خۆی هەڵبگرێت و سازش لەسەر ئەو ئەشکەنجە و ئازاردان و هەتك کردنەی خۆی بکات، چونکە تا گیراردۆی مێردیشی نەیدەزانی پاولینا چەند بەدەم ئەو کارەساتەوە ئازاری چێشتووە و ماوەی پانزە ساڵ تێپەڕبوونی تەمەن چەند لە ناخ دۆزەخی دەروونی خۆیدا ئەشکەنجەی خواردووە.

**پاولینا**- نموونەی هەموو ئەو ئافرەتانەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژێر ستەمی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ئازار دراون، ئەو لە جیاتی هەمووان گەورەیی خۆی دەسەلمێنێ و پێیان دەڵێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەڕووخێن و ملکەچی مێژوو دەبن، بەڵام ئەوکات شتێ دادتان نادات..

**تەلار هیرانی**- کە ڕۆڵی پاولینا سالاس-ی بینی، سام و خرۆشێکی لەسەر شانۆ دروستکردبوو، کە بینەر لە ئاست کەسایەتی بەهێزی ئەودا ترس دایبگرێ و هەست بەخرۆشان بکات، بینەر درکی بەوە دەکرد کە هەموو هێزی دنیا لە ناو کەسایەتی ئەو ئافرەتەدا کۆبۆتەوە، نیشانەی ڕق و ژانی ڕاستگۆییانە و ئازایەتی لە تەلار هیرانیدا ڕەنگی دەدایەوە، ئەمەش وای کردبوو کە تەختەی شانۆکە داگیر بکات و هەموو سەرنجێکی بینەر بەلای نواندنی ئەودا بشکێتەوە.

**تەلار**- گەلێك خەسڵەتی گرنگی ئەکتەرایەتی تێدایە، هەر لە لەش و لاری لاستیکییەوە، تا دەگاتە بەژن و دەنگ و توانای ئەداکردن، وێڕای هەموو ئەو خەسڵەتە بنەڕەتییانەش ئەکتەرێکی چاو نەترسە، نە لە شانۆ نیگەرانییەکی هەیە نە لە بینەر، هەموو ئازادیەکیشی پێ دراوە لە نواندندا، بۆ ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا پشت بەدەسەڵاتی هونەری

تایبەتی خۆی ببەستێت، لەو ساتانەی کە پێویستی پێی دەبێ، بێ ئەوەی هەست بەهیچ کۆت و پێوەندێك بکات کە لەلایەن دەرهێنەرەوە بۆی دارێژرابێت.

تەلار هیرانی – جوداییەکی تایبەتی تێدایە لە نواندندا بەتایبەت لەو شانۆگەرییەی «مەرگ و کچ»دا ئەویش شکاندنی کۆمەڵێ کۆت و پێوەندی نواندنە کە بۆ ئافرەتی ئەکتەری کورد هێڵێکی سوورە.



ئەم کۆت و پێوەند شکاندنە لە چوارچێوەی پێوەندی سۆداری ئافرەت و پیاو پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زەقە لە شانۆی کوردیدا کە هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ بەرجەستەبوونی حاڵەتێکی خوازیار کە لەسەر شانۆدا، ئەم حاڵەتە بۆ شانۆی جیهانی حاڵەتێکی سروشتییە، تا ئێستا لەلای ئێمە و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نەبیندراوە، بۆیە ئەو دەستپێکەی تەلار هیرانی بەدەستپێکی هونەری بوێرانە لە شانۆی کوردیدا دەژمێردرێت.

ئەوەی کە من بەتێریم نەدەبینی لە نواندنی تەلار هیرانیدا تەنیا ئەوە بوو کە دەکرا گرنگی زێتر بە«ئیلقا» بدات لە کاتی درکاندنی دیالۆگەکان، بۆ ئەوەی ئەو دیالۆگانە نرخ و بەهای تایبەتی خۆیان ببەخشن، بۆیە من پێم وایە «تەلار» پێویستی بەپەروەردەیەك هەیە لە ڕووی ریتم و دەنگەوە.

گیراردۆ ئێسکۆبار – مێردی پاولینا سالاس بوو، کاری پارێزەری بوو، لە کۆمیتەیەکی مرۆییشدا کاری کردووە کۆنە دۆستێکی «ڕۆبێرتۆ میراندا» بوو، ئەو پیاوێکی یاسایی هێوربوو، حەزی بەتوندوتیژی نەدەکرد لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا، بەپێی ئەو یاسایەی بڕوای پێ هەبوو هەڵسوکەوتی دەکرد و لایەنگیری بۆ هیچ لایەك نەدەکرد، بۆیە زۆر جاران کە دەیبینی ژنەکەی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی پەنا بۆ چەك یان توندوتیژی دەبا هەڵدەچوو، هەڕەشەی ئەوەی لە ژنەکەی دەکرد و کە ئەگەر کارێکی نا یاسایی بکات ناچارە پەنا بۆ پۆلیس بەرێت، ئەو ناوبژیوانی نێوان د. میراندا و ژنەکەی دەکرد بۆ ئەوەی بەدیالۆگ بگەنە ئەنجامێك، بەڵام کە وەك دادوەرێك گوێی لە قسەکانی هەردوولا گرت، داوای لە د.میراندا کرد کە داخوازی ژنەکەی بەجێ بێنێ و بەدەست و پەنجەکانی خۆی دان بەتاوانەکانی خۆی دابنێ و ئەگەر نا هەموو ئازادییەك بەژنەکەی دەبەخشی، بۆ ئەوەی ناچاری بکات دان بەتاوانەکەی دابنێ، بۆیە لە ئەنجامی هەڕەشەی پاولینا و پشتگیریکردنی لە لایەن گیراردۆ لە ترسی مەرگ هیچ چارەیەکی لە بەردەمدا نەما کە چۆك بدا و بپاڕێتەوە کە

پاولینا نەیکوژێ، چونکە خاوەنی ماڵ و منداڵە و بەزەیی پێدا بێتەوە.

مەریوان کەمال کە ڕۆڵی گیراردۆی دەبینی نواندنێکی سروشتی دەکرد، بەڵام لەسەر ڕیتمێکی هەمیشە گۆڕاو لە هەڵچوونی و دابەزیندا، وەك چۆن لە کەسایەتییەکەیدا پیاوێکی ئاشتیخواز و هێمن و یاسا پەروەر بوو، لە نواندنیشدا هەستت بەو خەسڵەتانە دەکرد لە کەسایەتی «مەریوان کەمال»دا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام ئەوەی من لە هەموو شتێك زێتر بەلامەوە لە ئەکتەرییەتی مەریوان کەمالدا پێم جوان بوو، ئەو دەنگە درامییە شانۆییە بوو کە لەلای مەریواندا هەیە و هێزێکی ئێجگار گەورەی بەکەسایەتی و نواندنی مەریوان بەخشیوە و بەم دەنگە دەتوانێ خۆی لە زۆر ئەکتەری دیکەی هاوشانی خۆی جودا بکاتەوە، من لە «مەرگ و کچ»دا هەستم بەوە دەکرد ئەو ئیلقا و دەنگە کە ڕەنگە ئیلقا و دەنگێکی سروشتی بێت، وەك ئەکتەر زۆر لە قازانجی مەریوان کەوتووەتەوە، ڕەنگە ئەکتەر پێویستی بەماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر هەبێت تا ڕیتم و دەنگێکی گونجاو بۆ خۆی دروست بکات وەك «لۆرانس ئۆلیفییە» کە بۆ بینینی دەوری «ئۆتیللۆ»ی شکسپیر.

ماوەی شەش مانگ لە لابورێکی دەنگدا خوێندوویەتی و ئەزموونی پراکتیکی لەسەر کردووە، زۆر جاران ڕیتم و دەنگ لە هەندێ کاری شانۆییدا بۆ ئەکتەر شوێنی جەستە دەگرێتەوە، بەهەمان شێوە بۆ بەرجەستەبوونی هەندێ کەسایەتی شانۆیی دەنگ و ئیلقای بێ پەروەردە دەبێتە مایەی ڕووخانی کەسایەتییەك و ئیفلیج بوونی نواندنەکەشی.

بینەر بۆ وەرگرتن، دوو سەرچاوەی بنەڕەتی هەیە، کە ئەویش بریتین لە:

یەکەمیان: بینین، دووەمیان: بیستن ڕەنگە ئەگەر هەردووکیان لە کاری شانۆییدا بخەیتە تای تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە هیچیان بەهای هونەری و دراماتیکیان لەوی دیکەیان کەمتر نەبێت و لەبەر جەستەبوونی دیمەنێك، ڕووداوێك، یان کەسایەتییەك تەواوکەری یەکدی بن، بەڵام لە هەندێ

حاڵەتدا یەكێك لەو دوو سەرچاوانە لەوی تریان بەهێزتر دەبێت لای بینەر وەك ئەوەی لە كەسایەتی (گیراردۆ)دا لە ڕێگەی دەنگ و ڕیتمەوە دەیبیستین.

ڕۆبێرتۆ میراندا، کەسی سێیەمی شانۆگەرییەکەیە کە هێمای دکتاتۆرەکانەو دوای تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەسەر ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بەکەسانی وەکو پاولینا سالاس و زۆرانی وەك ئەو ئەنجامی داوە ئەوڕۆکە ڕووبەڕووی چارەنووسێکی ڕەش دەبێتەوە، چارەنووسێك کە ڕەنگە چاوەڕوانی نەکردبێت، ئەویش ناچار بوونیەتی لە ژێر دەستی پاولینا کەدان بەتاوانە چەپەڵەکانی بنێت کە دەرهەق بەمرۆڤایەتی کردوویەتی، بەڵام ئەو دکتاتۆرە خۆپەرستانە وا بەئاسانی نایەنە سەرچۆك ئەگەر دەسەڵات و هێزێکی گەورە و توندوتیژ وەك دەسەڵاتی پاولینایان دەرهەق بەکار نەهێندرێت، ئەوەی من لە د. میراندام بینی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چارەنووسە ڕەشە تێنوویەتی نەشکاندم، ئەگەرچی پاولینا گەمەیەکی ترسناکی لەگەڵدا دەکرد، کە ئەویش گەمەکردن بوو لەگەڵ ژیان و چارەنووسی، من هەستم بەوە دەکرد کە وێڕای هەموو ئەو توندوتیژییەی دەرهەق بە د. میواندا دەکرا لەلایەن پاولینا سالاس–ەوە، کەچی هێشتا د. میراندا کەسایەتی خۆی لە کیس نەدابوو ڕاستە کە د. میراندا لە تاو ئەو ئازارە دەروونیانەی بەدەستییەوە دەیناڵاند و لە پێناو دەربازبوونی کۆتایی لە دەست ئەو شەرمەزاری و ڕۆژە ڕەشەی تێی کەوتووە مردن بەئاوات بخوازێ و چەند جارێك بەپاولینا دەڵێ بمکوژە و ڕزگارم کە، بەڵام پاولینا ئەو ئاواتە نایەتەدی، کە بەر لەوەی دان بە تاوانەکانی دابنێ مردن بەچاوی خۆی ببینێ، بۆیە پاولینا لە ناو ئەو گەمەی یمردن و ژیاندا چێژ لە چۆك دادانی د.میراندا وەردەگرێ و تۆڵەی ئەشکەنجەو ئازارەکانی خۆ لێ دەکاتەوە.

(عادل عەبدوڵڵا) کە دەوری ڕۆبێرتۆ میراندا دەبینێ، توانیویەتی ڕۆحی فەرخە دکتاتۆرێك لە ناخی خۆیدا بچێنێ و ئەو هەستە بەبینەر ببەخشێ

کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو پیاوە دکتاتۆرێکی زاڵم بووە، چونکە جۆرێك لە ڕەقی و توندوتیژی و خۆ بەزل زانینی پێوە دیارە. بەڵام من لەگەڵ دەرهێنەردا و لە کەسایەتی د. میراندا لە چەند خاڵێکدا لێك جودا دەبووینەوە لە بۆچووندا کە ڕەنگە ئەمەش هەر جۆرێك بێت لە تاکتیك و دیبلۆماسییەتی شانۆیی دەرهێنەر بۆ دروستبوونی خەیاڵ و فانتازیا و هەر بیرۆکەیەك کە بینەر ئازادانە نەخشەی بۆ دەکێشێ بەئارەزووی خۆی وەك ئەوەی ئاواتی بۆ دەخوازێ... لەوانە من بوومایە د. میراندام بەیەك شێوازی دەست و پێ بەستراوەیی لەسەر کورسییەکی ڕەقدا نیشان نەدەدا، بەڵکو حاڵەتی دیکەی گۆڕانم بۆ دروست دەکرد.

دووەمیان: لە کەسایەتی دکتاتۆرم کەمتر دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەو بوارە نەدەمە دکتاتۆرێك کە لە ڕۆژە هەرە ڕەش و تاڵەکاندا هێشتا هەر بیانەوێ جۆرێك لە شکۆمەندی نیشانی خەڵکی بدەن، بەڵکو وام دەکرد کە ڕووی ڕاستەقینە ترسنۆکی و لاوازی و بەتاڵی جەوهەری ئەو دکتاتۆرانە نیشان بدەم لە لە حزەی یەکلاکردنەوە ڕاستەقینەکاندا، بەڵام بەشێوازێکی هونەری، نەك بەرێگەیەکی دروستکراو پڕ لە زێدەڕۆیی.

سێیەم: (عادل عەبدوللا) جگە لەو هەستە دکتاتۆرییە نەبێ، کەمتر حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی وەك ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێمان پێوە بینی، بەتایبەت لەو لە حزانەی کە ڕووبەڕووی مردن دەبۆوە.

## چارەسەرکردنی کۆتایی

لە دیمەنی پێش کۆتاییدا، دیمەنەکە بەوە کۆتایی دێ کە پاولینا لوولەی دەمانچەکەی لە ڕووی د. میراندا کردووە، دوای ئەوەی کە هەموو حیساباتی خۆی لەگەڵ د. میراندا ساغ دەکاتەوە، لەوانەش بەدیهێنانی خواستی پاولینا بەدان پیانانی د. میراندا بەتەواوی تاوانەکانی کە بەدەست و پەنجەکانی خۆی دەیاننووسێ بەمەش مەرجی نەکوشتنی د.میراندا دێتە ئاراوە، بەڵام دیسان هەر پاولینا تینوویەتی بەوەندەش ناشکێ و بیر

بەسرینەوەی ئەو جۆرە تاوانبارانە دەکاتەوە کە مانەوەیان کارێکی بێ مانایە لەژیاندا.

لەو نێوانەدا دەرهێنەر کۆتایی بە دیمەنەکە دێنێ– بۆ ئەوەی یەکلاکردنەوەی چارەسەری درامی و کۆتایی شانۆگەرییەکە بۆ بینەر بەجێ بێڵێ، ئەمەش لە زۆر کاری درامی شانۆییدا کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر دوای ئەو بەجێهێشتنە، بینەر لە دیمەنێکی تردا و دوای تێپەڕبوونی زەمەنێك پاولینا و د. میراندا ببینێ، بەمانا ئەو بەجێهێشتنە بۆ بینەر نامێنێ و دەرهێنەر چارەسەری کۆتایی لە دەست بینەردا دەرهێنا، بۆیە من پێم وابوو دیمەنی کۆتایی لەگەڵ تێکڕای دیمەنەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە لێك جووداییەکی هەبوو لەبەر ئەم خاڵانە:

١– فۆرمی گشتی شانۆگەرییەکە گۆڕا، بەتایبەت لە دیکۆردا کە دیکۆرێکی چڕوپڕی هەبوو، جیاوازی هەبوو لەگەڵ دیکۆرە سادە گشتییەکەی شانۆگەرییەکە، کە دەکرا ئەوەی مەبەست بوو لای دەرهێنەر لەدوا دیمەندا بەهەمان فۆڕم نیشانی بینەر بدات.

٢– ڕەنگە دانانی ئەو دیکۆرە زۆرە لە ڕووی هونەرییەوە کاتێکی زۆری ویستبێ. دروستکردنی ئەم بۆشاییە زۆرەش بۆ گۆڕینی دیمەن لەدوا دیمەندا کە بینەر لە تروپکی چێژی خۆیە دایە و چاوەڕوانی تەسلیم بوونی شانۆگەرییەکەیە، زۆر لە ئاستی ئەو چێژەی دابەزاند.

٣– هەستم بەگۆڕینی ڕیتمی گشتی شانۆگەرییەکە کرد لە شێوە و ناوەڕۆکدا بۆیە ئاوێتەبوونی ئەو ڕیتمەش لە دوا لەحزەدا جۆرێك لە نامۆبوونی دیمەنی نیشان دەدا لە لای بینەر کە ڕەنگە نەتوانێ بەئاسانی لێکیان ببەستێتەوە لەبەر نەمانی دەرفەت.

٤– هەندێ گومان لای بینەر لەدوا دیمەندا دروست بوون لەوەی کە ئایا ئەو شوێنە کوێیە؟

ئەوانە کێن پشتیان لە ئێمەیە؟ تۆ بڵێی ئەمانە پاولینا سالاس و د.میراندا بن! بەڵێ!... نەخێر!...

ئەو گومانە لەگەڵ بینەردا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لە هۆڵەکەش دەچێتە دەرەوە و دوای بەجێهێشتنی هۆڵەکەش، کە ڕەنگە دەرهێنەر مەبەستی بووبێت بینەر بەخۆی و ئەو کۆمەڵە گومانەوە هۆڵەکە بەجێ بێڵێ.

## بێ دەنگی

لە کاری شانۆییدا دوو جۆرە بێ دەنگی هەیە، بێ دەنگی لەسەر شانۆ و بێ دەنگی لەناو هۆڵدا، یان هەردوو بێ دەنگی پێکەوە، شانۆگەرییە جیهانییەکان زۆرن لەوانەی بێ دەنگی بەپارچەیەك لە ڕۆحی شانۆگەرییەکە و ئیستێتیکای شانۆیی دەزانن، وەك شانۆگەرییەکانی چیخۆف کە بێ دەنگی وەك حاڵەتێکی ئەفسووناوی سایکۆلۆژی نیشان دەدەات و بوونەتە مۆرك و جۆرێك لە تایبەتمەندی چیخۆف، کە ڕەنگە هەموو دەرهێنەرێك دەسەڵاتی تێگەیشتن و کارکردنی نەبووبێ لەگەڵیاندا و نەیانتوانیبێ ئەوە نیشانی بینەر بدەن کە چیخۆف خواستی بوو، وەك ئەو شکستە گەورەیەی ستانیسلافسکی لە یەکەم ئەزموونیدا لەگەڵ چیخۆڤدا ڕووبەڕووی بووەوە.

بۆیە من پێم وایە بێ دەنگی چ لەسەر شانۆ، چ لە ناو هۆڵدا پارچەیەکی زیندووی شانۆگەرییە، من ئەو بێ دەنگییەم لە مەرگ و کچدا بینی وێڕای گەرموگوڕی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە، هەمان ئەو بێ دەنگییەی لەسەر شانۆ بینیم لە ناو هۆڵەکەشدا زێتر درکم بەوە کرد کە بینەر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سیحرێکی شانۆیی و بەئاگاییەوە چێژ لە پێکهاتەی شانۆگەرییەکە دەبینێ، من دڵنیام ئەگەر لەو کاتەدا لە هەر بینەرێکمان بپراسیبوایە چۆن هەست بەشانۆگەرییەکە دەکەیت، زۆر بەسادەیی دەیگوت شانۆگەرییەکە خۆشە، بەڵام ئەگەر لێت پرسیبوایە بۆ خۆشە؟ هیچ وەڵامێکی حازر بەدەستی نەبوو ئەوەندە نەبێت کە دەیزانی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سیحرێکی شانۆییەوە.

# "میوانی ئەم ئێوارەیە"ی گەزیزە



ئەوەی بەگشتی بەهونەری گەزیزەدا قووڵ بێتەوە دەگاتە سێ دەرەنجامی بنەڕەتی، کە ڕەنگە ئەو دەرەنجامانە وەك ناسنامەیەکی هونەری گەزیزە بن و تایبەتمەندی خۆیان هەبێ و لای کەم لە هونەرمەندی شانۆکارەکانی دیکەمان ئەو خەسڵەتە تایبەتییانە ڕەنگ بدەنەوە، لەوانە:

١- هەمیشە گەزیزە وەکو لابۆرێك وابووە بۆ دروستکردنی ئەکتەری شانۆیی ئافرەت، کە ڕەنگە ئەو ئەرکە دووجار بەقەد دروستکردنی ئەکتەری شانۆیی پیاو سەختتر بێت، سەرباری ئەوەی کە لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆکەدا شانۆی ئێمە دووچاری نەزۆکی بووە لە ڕووی دروستکردنی ئەکتەر.

ئەگەر بینەریش زەین بداتە توانای جەستەیی و ئەدای ئەو ئەکتەرانەی کە لە شانۆگەرییەکانی گەزیزە دێنە سەر تەختەی شانۆ، درك بەوە دەکات کە ئەوانە هەمیشە وەك ئەکتەر خۆیان بەبینەر ئاشنا دەکەن، نەك وەك ئافرەتێك کە بۆشایی شانۆیان پێ پڕ بکرێتەوە.

٢- چ وەك نواندن، چ وەك دەرهێنان- گەزیزە پرۆژەیەکی بەردەوامی شانۆیی بووە، هەتا لە هەلومەرجە سەخت و تەنگەتاوەکاندا، چونکە شانۆ و گەزیزە- یەك هاوکێشە بوونە و لێك جودا نەکراونەتەوە.

٣- بەدەسەڵاتترین دەرهێنەرێك، یان ئەکتەرێك بووە بۆ گوزارشتکردن لە ناخی ئافرەت و دەربڕینی ئەشکەنجە و ئازارەکانیان، گەزیزە ئەو دەسەڵاتە هونەرییەی هەبوو کە ئەو ناخە بخاتە سەر شانۆ بینەر بەسانایی بیخوێنێتەوە، گەورەیی دەسەڵاتی دەرهێنەریش لەوەدایە کە بینەر لە ڕووکەشیەتی بەدوورخاتەوە و دیوی ناوەوەی کاراکتەرەکان دەرخات... شانۆیی (میوانی ئەم ئێوارەیە) دیسان گەزیزە لە هەمان بازنە و جیهاندا دەخولێتەوە و ڕوویەکی مرۆیی ئافرەتێك دەخاتە ڕوو کە لە زەمەنێك تەنگە تاوێ شەڕ و شۆڕ و ئاگربارانداا دوازدە ساڵان بەحەسرەتی ئەوە دەبێت، ببێت بەدایك و منداڵێکی چاوگەش لە ماڵەکەی خۆیدا ببینێ، سێبووری تەنیایی و گۆشەگیری خۆی لە

چاوی ئەو منداڵەدا ببینێ، کە قەرەبووی زۆر لە کێشە دەروونی و جەستەیییەکانی بۆ بکاتەوە، لەگەڵ پیاوێکی نەخۆشدا، لای ئەو خاتوونە شتێ نییە ببێتە ئەلتەرناتیڤی ئەو منداڵەی ئەو چاوەڕوانی دەکات، چونکە بەلای ئەوەوە ئەو منداڵە هەموو مانایەك بەژیان دەبەخشێت، ڕەنگە ببێتە مایەی جێگرتنەوەی فەرامۆشی مێردە پەککەوتەکەی و هەموو ئەوانەی لە دەستچوونە.

زەمەن لەو شانۆگەرییەدا ئەوەندە تاریك و نووتەك و پڕ لە مەرگەساتە کە مرۆڤ تێیدا هیچ بەقایەکی بەژیان نامێنێت کە دڵنیا نییە لە ژیانی خۆی، دەکەوێتە بەردەم لافاوێکی توندوتیژی ئەوتۆی ڕۆژگار کە نەتوانێت جگەرگۆشەیەکی خۆی پێ بەخێو بکرێت، ئەو زەمەنە لەگەڵ حاڵەتی دەروونی ژنە نەزۆکەکە یەکتر دەگرنەوە، هەر لە ئەنجامی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی بووە، ناوە ناوە پەلاماری بۆ دێنێ و ئازاری دەدا، لەوەش زێتر هەمیشە جەستەی ماندووی لە ئازارێکدا بوو ئەگەر نازداری خزمەتکاری نەبوایە کە ناوە ناوە بەدەستە ناسکەکانی ئارامی پێ دەبەخشێ و هێوری دەکردەوە ئەوە ئازارەکانی زۆر زێتر دەبوون.

ئەو گرێ دەروونییەش کە خانمەکە هەیەتی نە بەکراسە ڕەنگا و ڕەنگەکانی، نە بەو ناز و نیعمەتەی تێیدایە چارەسەر دەبێت، تەنیا ئومێدێکی بەو میوانەیە کە ئەو چاوەڕوانی دەکات، بۆ ئەوەی کۆتایی بەئازارەکانی بێنێ، بەڵام بینەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو خۆ ئامادەکردنەی خانم–دەیکات، بەخۆڕازندنەوە و هەڵبژاردنی جلە جوانەکانی مەزەندەی بۆ ئەوە دەچێت کە خانم– وەك ئاشقێك دەیەوێت پێشوازی لە میوانەکە بکات، نەك بۆ چاوەڕوانی ئەو میوانەی کە منداڵێکی پێ دەبەخشێت، ئەو هەلومەرجەی کە خانم تێیدایە هی ئەوەن کە بینەر مەزەندەی ئەوە بکا– کە ئەو خانمە ئەو هەلە دەقۆزێتەوە بۆ هەندێ مەرامی تایبەتی خۆی و

پێویستەکانی، بۆیە دەرهێنەر لە چاوەڕوانی کردنی میوانەکە هەردوو مەرامی پێکەوە لك بەستووەتەوە، بەڵام دواتر بینەر مەزەندکانی لەبار دەچێت، کە دەبینێ میوانەکە ئەوە نییە کە ئەو بیری لێ دەکردەوە.

نەك هەر خانم، خزمەتکارە تەمەن بەهاریەکەشی ئەویش چیرۆکێکی مرۆیی خۆی هەیە، ئازارە دەروونیەکانی ئەویش وەك ئافرەتێك لە ئازاری خانمەکەی کەمتر نییە ئەگر زێتر نەبێت، بەڵام ئەو لەبەر ئازار خانمەکەی بەتەنگ ئازارەکانی خۆیەوە نابێ، نازانێت چۆن دەست بەرداری جگەرگۆشە نابیناکە بێت، بەڵام ئەویش وەك خانمەکەی دڵ ڕەقە لە ئاست منداڵە نابیناکان کە هەر هەموویان لە دەستی ڕادەکەن، باوکی منداڵەکە کە لە کاتی غافڵبوونی خانم بەنهێنی دەڕواو منداڵەکە بەجێ دێڵێ، خانمەکە کە لێی دوور دەکەوێتەوە نازدار کە نازانێ چۆن خۆ دەرباز بکات.

ئەمە کرۆکی ناسنامەی کاراکتەرەکانی گەزیزەن کە هەر یەکە و جیهانێکی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لە دایکبوونی یەك زەمەن و یەك واقیعی تاڵن.

گەزیزە لە خستنەڕووی کاراکتەرەکانیدا لایەنی مرۆیی دەخاتە سەرووی زۆر لە کێشەکانی دیکەی، ئەو کێشەی نەزۆکی ئافرەتێك دەخاتە ڕوو کە کێشەیەکی نوێ نییە و ڕەنگە لە زۆر کاری درامی دیکەدا ئەو پرسە خرابێتە ڕوو، بەڵام گەزیزە بەستایلی تایبەتی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی داوە بەجۆرێك بەرجەستەی بکات کە بینەر درك بەقووڵایی ئێش و ئازاری مرۆیی کاراکتەرەکان بکات.

لە هەمان کاتیشدا هەندێ لەو کێشانە بەکۆمەڵێ واقیعی تاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێنەوە کە کۆمەڵگای ئێمەی لە ژێر باڵدا دەژی و ئایندەی ئەواندا بەجێ دێڵێ، بەتایبەت پیاوە میوانەکە کە جگەرگۆشەکەی دەبێتە قوربانی ئەو واقیعە تاڵە و خۆشی لە بازنەی چارەنووسێکی نادیاردا دەخولێتەوە.

## کوشتنی ئومێد

دەرهێنەر لە چارەسەرکردنی درامییانەی شانۆگەرییەدا بەدەستەبەربوونی منداڵێك ئاواتی ئافرەتە نەزۆکەکەی نەهێناوەتە دی، لەبەر ئەوەی لە دەرەنجامیدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو کۆرپەیە کۆرپەیەکی نابینایە، ئەمەش هەموو هیوا و ئاواتەکانی دەڕووخێ.

دەرهێنەر هەموو ئومێدێکی لە شانۆگەرییەکەی خۆیدا کوشتووە، بینەر هەست بەترووسکاییەك ناکات دڵی خۆی پێ ڕۆشن کاتەوە، ئەمەش کەسایەتی پاڵەوانەکەی لاواز کردووە، بێجگە لەوەی کە دەرهێنەر کەسایەتی خانمەکەی، وەك کەسایەتییەکی دڵڕەق نیشان داوە، چونکە بێجگە لەوەی کە هیچ سۆزێکی نییە بەرامبەر بەپیاو نەخۆشەکەی و پشت گوێی خستووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو دڵڕەقییە بەرامبەر بەکۆرپەیەکی نابیناش نیشان دەدات کاتێ کۆرپەکە زۆر بەتوندی ڕەت دەکاتەوە و هیچ سۆزێکی دایکانەی لەگەڵدا نابزوێ، من پێم وایە ئافرەتێکی نەزۆك کە دوازدە ساڵ بەحەسرەتی منداڵێك بێت، بەو دڵ ڕەقییە ڕەفتار لەگەڵ منداڵێکدا ناکات کە هەموو بنادەمێك سۆزی لەگەڵیدا دەجووڵێ.

دواتریش خانمەکە بە جلی ڕەشەوە لە شانۆ دەچێتە دەرەوە و هەموو حاڵەتەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، بەمەش ڕیتمی شانۆگەرییەکە لە ڕووی چارەسەرکردنی درامییەوە لە کۆتاییدا پووك دەبێتەوە و دەرهێنەر ناتوانێت بەهێمایەك، تەعبیرێکی شانۆیی ڕۆشناییەك لە دڵی بینەردا بەجێ بێڵێ، هەر بەم ڕەشبینیەش شانۆگەرییەکە قفڵ دەدات... ئەگەرچی دەرهێنەر لە ڤۆڵدەری شانۆگەرییەکەدا دەڵێت: دەبێت چیتر لە ڕووناکی خۆر بێبەش نەبێت، بەڵام هەر خۆش پاڵەوانە ئافرەتەکانی خۆی نەغرۆی ژێر تاریکی کردووە و ئەو دەسەڵاتەیان ئاواتی خۆیان لە ژێر ئەو تاریکییە ڕزگار بکەن، یان کەمەوە ئەو ڕووناکییە لە دەروونیاندا ببینن.



## ئامرازەکانی بەرجەستەبوون

ستایلی گەزیزە لە زۆربەی شانۆگەرییەکانیدا لێك دەچن، چونکە ئامراز و کەرەستەکانی پێکهاتەی شانۆگەرییەکانی بەیەك شێوە دەخرێتە کار، بەڵام لە میوانی ئەم ئێوارەیەدا گەزیزە زێتر پشتی بەدوو فاکتەری سەرەکی بەستبوو بۆ بەرجەستەبوونی دیمەنەکانی، یەکەمیان: گۆرانی و مۆسیقا، دووەمیان ڕووناکی، ئەو دوو فاکتەرە هۆیەکی کاریکەربوون و یاریدەدەر بۆ بەرجەستەبوونی شانۆگەرییەکە و ڕەخساندنی ئەو کەش و هەوا ڕۆمانسیەی کە بینەر دەلاوێننەوە و ڕۆحی دەشۆنەوە.

بینەر لەگەڵ هارمۆنیای ئەو ڕەگەزە شانۆییانەوە دووچاری ژێر کاریگەری سیحرێك دەبێت کە دەرهێنەر لێی دەکا بەمەبەستی ڕۆشنکردنەوەی چاوی و زاخاودانەوەی مێشکی و لاواندنەوەی دڵ و دەروونی، لە هەمان کاتیشدا وێڕای ئەو ستاتیکایەی بینەر لەسەر شانۆ دەیبینێ، لە هەمان کاتیشدا پەل کرتنێکی بینەرە بۆ خوێندنەوەی ناخی ئەکتەر.

## ڕیتمی شانۆگەرییەکە

دەرهێنەر قەت ئەو بوارە نارەخسێنێ کە ڕیتمی شانۆگەرییەکە لەگەڵ ئەو، سیحری دابەزێ و ئەکتەرەکانیشی بخاتە ناو قاڵبێکی چەسپاو لەسەر شانۆدا، بگرە هەر زوو فریای خۆی دەکەوێ، بەبزووتنەوەیەکی خێرا و لە ناکاوی ئەکتەر ئەو ڕیتمە دەگەڕێنێتەوە سەر ئاستی خۆی و ئەو تەوژمەش دەرەوێنێتەوە کە جۆرە ساردییەك لەسەر شانۆدا دروست بکات، فاکتەری سەرەکی ڕیتمی شانۆیی لای گەزیزە ئەکتەرە ڕێتر لە ڕووداو، ئەکتەرەکان بەچەشنێك دەخاتە جووڵە کە بینەر لەگەڵیاندا هەمیشە

هەست بەزیندووییەتی شانۆ بکات، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا ئەو ترسەی دەرهێنەر لە ڕیتم وای کردووە کە بینەر درك بەوە بکات کە هەندێ بزووتنەوە لای ئەکتەر زێدەڕۆییان تیدایە و هیچ بیانوویەکیان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ جار ئەوەندە زێدەڕۆییان تێدا دەکرێت، دەبێتە مایەی بێزاربوونی بینەر، بۆیە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕیتمی شانۆیی ئەوەندە ناسك و وردە کە دەرهێنەر شانۆیی ئەوەندە ناسك و وردە کە دەرهێنەر لە هەموو حاڵەتێکا دەبێ هاوسەنگی بۆ دابنێت.



## باگراوندی شانۆیی

کاتی خۆی چیخۆف گرنگییەکی تایبەتی بە باگراوندی شانۆیی دەدا، مەبەستم لەوەشدا ئەو ڕووداو و دەنگ و کەسایەتییە نادیارانەیە کە بینەر لە پشت پەردەکانی شانۆ درکیان پێ دەکا، بەلاّم نایانبینی، بۆ نموونەش لە (باغی گێلاّس)دا بینەر گوێی لە نرکە نرکی لالۆڤاینا هەیە کە دار گێلاّسەکان دەبڕێتەوە، بەلاّم بەچاو هیچ نابینێ، لەو حاڵەتەدا بینەر خۆی لە ناخی خۆیدا ڕەسمێك بۆ ڕووداوەکان، یان کەسایەتییەکان دەکێشێت بەو شێوەیەی کە ئەو بۆی دەچێ، نەك ئەوەی دەرهێنەر بەسەریدا دەیسەپێنێ، ڕەنگە لەو بۆچوونە ئازا دەدا زۆر خەیاڵی جوانی بۆ بێت، زێتر لەوەی کە دەرهێنەر لەسەر شانۆ نیشانی دەدا، گەزیزەش لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)دا هەندێ لەو باگراوندە جوانانەی هەیە، وەك دەنگی مێردە نەخۆشەکەی خانم. کە لەمدیو شانۆوە گوێمان لە دەنگی دەبێت بانگی نازدار دەکات، من وەك بینەرێك ئاواتی ی ئەوەم دەخواست کە خاوەنی ئەو دەنگە ئەبینم، چونکە لەگەڵ بینینی هەموو وێنە جوانەکانی مێشکم هەڵدەپرووکان، یان دەنگی فرۆکە و شەڕ گوللەبارانی ژێر پەردەو دیسان هەر حسێکی درامی لەبیری بینەردا دروست دەکەن بۆ ڕەسمکردنی زەمەنی شەڕ، ئەو ستایلە شانۆییە دەروونییە لای (بیکیت)یش هەیە لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)دا، هەموو چێژی شانۆییەکە لەوە دایە کە بینەر گۆدۆ نابینێ، خۆ ئەگەر بیکیت، لە کۆتاییدا (گۆدۆ)مان نیشان بدا، ئەو کاتە زۆر لە تێڕوانینەکانی بینەر لەبار دەچوو و هەموو چێژە خەیاڵیەکانیشی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی، ئێمە لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)دا زۆر بەپەرۆش بووین میوانەکە ببینین بەر لەوەی بێتە سەرشانۆ، ئەو چاوەڕوانییەی هاتنی میوانەکە چێژێکی زۆری هەبوو.

## دروشم لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)دا

هەموو ئەو سیحرە شانۆییانەی دەرهێنەر لەسەر شانۆدا دەیاننوێنێ. بۆ ئەوەن کە بینەر پەلکێشی دنیایەکی ئەفسووناوی و فانتازیایی بکەن، کە جودا بێت لە دنیای ئاسایی ئێمە، بینەر هەست بەوە بکات ئەوەی دەیبینێ لە خەون دەچێ، لە ژێر ئەو کاریگەریە دەروونییە بینەر درك بەڕاستگۆیی ئەو حاڵەتە دەکات کە لەسەر شانۆ دەیبینێ، بۆیە هەر نزیکبوونەوەیەك لە (ڕاستەوخۆ)یی ئەو خەونە جوانە لای بینەر دەرەوێنێتەوە و هەموو پاساریییەکانی خەیاڵی دەفرێنێ، تێکرای ئەو فرۆفێڵە هونەرییانەش کە دەرهێنەر بۆ هەڵخەڵەتاندنی بینەر لەسەر شانۆ ئەنجامیان دەدات ئاشکرا دەبن.

گەزیزە لەم شانۆگەرییەدا ئەو ڕاستەوخۆییە لە زۆر دیمەندا نیشانی بینەر دەدات و بەشێوازی دروشم و موخاتەبە کردن زۆر ستاتیکای شانۆیی و دەروونی لەلای بینەر ڕەواندووەتەوە.

من پێموایە دەرهێنەر، خەتیب نییە تا ئامۆژگاری بینەر بکات، وەك ئەو مافەشی نییە شانۆ بکاتە مینبەر، بەقەد ئەوەی ئەو کەش و هەوا درامیە بەشێوەیەك خۆش بکرێت کە بینەر خۆی بەدوای خوێندنەوەی وێنە و بزووتنەوە و ئەداو ڕەنگەکاندا بگەڕێت و ببێت بەپارچەیەك لە جەستەی شانۆگەرییەکە، بەپێچەوانەی ئەو حاڵەتە و خۆ نزیککردنەوە لە ڕاستەوخۆیی، دەرهێنەر بەزۆر پەلی بینەر دەگرێت و لەو کەش و هەوا ڕۆحیەی جودا دەکاتە، پەنابردنە بەر دروشم لە کاتێکا دەبێت کە دەرهێنەر دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت ئەوە بخاتە سەر شانۆ کە ویستیەتی، بۆیە پەنا بۆ دیالۆژی زەق و ڕاستەوخۆ دەبات... وە نەبێت ئەو دروشمانە لە شانۆگەرییەکەی گەزیزەدا بووبن بەدیاردە... بەڵام تەنیا دروشمێکیش بەسە بۆ ڕووخاندنی شانۆگەرییەکە.

# گەڕانێك بەدوای
# "ئەوانەی توونی بابا چوون"



زۆر کەڕەت زەمەنی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەك ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبینێ لە ئاستی پێشوازی لێ کردن و خۆ لێ دوور خستنەوەی جەماوەر، هەتا دەگاتە سەر ئاستی شانۆگەرییەکەش، چونکە بینەر لە سەردەمێکی قاتوقڕی شانۆییدا، تێنوویەتی بۆ شانۆ وای لێ دەکات، کە بێ ئەوەی بەدیدێکی ڕەخنەییانە شانۆگەرییەك هەڵسەنگێنێ ئینجا بڕیاری خۆی لەسەر بدات، ناچاری ئەوە دەبێت کە قەبووڵی شانۆگەرییەکە بکات و بەفاکتەرێکی زیندووبوونەوەی شانۆیەکی لە قەڵەم بدات کە لە گیانەڵا دابێت، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو شانۆگەرییەی لە نێوەندی ئەو قیرانە سەختەی شانۆدا لە دایك دەبێت، ئەگەر لە ئاستی خۆزگەشدا نەبێت زۆر لەوەندە باشترە کە نەبێت، بۆیە ئەو فیستیڤاڵە پچڕ پچڕەی (بەڕێوەبەرایەتی شانۆ) بەبۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانیی، ئەگەرچی خەسڵەتەکانی فیستیڤاڵ بەخۆیانەوە هەڵناگرن و بەناوازەیی ئەنجام دەدرێن، بەڵام وێڕای ئەمانەش لەو پشیە خەوە دوورودرێژەی شانۆ بەئاگامان دەهێنێتەوە.

من لە پەراوێزی ئەم فیستیڤاڵە پچڕ پچڕەدا ویستم لە هەمبەر شانۆگەری (ئەوانەی توونی بابا چوون)ی مامۆستا ئەحمەد سالار و هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)دا هەڵوێستەیەك بکەم، کە ڕەنگە درکاندنی هەندێ باری سەرنج لەم بارەیەوە بەزەروورەت بزانم، ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت ئەو دوو هونەرمەندە لە ڕابردووشدا چەندین بەرهەمی هاوبەشیان هەبووە کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ شانۆگەری (جزیری وانەی ئەڤین دەڵێتەوە ١٩٨٩) کە تێیدا ئەرسەلان یاریدەدەری دەرهێنەر بووە، لە دوای ڕاپەڕینیش کە مامۆستا سالار بەکۆمەڵێ وەزیفەوە بەسترایەوە، کەمتر بواری دەرهێنانی شانۆیی و نواندنی بۆ ڕەخسا و پتر لە جاران ڕووی لە نووسینی شانۆیی کردووە، لە هەندێ شانۆگەریشدا وەك ئەکتەریش بەشداری کردووە، بۆیە ئەرسەلان دەروێش کاری دەرهێنانی ئەو شانۆگەریانەی گرتووەتە ئەستۆ، لەوانەش شانۆگەری (لە



حەیدەر عەبدوڕەحمان (٨)

ژێر تارای سوورمەچنا، ئاهەنگێك لە هەوارگەی یاراندا، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختاربەگی جاف، ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ، پەڕینەوە بەرەو سەرفرازی، ئەوانەی توونی بابا چوون...)

## ئاهەنگسازی . . . یان خۆ دووبارە کردنەوە؟

مامۆستا سالار لە ساڵانی هەشتاکانەوە چ بەنووسین چ بەدەرهێنان پەرەی بەڕێبازی شانۆیی (ئاهەنگسازی) داوە و تاوەکو ئەمڕۆ لەسەر ئەم ڕێبازەدا بەردەوام بووە، ئەو توانی بەم شێوازە هەم هەمەڕەنگییەك لە نێو ڕێبازە پەیڕەو بووەکانی دیکەی وەك واقیعی و کلاسیکی و ئەزموونگەریی و تەعبیریی و هەندێ شێوازی دیکەدا پەیدا بکات، لە هەمان کاتدا جۆرە ڕکابەری و بۆڕ بۆڕینێکی شانۆیی لە گۆڕەپانەکەدا لەگەڵ ڕێبازەکانی دیکەی شانۆدا پێ دروست بکات، مامۆستا سالار ئەم ڕێبازەی بەنزیکترین ڕێباز داناوە لە خەڵکی، چونکە ڕەنگدانەوەیەکی کەلەپوور و کەلتووری ڕەسەنی گەلەکەمان بووە، لە هەمان کاتیشدا گەڕانێکیش بووە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی شانۆییمان، کە هەمیشە خەونی شانۆکاران و بینەرانی ئێمە بووە، بەو ئامانجانە ئەو ڕێبازە شانۆییە دروست بوو، بۆیە بینەری کوردیش لە سەرەتادا زۆر بەپەرۆشەوە شانۆگەرییەکانی لە ئامێز کردووە، بەتایبەتیش شانۆگەرییەکانی (هەڵۆ بەرز دەفڕێ و جزیری) کە لە ئان و ساتێکی ئێجگار ناسکدا پێشکەش کران و خەڵکی زۆر بەتاسەوە لە ئامێزیانی کرد، بەڵام ئەم لە باوەش گرتنە سەرەتاییە وای لە مامۆستا سالار کرد کە خۆی بەقالبێکی دیاریکراو ببەستێتەوە و بۆ چەندین جاری دیکە خۆی لە جوغزی ئەو بازنەیەدا دووبارە بکاتەوە، هەر شانۆگەرییەکیش بەناوێك و بەناونیشانێکی جیا، بۆیە بینەر پێش ئەوەی بچووبایە ناو هۆڵی شانۆگەرییەکی مامۆستا سالار دەیزانی دوای کەمێکی تر (ڕستە گورینگ و بەرەو مافووری

ڕەنگاوڕەنگی کوردەواری و ڕانکوچۆغەڵی بەلێچەك دەبینێ و گوێ بیستی کۆمەڵێ گۆرانی فۆلکلۆری دەبێت و دەکەوێتە ناو بەزمی دەف لێدان و بارانی شیعر و پەخشان...) ئەم پێشبینییەی بینەر ڕەگەزی موفاجەئات لای بینەر ناهێڵێ، وەك ئەوەی قوتابیەك پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك پێشتر پرسیارەکانی بۆ ئاشکرا بووبێت، لە هەمان کاتدا ڕەگەزی داهێنانیش دەکوژێت و بینەر بەئاسانی دەگاتە ئەو قەناعەتە کە دەرهێنەر دەسەڵاتی داهێنانی نەبووە بەسەر بەرهەمەکانی پێشووتری.

خۆ بەستنەوە بەهەر ڕێبازێکی دیاریکراو بەمانای لە بارچوونی بەرهەمێك نییە، چونکە هەتا نووکەش لە هەندێ وڵاتی پێشکەوتووش شانۆدا شانۆگەری کلاسیکی و ڕۆمانسیی و واقیعی پێشکەش دەکرێت، بەڵام بەداهێنانێکی نوێوە، هەتا نووکەش ساڵانە دەیان شانۆگەری شکسپیر و برێخت و چیخۆف نمایش دەکرێنەوە، بەڵام هەریەکە و بەشێواز و ڕەنگ و داهێنانێکی نوێوە، ڕەنگە تا ئێستا هەزاران دەرهێنەر شانۆگەری (ئوتیللۆ)ی شکسپیریان پێشکەش کردبێت بەڵام هیچ یەکێکیان بەوی تریان نەچوونە و لە داهێنانی تایبەتی خۆیاندا نەچۆڕاونەتەوە ئەگەرچی یەك دەقیش بووبن، بۆیە من پێم وایە پەیوەست بوون بەرێبازێکی دیاریکراو بەمانای ڕێگە گرتن نییە لە بەردەم داهێناندا ئەگەر دەرهێنەرێك دەسەڵات و تێڕوانینی نوێی خۆی پێ بێ.

مامۆستا سالار لە ساڵانی حەفتاکان تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش چونکە گیرۆدەی تەنها قالبێکی دیاریکراو نەبوو، خۆی لە چەندین شێوازی جیا جیا دەدا، بەتایبەت لە نواندندا، بینەر درك بەوە دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا قەوارەی داهێنانی ئەو کاتی لە ئێستا زۆر زیاتر بووە، بەڵام ئەو لەو دواییەدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نواندن و دەرهێنان زۆرتر خۆی بەنووسینی دەق–ەوە خەریك کردووە، ئەوەندی منیش ئاگام لێ بێت تا ئێستا ئەو دەقانە ئەرسەلان دەرویش و خۆی لێ دەرچێت لە

لایەن هیچ دەرهێنەرێکی دیکەوە پێشکەش نەکراون، چونکە مامۆستا سالار لەو دەقە پەخشان ئامێزانەدا کەمتر خۆی لە ڕووداو و دیالۆژی درامی و بونیاتی کەسایەتی و گەلێك ڕەگەزی دیکەی درامی دەدات، ئەو بە بەردەوامی پشت بەشیعر و پەخشان و گۆرانی دەبەستێت، دیالۆژی پەخشان ئامێزیش لەسەر شانۆدا ئەو چێژە بەبینەر نابەخشێت وەك ئەوەی دەیخوێنێتەوە، بۆیە گۆرانییەکان نەبن کە زوو بەفریای ڕزگاربوونی دەق دەکەون ئەوە بینەر دووچاری مەلەل دەبێت و نازانێت چۆن خۆی لە کۆتوو پێوەندی ئەو جۆرە شانۆگەرییانەدا ڕزگار بکات، گۆرانییەکانیش ئەگەرچی بینەر لە شانۆدا هوشیار دەکەنەوە و بەمەبەستی ڕاگرتنی ڕیتمی شانۆگەرییەکە ئامادە دەکرێن، بەڵام زێدە ڕۆیی لەو دیاردەیەدا لە نرخ و بەهای دراما کەم دەکاتەوە.

لە شانۆگەری (ئەوانەی تونی باباچوون) نیمچە گۆڕانکارییەك لە شێوە و ناوەڕۆکدا بەدی دەکرێت و بۆ یەکەم جار مامۆستا ئەحمەد سالار هەوڵی ئەوە دەدات کە کەلەپوور تێك هەڵکێشی سەردەم بکات و کۆن بە نوێوە ببەستێتەوە، لە ڕێگەی کەسایەتی نووسەرێکی شانۆییی و خێزانەکەی، کە بەسەرهاتی توونی بابان دەکات بە شانۆ و منداڵەکانیشی بەشداری لە هەندێ لایەنی نووسینەوەی حیکایەتەکە دەکەن و دەبن بەبەشێك لە دنیای نووسەرەکە و ئەو ئەشکەنجە و ئازارانەی وەك نووسەرێك لەگەڵ نووسینەوەی بەسەرهاتی شانۆگەرییەکەی دەیچێژێ، بینەر لە ڕووی یەکەمی شانۆگەرییەکەدا کە ژیانی نووسەرەکە دەنوێنێ بێزار نابێت و پێی خۆشە لە کەشوهەوای ئەو دیمەنانەدا بژیت و سەراپای شانۆگەرییەکە لەم چوارچێوەیەدا بخولێتەوە بەڵام کاتێك دەچێتە نێو دنیای حیکایەتەکە و دیاردە تەقلیدییەکانی جاران دەبینێتەوە، دووچاری هەمان نیگەرانی دەبێتەوە.

## ئەرسەلان دەروێش.. خۆ بزرکردن لە سێبەردا

تاوەکو ئێستاکە لە چەندین شانۆگەری جیا جیادا لەسەر شانۆ بە ئەرسەلان دەروێش ئاشنا بووینە، بەڵام من درکم بەوە کردووە کە ئەو بەرهەمانەی سەربەخۆن یان لە دەرەوەی بازنەی دەقەکانی مامۆستا ئەحمەد سالارن جیاوازییەکی زۆریان هەیە لە ستایلی کارکردندا لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی کە لەگەڵ مامۆستا سالار بەهاوبەشی پێشکەشی دەکەن، بۆیە هەندێ لە بینەران گومانی ئەوە لە ئەرسەلان دەکەن کە ئەگەرچی ئەرسەلان ناوی وەك دەرهێنەرێکی بەتەنهایی شانۆگەرییەکە هاتووە، بەڵام مۆرکی مامۆستا سالاریان پێوە دیارە چونکە چ لەشێوە چ لە ناوەڕۆکدا بینەر جیاوزییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو شانۆگەریانەی ناوی ئەرسەلانی بەسەرەوەیە لەگەڵ ئەو شانۆگەریانەدا ناکات کە تایبەتن بەمامۆستا سالار! ئەگەرچی من لەم ڕووەوە گوێم لە ئەرسەلان بووە کە ئەم بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە بەو بیانووەی کە ئەو قوتابی مامۆستا سالارە و قەستی ئەوەی هەیە بەردەوامی بەو ڕێچکەیەی مامۆستا سالار بدات، بەڵام بینەری لابەلایی کە هەمیشە بەرهەم دەکاتە پێوەر لە سۆنگەیەکی دیکەوە بۆ پرسەکە دەچێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەرسەلان دەروێش بەم بەپاشقوڵ بوون و خۆ دانە بەرسێبەری مامۆستا ئەحمەد سالار ناتوانێت بوونی خۆی لە هیچ لەو شانۆگەرییانەدا بدۆزێتەوە هەتا سێبەری مامۆستا سالار باڵی خۆی بەسەر شانۆگەرییەکەدا کێشابێت، ڕەنگە ئەرسەلان یەکێك بێت لەو دەرهێنەرە لاوانەی کە ئەگەر خۆی لەم بەپاشقوڵ بوونە ڕزگار بکات، بتوانێت ناسنامە و تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبێت و دەبێتە ناوێکی درەوشاوەی تر لە گۆڕەپانەکە، بەڵام پێ دەچێت ئەو بەو زنجیرە کارە هاوبەشە تەقلیدیانە قەستی ئەوەی نەبێت حاڵی حازر ئەو سەربەخۆییە بەخۆی بدات، یان کاتێك ئەو بڕیارە بدات کە زەمەن بۆی نەگەڕێتەوە تا

سەرەتاییێکی تر دەست پێ بکات کە مۆرکی تایبەتی خۆی بێت و خۆشی خاوەنی هونەری خۆی بێت.

زۆربەی شانۆگەرییەکانی مامۆستا سالار شانۆگەری دەقن و پشت بەدایەلۆژی پەخشان ئامێز و شیعری دەبەستن نەك بەتوانا و دەسەلآتی ئەکتەر، بۆیە هەمیشە ئەکتەر لەو شانۆگەرییانەدا بزرە، شانۆگەری دەقیش ئەمڕۆکە لە شانۆی نوێی جیهانیدا کەمتر جیگەی دەبێتەوە، چونکە ئەگەر شانۆ تەنها بریتی بێت لە کۆمەڵێ دایەلۆژی باقو بریقەداری پڕ لە دروشم ئەوە بینەر دەتوانێ ئەو جۆرە دەقانە لەسەر ڕووبەری گۆڤارێك یان نامیلکەیەکدا بخوێنێتەوە بێ ئەوەی  پێویستی بەوە هەبێت بێتە نێو هۆڵی شانۆ.

پتر لەوەندەی دەسەلآتی پڕ لە داهێنانی دەرهێنەر لەوەدایە کە بەتوانا و دەسەلآتی جەستەیی ئەکتەر بتوانێت بەرجەستەی ئامانجەکانی خۆی بکات، نەك بەدایەلۆژی ڕاستەوخۆ و دروشمدار، هەر کاتێکیش شانۆ تەنها ڕووی لە وشە کردوو پشتی لە ئەکتەر وەرگێڕا، ئەوە خەسڵەتی درامی و شانۆیی خۆی دەدوێنێ.

ڕاستە کە شانۆگەری (ئەوانەی توونی باباچوون) پڕبوو لە ئەکتەر و وەك ئێکسوار بۆشایی شانۆیان پڕ کردبۆوە، بەلآم من جگە لە ئەحمەد سالار و (ئەستێرەوان – چینەر ئەحمەد سالار) نەبێت درکم بەبوونی هیچ ئەکتەرێکی تر نەکردووە لەسەر شانۆدا، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ ئەکتەری بەتوانای وەك ئەرسەلان دەروێش و بەهمەن حاجی و ڕەمزیە قادر بەشدارییان هەبوو، بەلآم ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا کە وەك پێویست شوێنەوار و کاریگەری خۆیان لەسەر شانۆ و لە دڵی بینەردا بەجێ بێڵن، بینەر لەوە بەئاگایە کە دەور بۆ ئەکتەر دۆزراوەتەوە نەك ئەکتەر بۆ دەور، چونکە دەرهێنەر مەزەندەی ئەوەی کردووە کە زۆرکردنی ئافرەت لەسەر شانۆدا، شانۆ دەوڵەمەند دەکات و جۆرە ستاتیکایەکی شانۆیی دەبەخشێت،

کەچی زۆر لەو ئەکتەرانە لەسەر شانۆ بوونەتە بەڵایەك و لە ملی بینەر ئاڵاون، لە هەمان کاتدا بوونی مامۆستا سالار لەسەر شانۆدا زۆر کەلێنی گەورەی لە بواری نواندندا لەو شانۆگەرییەدا پڕ کردووەتەوە، ئەوەی دڵ خۆش دەکات ئەوەیە کە دوای پتر لە سی ساڵ نواندن جارێکی دیکە مامۆستا سالار بەو کارامایییەوە ببینینەوە و لەو نیگەرانییەش ڕزگارمان بکات، کە ئاخۆ تەمەن کاریگەری خۆی لەسەر جەستە و دەسەڵاتی هونەریی و جەستەیی ئەو بەجێ هێشتووە یاخود نا!؟

من لەم شانۆگەرییە و چەندین شانۆگەری دیکەشدا گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە مامۆستا سالار ئەکتەرێکی لێهاتووە بەر لەوەی نووسەر یاخود دەرهێنەر بێت، بەڵام کە ڕوو لە نووسینی دەق دەکات، لە پێناو کۆمەڵێ ئامانج و خواستی دیاری کراوی هونەریی خۆیەتی کە ڕەنگە لە دەقێکی تردا دەستەبەر نەبێت، یاخود بەمەبەستی دانەپچڕانە لە شانۆدا، لەو کاتانەدا کە هەلومەرجی چوونە سەر تەختەی شانۆی بۆ نارەخسێ، ئەگەرنا من لەوە دڵنیام کە نواندن لە بوارەکانی دیکە زێتر تێنوویەتی ئەو بۆ شانۆ دەشکێنێ، چونکە لەگەڵ بینەرانی خۆی ڕوو بەڕوو دەبێتەوە، دەشتوانێت زێتر گوزارشت لە خۆی بکات وەك ئەکتەر و مرۆڤ.



هەر ئەو تێنوویەتیەشی بۆ شانۆ وای کردووە لە زۆر کاری شانۆییدا ئـامـادەیـی هـەبـێت کـە قـوتـابـیـەکـی وەك ئـەرسەلان دەروێش بـبـێت بەدەرهێنەری و ئەویش ئەکتەر.

ئـەرسەلان دەروێش لـەم بـەرهـەمـەدا وێڕای ئـەوەی دەرهـێنـەرە، لـە دەور بـەخشیـنـدا بـەشی شێری بـەخـۆی بـەخشیـوە و دەوری پـاشای حـیـکـایـەت دەبینێ، کە دەورێکی زۆر تەقلیدییە و دەکرا هەر ئەکتەرێکی تر دەورەکە ببینێ، بەڵام پێ دەچێت نەرگزیەتی هونەریی وای لە ئەرسەلان کردبێت کە لەو دەرفەتەدا خۆی لە هاتنە سەر شانۆ بێ بەش نەکات! کەچی من پێم وایە ئەگەر تەنها دەرهێنەر بوایە، پتر لە قازانجی ئەودا دەبوو، چونکە مەرج نییە هەموو هاتنە سەر شانۆیەك ئیزافەیەك بێت بۆ ئەکتەر، وێڕای ئەوەی کاتێ شانـۆکـارێك خـۆی بـۆ تـەنـهـا ئـەرکێکی شانـۆیـی وەك دەرهـێنـان تـەرخـان دەکات دەسەڵاتی هونەریی خۆی بەسەر شانۆگەرییەکەدا دەسەپێنێ پتر لەوەی بەشێکی زۆر لەو دەسەڵاتەی خۆی دابەشی سەر نواندن بکات.

## دیکۆر... گەڕانەوە بۆ کلاسیکیەت

هیچ کاتێك دیکۆری قەبە و ئاڵۆز نیشانە نییە بۆ بەگەورە بوونی شانۆ! وەك ئەم دیاردەیە لە شانۆگەرییە کلاسیکی و واقیعییەکاندا بەزۆری هەستی پێ کراوە و لە سەردەمی ئەمرۆی شانۆییدا دیکۆریش تەواوکەری فەلسەفە و بیر و ستـاتـیـکـای هـەر شانـۆگـەرییـەکـە، کـە دەکرێت ئـەویش وەك پـارچـەیـەکـی زیـنـدووی جـەستـەی شانۆ هـەڵسوکـەوتێکی هـونـەرییـانـەی وردی لـەگـەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت چۆن بە دیالۆژ شانۆگەرییەك دەخوێنێتەوە، بەهەمان سەنگ و بەهای هونەری دیکۆرێکیش بخوێنێتەوە، ئەو دیکۆرە قەبە کلاسیکییەی لە شانۆگەری ئەوانەی توونی باباچووندا خوێندمانەوە دیکۆرێکی تەقلیدی ئەوتۆیە کە زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا کراوە، بۆ ئەوەی شێوە و قەبارەی دیکۆرەکە بینەر چەواشە بکات، کە دەکرا هەمان هێماکانی ئەو دیکۆرە بەشێوەیەکی ساکارتر و ئاسانتر بگاتە بینەر.

# ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ
# "دڵدارێکی قرچۆک"دا



نزیکەی دوو ساڵە دوای شانۆگەری (قەلای دمدم) چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە جارێکی دیکە هونەرمەند (تەڵعەت سامان) لە شانۆگەرییەکی دیدا ببینینەوە، ئەوەبوو لەو بەینەدا ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە دوای ئەو ماوە دوورودرێژە بەری گرت و (تەڵعەت)مان لە شانۆگەری (دڵدارێکی قرچۆك)ی (مۆلێر) و ئامادە و وەرگێڕانی هونەرمەند (خەلیل یابە) بینییەوە، بەڵام ئەگەر هەر هونەرمەندێکی شانۆیی دوو ساڵ جارێك شانۆگەرییەك پێشکەش بکات، ئەوە وەك ستانسلافسکی گوتەنی دەبێت دەرگای هۆڵە شانۆیییەکانی خۆمان داخەین و چاوەڕوانی لەدایکبوونی نەوەیەك بین کە شانۆ لەو میحنەتەی خۆی دەرباز بکات، ئەگەر هونەرمەندێك کە پتر لە چل ساڵێك لەسەر شانۆ بێت تا ڕاددەیەك پاساوی خۆی هەبێت، بەڵام ئەو شانۆکارانە چی دەڵێن کە خۆیان بەنەوەی نوێی شانۆیی ناوزەد دەکەن کەچی تەنها لە ڕۆژی شانۆی جیهانیدا شانۆیان بیر دێتەوە! ڕەنگە ئەوانیش بڵێن ئێمەش پاساوی خۆمان هەیە چونکە شانۆ هەتا نووکە لای ئێمە نەبۆتە زەرووڕەتێکی حەتمی و مەدەنی، کە ببێت بە پارچەیەك لە شارستانییەت، لەم دەرئەنجامەدا ئەوانیش وەك پێویست دەرگاکانیان بۆ ناخرێتە سەر پشت و بەو شێوەیە جۆش نادرێن کە شانۆ بکەنە سیمایەك لە سیماکانی بەردەوام بوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆیە درك بەوە دەکرێت کە شانۆ لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا بەبێ کەسی دەمێنێتەوە، ڕەنگە شانۆکارەکان خۆشیان هەتا ڕاددەیەك بەرپرسیاریەتی ئەو دابڕان و پچڕ پچڕیەی خۆیان لە شانۆ هەڵگرن، چونکە شانۆ لەلای ئەواندا نەبۆتە پرۆسەیەکی ڕەها و بەردەوام بۆ ژیان، هەندێ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەوتۆش هاتوونەتە پێش کە شانۆکار ئەو نەفەسە درێژەی جارانی نەمێنێ لەگەڵ شانۆدا، بۆیە زۆر لە شانۆکارانی ئێمە ئەمڕۆکە تەنها بۆ (ئیسپات وجود) ناوە ناوە خۆیان بەبیر خەڵکی دێننەوە.

پێشم وایە یەکێك لە هۆکارە هەرە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانەوەی قەیرانی داهێنانی شانۆیی (بەگشتی) ئەو پەیوەندییە کزەیە کە ئەمڕۆکە لە نێوان شانۆ و شانۆکاراندا لە گۆڕێ دایە، کەوای کردووە گۆڕەپانەکە هەمیشە چۆڵ بێت و هیچ تەوژمێکی ڕکابەری و کێبڕکێی شانۆیی لە نێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێخواز و لە نێوان ڕێبازە جیا جیاکانی شانۆدا لە ئارادا نەبێت، بۆیە من پێم وایە ئەگەر بمانەوێت هەر قسەیەك دەربارەی هەر شانۆگەرییەك بکەین کە لە ڕەحمی ئەو هەلومەرجە تەنگە تاوەی شانۆییدا پێشکەش دەکرێت، ئەوە ناچارین بەپێوەری ئەو زەمەنەی ئەمڕۆکە هەڵی سەنگێنین.

## بۆ قرچۆك؟!

زۆربەی ئەو شانۆگەرییانەی تەڵعەت سامان لە ساڵانی حەفتاکان و تا نەوەدەکانیش پێشکەش دەکردن لە نووسینی خۆی بوون، چونکە بەشێك لە ژیانی شانۆیی (تەڵعەت) نووسینی شانۆیی بووە، بۆیە مامۆستا سامان هەرگیز گرفتی دەقی شانۆیی نەبووە وەك زۆر دەرهێنەری تر، تەنها ئەو ماوەیە نەبێت درك بەوە دەکرێت کە جۆرە سستیەك لە بواری نووسینی شانۆییدا لای تەڵعەت دەردەکەوێت، ئەو حاڵەتەش بەشێکە لەو حاڵەتە گشتییەی کە شانۆ بەتێکڕایی تێی کەوتووە، ڕەنگە هەر ئەو هۆکارەش بێت وای کردبێت پەنا بۆ دەقی بیانی، یان دەقی ئامادەکراو، یاخود هەندێ کۆنە شانۆگەری خۆی بەرێت لە چەشنی (قەڵای دمدم).

یەکێك لە فاکتەرە هەرە ڕیشەیی و بنەڕەتییەکانی سەرکەوتنی شانۆگەری ئەوەیە کە بتوانێت هاوتەریب بێت لەگەڵ زەمەندا، مەبەستم ئەوەیە دەرهێنەر بۆ هەر زەمەنێك گوتاری تایبەتی خۆی هەبێت و بزانێت چۆن دەتوانێت شانۆ لەگەڵ زەمەندا تێکهەڵکێشی یەکتر بکات، بۆیە من پێم وایە دوای دامرکانەوەی ئەشکەنجە و ئازارەکان، ئێمەی شانۆکار لە زەمەنی ئەمڕۆکەدا پێویستیمان بە سارێژکردنەوەی برینەکان هەیە بەشانۆ، زێتر

لەوەی بەمەرگەساتەکانی ڕابردوو برینەکان بکولێنینەوە، بۆیە هەڵبژاردنی شانۆگەرییەکی تەڕی کۆمیدی وەك (قرچۆك) بۆ ئەم زەمەنە هاوکوفە و کاریگەرییەکی دەروونی قووڵ بەسەر بینەردا بەجێ دێڵێ.

شانۆگەری (البخیل – قرچۆك)ی (مۆلێر)یش تا ئێستا بەهەزاران شێوە لە شارەکانی جیهاندا پێشکەش کراون، وێڕای تێپەڕبوونی زەمەنێکی زۆریش هەتا ئێستاکەش دەرهێنەرە جیهانییەکان هەر یەکە و بەدید و بۆچوونی خۆیەوە ئەم شانۆگەرییە پێشکەش دەکات و لە لای خۆشمان چەند جارێك لە لایەن دەرهێنەرە کوردەکانەوە لە شێوەی شانۆ یاخود وەك زنجیرەی تەلەفزیۆنی پێشکەش کراوە، لەوانەش زنجیرە درامای (پیسکەی تەڕپیر)ی مامۆستا ئەحمەد سالار کە لە ساڵانی حەفتاکاندا پێشکەشی کردووە و هەرخۆشی دەوری پیاوە بەخیلەکەی تێدا بینیوە، پرسی دووبارە پێشکەش کردنەوەی بەرهەمێکی هونەری، لەوانەش بەرهەمی شانۆیی کارێکی ئاساییە چونکە هەتا ئێساش شانۆگەرییەکانی شکسپیر و چیخۆف و برێخت لەسەر شانۆکانی جیهاندا پێشکەش دەکرێنەوە، هەر دەرهێنەرە و بەتێڕوانینی تایبەتی خۆی شانۆگەرییەك پێشکەش دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەتوانێ شتێکی نوێ لەو شانۆگەرییەدا هەڵێنجێ کە پێشتر دەرهێنەرێکی دیکە بۆی نەچووبێت، ئەوەتا لە ئۆتیللۆی شکسپیردا دەرهێنەرێك بایەخ بەلایەنی ڕەگەز پەرستی دەدات، ئەوی دیکەیان وەك (غیرە) بۆ ئۆتیللۆ دەچێت، ڕاستە کە هەموویان ئۆتیللۆی شکسپیرن، بەڵام لە تێڕوانیندا هەریەکە و ئۆتیللۆیێکی سەربەخۆیە، ئەو بینەرانەش کە بە بەردەوامی شانۆ بەسەر دەکەنەوە، دەتوانن بەئاسانی بەراوردی ئەو ئۆتیللۆیە لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا بکەن، یان بەراوردی پیسکەی تەڕپیر کە زێتر لە سی ساڵە پێشکەش کراوە لەگەڵ دڵدارێکی قرچۆکدا بکا کە ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێت، دوای ئەو بەراوردە ئەویش حوکمی خۆی هەیە، مافێکی ڕەوای خۆشیەتی کە ئازاد بێت لەو حوکم دانە، چونکە بەرهەمەکە بۆ ئەو پێشکەش دەکرێت.

## زمان لە دڵدارێکی قرچۆکدا

هونەرمەند (خەلیل یابە) هەوڵی ئەوەی داوە زمانێکی تایبەتی بداتە شانۆگەرییەکە، کە جۆرێك لە جودایی تێدا بێت لەگەڵ زمانی (پیسکەی تەڕپیر) بەڵام ئەویش وەك پیسکەی تەڕپیر هەوڵی ئەوەی داوە کە هەندێ زاراوەی میللی عەرەبی بەکار بێنێ بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتی چەلەبی، وەك کاراکتەرێکی کلاسیکی کۆمەڵایەتی و تەڕکردنی دەقەکە و بەپێکەنین هێنانی بینەر، بەڵام ئەو زاراوانەی لە دەمی پیسکەی تەڕپیردا دەردەچوون زۆر تەڕ و کاریگەر و گاڵتە ئامێز و بەهێز بوون، ڕەنگدانەوەیەکی وردی باری دەروونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتی پیاوە پیسکەکە بوون.

خەلیل یابە کەمو زۆرێك هەوڵی بەکوردی بوونی دەقەکەی داوە، بەچەشنێکی ئەوتۆ کە بینەر ئەوەی لە بیر بچێتەوە کە ئەم دەقە دەقێکی بیانییە، لە پاڵ ئەمەشدا هەندێ ناو و شوێنی کوردیشی تێکهەڵێشی دەقەکە کردووە، بەمەش زێتر بینەری لە کەشوهەوا کوردەوارییەکە نزیك کردووەتەوە.

شانۆگەرییەکە بەتێکڕایی پێویستی بە زمانێکی سادەی کۆمیدی هەیە ڕەنگە زمانی کۆمیدیاش پێویستی بەو قەڵەمە شانۆییانە هەبێت کە شارەزاییەکی چاکیان لە بواری کۆمیدیادا هەیە، بۆ نموونە ئەوەی بەمۆلێر کراوە لە بواری کۆمیدیادا، ڕەنگە ئەوە بەشکسپیری مەزن نەکرابێت لە بواری نووسینی شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا، بەپێچەوانەوەش ئەوەی لە مەرگەساتدا بەشکسپیر کراوە بەمۆلێر نەکراوە، بمانەوێت و نەشمانەوێت شانۆی کۆمیدی بەپلەیەکی ئیجگار زۆر پشت بەزمانی کۆمیدی سەرنج ڕاکێش و ختۆکە کاردەبەستێت، کە ڕەنگە ئەو جۆرە زمانە لای هەموو نووسەرێك دەست نەکەوێت، بۆیە زەین بدە ئەکتەرە کۆمیدییەکان بزانە چۆن قسەکردنی ئاساییان لە نمایشێکی کۆمیدی دەچێت، ئیدی ئەگەر ئەو زمانە

لـە كـۆمـيـديـادا ون بـوو بـەمـانـا بـەشێكـی هـەرە زيـنـدوو لـە جـەسـتـەی شانۆگەريەكەدا ئيفليج دەبێت، ڕەنگە هونەرمەند خەليل يابە ئەزموونێكی دەوڵەمەندی نەبێت لە هونەری كۆميديادا بەڵام ئەم شانۆگەرييە بۆ ئەو جۆرە تاقيكردنەوەيەك بوو لەم بواردەدا.

## دەرهێنان

شانۆی كۆميدی بۆ تەڵعەت سامان شتێكی نوێ نييە چونكە بەشێك لە شانۆگەرييەكانی سامان، لە پاڵ شانۆی سياسيی و تراژيدی و نەتەوەيی و كۆمەڵايەتی، شانۆی كۆميدی بووە، ئەو بە كۆميديا توانيويەتی پەنجە لەسەر زۆر برينـی گـەورەی نـەتـەوەيی و كۆمەڵايـەتی دابنێت، بـەڵام نـەبـۆتـە ئـەو دەرهێنەرەی كە تەنها خۆی بەشێوازی كۆميدی، يا تراژيدی ببەستێتەوە.



ڕاستە کە تەڵعەت سامان بەشی هەرە زۆری شانۆگەرییەکانی لەوانەش (دڵدارێکی قرچۆك) لە بازنەی شانۆی واقیعی – ڕیالیزمیدا دەخولێتەوە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە شانۆی واقیعی بەمانای خاڵی بوون بێت لە داهێنان، چونکە ئەوەتا هەتا ئەمڕۆکەش شانۆی کلاسیکی بەردەوامە و لە زۆر لەو شوێنانەی هێلانەی پێشکەوتنی شانۆیین شانۆ کلاسیکی تێدا پێشکەش دەکرێت، ئەگەرچی زەمەنی شانۆی کلاسیکیش تێپەڕ بووبێت، بەڵام ئەویش وەك چۆن شانۆی تەعبیری و ئەزموونگەری بینەری خۆی هەیە بەهەمان شێوەش شانۆی کلاسیکیش جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، مەبەستم لەوەدا ئەوەیە کە پیادەبوون، یا بەردەوام بوون لەسەر ڕێچکەیەکی شانۆیی دیاریکراو بەمانای خۆ جوینەوە نییە (ئەگەر دەرهێنەر دەسەڵاتی داهێنانی هەبێت) بەڵام کاتێك دەرهێنەر لەسەر شانۆدا دەمرێت کە بینەر درکی بەوە کرد شتێکی تازەی پێ نییە.

تەڵعەت سامان – خاوەنی ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆیەتی لە شانۆدا و ئەو پتر پشت بەگەیاندنی ئامانجەکانی خۆی دەبەستێت نەك ئەکتەر، دەیەوێت ئەو هۆکارانە فەراهەم بکات کە بینەری سادەی تێدا ڕاکێشێتە ناو هۆڵەکانی شانۆ، دەرهێنەری نوخبە نییە، بەڵام جەماوەری تایبەتی خۆشی هەیە، کە ڕەنگە ئەو جەماوەرەش بەدوای شانۆیەکی وەك شانۆگەرییەکانی تەڵعەت بگەڕێت.

بەهەرحاڵ تەڵعەت لەم شانۆگەرییەدا هەوڵی ئەوەی داوە کە بەرگێکی کۆمیدی لەبەر زۆربەی ئەکتەرەکانی خۆی بکات، هەر لە چەلەبی (خەلیل یابە) هەتا دەگاتە (ئازاد – ئەیام ئەکرەم، وسوو – گۆڤار ئەنوەر، سالار – تاها ئاغاجان، گەنجۆ – نەوزاد حاجی شووشە) بەو مەزەندەیەی کە شانۆگەرییەکەی پڕکات لە ئەکتەری کۆمیدی و ئەمەش ببێتە هۆکارێك بۆ بەجۆش خستنی بینەر، بەڵام بەم زۆری و بۆرییەی ئەکتەرە کۆمیدیاکان بینەر درك بەوە دەکات کە لە نرخ و بەهای کۆمیدیاکە کەم دەبێتەوە، ئەوە

بێجگە لەوەی دیقەتی بینەر بەرامبەر بەئەکتەری سەرەکی (چەلەبی) لە نێو ئەو هەموو ئەکتەرە کۆمیدیانە ڕوو لە کزی دەدات، یان بەشێوەیەکی دیکە بڵێین دەشاردرێتەوە، بۆیە ئەو خۆی غەدری لە چەلەبی کردووە و تەوەری سەرەکی ئەو کاراکتەرەی لە ڕووی کۆمیدیاوە لاواز کردووە، من پێم وایە ئەگەر خەلیل یابە لە ئەکتەرە کۆمیدیا دیارەکان بوایە، یان دەسەڵاتی لە بواری کۆمیدیادا لە ئەکتەرە لاوەکیەکانی دیکە زێتر بوایە لەم بوارەدا، ئەوە ڕەنگە دەسەڵاتی خۆی بەشێوەیەکی فرەوانتر بەسەر ئەکتەرە کۆمیدیاکانی تر دەسەپاند، بەڵام چونکە کۆمەڵێ ئەکتەری ناسراو بەکۆمیدیا لەگەڵ خەلیل یابە کار دەکەن، ئەکتەری سەرەکی ناتوانێت ئەو جیاوازییە زەقە دروست بکات کە پێویستە، ئەوەتا وای لێ دێت کە ئەکتەرێکی تازە پێگەیشتووی وەك (گۆڤار ئەنوەر) لە کۆمیدیادا جێی پێ لەق بکات.

تەڵعەت سامان ویستوویەتی لە پاڵ بەرجەستەکردنی بەخیلی یان قرچۆکی، لایەنێکی دیکە لە کەسایەتی (چەلەبی)دا هەڵێنجێ کە ئەویش لایەنی خۆویستی و خۆپەرستیەتی چەلەبییە، بەڵام بەپلەی یەکەم چەلەبی بەخیلە، کەسانی قرچۆکیش پێش هەموو کەس لەگەڵ خۆیاندا قرچۆکن ئینجا لەگەڵ دەوروبەری خۆیان، بۆیە من دەڵێم هەتا ئەگەر قرچۆکێك خۆپەرستیش بێت، ئامادە نییە ئەو جلوبەرگە شاهانەیە بپۆشێ و ئەو پێڵاوە بەبریقەیە لەبەر کات و ئەو مشکییە هەورامییە لە سەرنێ! چونکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەشێوەیەکی سروشتی بەخیل شتێ بۆ خۆی و دەوروبەری خۆی بەڕەوا نابینێ، بۆیە من پێم وایە دەرهێنەر دەبوا ئەو قرچۆکییە لە جلوبەرگ و شێوەدا بکات بەپیاوێکی قرچۆك ئەو کاتە وێنەیەکی لێوەشاوەتری لە ڕەسمی ئەو کەسایەتییە نیشان دەداین و لە بەرچاوی بینەریش بە پیاوێکی نەفرت لێکراوتر دەهاتە بەرچاو، چونکە بینەر چەند ئەوەندی ئەو چاوچنۆك و قرچۆکانە بەلاتی و نابووتییەوە ببینێ ئەوەندە

زێتر کەسایەتییەکە کاریگەری دەروونی خۆی بەسەریدا بەجێ دێڵێ، بەڵام دەرهێنەر ئەو وێنە جوانەی لە خەیاڵی بینەردا پووکاندۆتەوە و کردوویەتییە قوربانی خۆپەرستیەتی، بەمەش ناتوانێت لە ڕووی درامییەوە ئەو کاریگەرییە ببەخشێ کە لە وێنەی بەخیلێکدا دەردەکەوێت.

## ئەکتەر لە دڵدارێکی قرچۆکدا

دەرهێنەر لەم شانۆگەرییەدا وای بۆ دەچێت کە چەند ئەوەندی ئەکتەری کۆمیدی لە شانۆگەرییەکەیدا کۆکاتەوە ئەوەندە زێتر شانۆگەرییەکە کۆمیدی تر دەبێت، کەچی ئەکتەری سەرەکی کە کۆڵەگەی شانۆگەرییەکەیە ئەکتەرێکی کۆمیدی نییە، من هاوکێشەکە بەپێچەوانەوە دەبینم و لام وایە ئەگەر ئەکتەری سەرەکی (چەلەبی) ئەکتەرێکی دەست ڕۆیشتوو لە کۆمیدیا بوایە سەنگی هەرە گەورەی لایەنە کۆمیدیاکە دەکەوتە سەرشانی ئەو و بۆشایی زۆر لەو ئەکتەرە کۆمیدیانەی پڕ دەکردەوە کە بوون و نەبوونیان لە شانۆگەرییەکەدا وەك یەك بوو، یاخود بەشێوەیەکی دیکە بڵێین بارگرانییەکیان خستبووە سەرشانی شانۆگەرییەکە.

خەلیل یابە کە ئەکتەری سەرەکی شانۆگەرییەکە بوو، هەتا بڵێی لەسەر شانۆ ماندوو بوو، بەڵام ماندووبوون و داهێنان دوو شتی لە یەکتر جیان، ئەو پتر وەك ئەکتەرێك ڕەچاوی تەمەنی بۆ کرابوو، بەڵام بۆ ئەو کارێکی ئاسان نییە کە لە کەسایەتی بەگ و ئاغا و دەرەبەگێك ببێت بەئەکتەرێکی کۆمیدی، یا ئەو ئەزموونێکی دووورودرێژیشی هەبێت لەگەڵ شانۆدا بەڵام لە ئەزموونی کۆمیدیادا هێشتا بالق نەبووە، ڕەنگە بۆ ئەویش ئەم ئەرکە کارێکی قورس بووبێت، بەڵام لاریشی لە خۆلێدانی ئەم ئەزموونە سەختە نەکردووە، دەبوا دەرهێنەر لەوە بەئاگا بێت کە هەر درزێك لە کۆڵەگەدا بەمانای ڕووخان دێت...

لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە دەرهێنەر ئەرکێکی قورسی خستبووە

سەرشانی (تارا عەبدولڕەحمان و شاناز عەبدولڕەحمان) کە لە ڕێکلامی تەلەفزیۆنی و فیلمی سکرینەوە ئەو دوو ئافرەتەی کردبوو بەئەکتەری مۆلێری، بۆیە ئەوانیش هەتا ئەو کاتەش کە لەسەر شانۆ نواندنیان دەکرد هەر مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە لە بەردەم کامێرادا وەستاون، وەك هەندێ لە ئەکتەرە کۆمیدییەکانیش هەمان مەزەندەیان هەبوو.

لە پاڵ ئەوەشدا ئەکتەری شانۆیی لەسەر شانۆدا لە بینەر ون نابێت، با دەورێکی بچووکیشی هەبێت وەك (سەلیم بەگ – موئەییەد فەقێ، خەجە گەڕۆك – شیلان مستەفا) چونکە ستانسلافسکی گوتەنی دەوری گەورە و بچووك نییە بەڵکو ئەکتەری بەتوانا و ئەکتەری بێ توانا هەیە.

ئەگەرچی ژمارە ئەکتەرێکی زۆری خاوەن ئەزموون لە کۆمیدیادا لەسەر شانۆ خۆیان پێشکەش کردین، بەڵام من پێم وایە (گۆڤار ئەنوەر – وسوو) وەك ئەکتەرێکی تازەی بواری کۆمیدیا مایەی سەرنجڕاکێشان بوو، ڕەنگە ئەویش وێڕای ئەوەی ئەکتەرێکی بوێرە لە هەمان کاتیشدا کێشی وەك ئەکتەرێکی قەڵەو بۆ دەوری کۆمیدیا زۆر بە کەڵکی هاتبێت.

### بینەری قرچۆك

زۆر لە شانۆکارانی ئێمە پاساوی کزی شانۆ و بێ دەنگی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ خۆ دوورەپەرێز ڕاگرتنی بینەر لە شانۆ و پێیان وایە کە دەکرێت هەموو جۆرە بیتاقەیەك بەکار بهێندرێ بۆ گێڕانەوەی بینەران بۆ هۆڵەکانی شانۆ هەتا ئەگەر ئەو گەڕانەوەیە لەسەر حیسابی نرخ و بەهای شانۆش بێت، یەکێك لەو فاکتەرانەش بەلای ئەوانەوە ڕووکردنە شانۆی کۆمیدی و بازرگانییە، کە پێیان وایە زۆرترین بینەر ڕاگیشی هۆڵەکانی شانۆ دەکات، وەك لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر نموونەی لەم جۆرە شانۆگەرییانەمان بینی، بەڵام من پێم وایە کە ئێمە کێشەی قەیرانی بینەرمان نییە بەڵکو کێشەی قەیرانی داهێنانی شانۆییمان هەیە، چونکە

وەك بەڵگەیەك شانۆگەری (سەردەمی بێ تاوانی) دكتۆر قوتبەدین سادقی–مان بینی كە چۆن لە بینەر خرۆشابوو، شانۆگەرییەكانی (سدیق حوسێن)یشمان بینی كە بینەران لە چەند ڕۆژی پێشكەش كردنیدا بەپێوە دەوەستان.

كەواتە بەپێچەوانەوە ئێمە دەتوانین بەشانۆی (جاد) بینەر بگێڕینەوە ناو هۆڵەكانی شانۆ نەك بەخۆ دابەزاندنی شانۆ بۆ ئاستێ كە شانۆی كوردی بۆ چەندین ساڵ بگێڕێتەوە دواوە، بەو بیانووەی كە بینەر شانۆی سادە و پڕ لە پێكەنینی دەوێت!. من پێم وایە ئێمە هەندێ جار هاوكێشەكە بەهەڵە تێ دەگەین كە حیساب بۆ ژمارەی بینەر بكەین نەك جۆری بینەر، یان مەزەندەی ئەوە بكەین كە هەموو پێكەنینێك بەمانا كۆمیدیایە، كاتی خۆشی گەورە شانۆكار و سینەماكارەكان بەتەنها پێكەنین هێنانی بینەر نەبوونەتە پاشای كۆمیدیا بەڵكو لە پاڵ كۆمیدیادا ئامانجی خۆیان پێكاندووە، وەك شانۆگەرییە كۆمیدیاكانی مۆلێر و فیلمە بێ دەنگەكانی شارلی شاپلن كە لەو سەردەمەدا كونەمشكیان لە سەرمایەدارەكان كردبووە قەیسەری!، وەك (كرۆتۆفسكی) گوتەنی:

دەبێت ئێمە لە شانۆدا وا لە بینەر بكەین كە بەدوای نهێنییە ستاتیكییەكانی شانۆدا بگەڕێت، نەك كە لە شانۆدا دەچێتە دەرەوە، تەنها ئەوەندەی لە خەیاڵ و مێشكیدا لا بەجێ بمێنێ كە بۆ چەند ساتێك پێكەنی!

# خوانێك بۆ خۆكوشتن
## لە ماكبێس-ی مەهدی حەسەن دا



دوو هونەرمەندی شانۆیی بەدوو شێواز و دوو تێڕوانینی لێکتر جودا (نیهاد جامی) و (مەهدی حەسەن)، شانۆگەری (ماکبێس)ی شکسپیری مەزنیان پێشکەش کرد.

نیازیش وایە هونەرمەند (ئەحمەد سالار)یش هەمان شانۆگەری لە ماوەیەکی کەمدا پێشکەش بکات.

ڕەنگە ئەو گردبوونەوەیە لە دەوری (ماکبێس)دا شتێکی نەخشە بۆ کێشراو نەبووە، بەڵکو ڕێکەوت هەرسێ دەرهێنەری لەیەك کاتدا لە دەوری ماکبێس-دا پێك گەیاندووە من پێم وایە فاکتەرێکی هەرە گرنگی ئەو ڕوو تێکردنە بۆ (ماکبێس) لەوە دابێت، کە ئەو دەقە شکسپیرییە لە ئان و ساتێکی وەك ساتەکانی ئەمڕۆ، بتوانێت ئاوێتەی ئەو زەمەنە بێت، چونکە شانۆ هەمیشە پێداویستی بەدارشتنەوە و دەربڕینی ئەو چەمك و تێڕوانینانە هەیە کە لەگەڵ سروشتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ (ماکبێس)دا کردووە، بەڵام بەو ئاڕاستەیەی کە ڕەنگدانەوەیەکی سەردەمی خۆی بێت، چونکە ناکرێت ماکبێسی سەدەی شانزەهەم ، هەمان ماکبێسی سەدەی بیست و یەك بێت ئەو دەرهێنەرەش کە ئەمڕۆکە شکسپیر پێشکەش دەکات، شکسپیرێکە کە زادەی زەمەنی ئەمڕۆکەیە.

مەهدی حەسەن دوابەدوای شانۆگەری (بەبەردبوون) و ئەو لە ئامێزگرتنەی خەڵکی بۆ شانۆگەرییەکە، جارێکی دیکە قەستی ئەوەی کرد کە کلاسیکمان پێشکەش بکاتەوە، لەبەر چەند فاکتەرێکی گرنگ:

یەکەمیان: مەهدی توانا و دەسەڵاتی خۆی لە کلاسیکدا بەقەوارەیەکی بەرفراوان دەبینێ ئەو وێنانەی کە لە مێشکی ئەودا بوون، بەرجەستە بوون و دەربڕینیان بەکلاسیك لە هەموو ڕێگەیەکی دیکەی نزیکتربوون.

دووهەمیان: درك بەوە دەکرێت کە بینەری کورد تا ڕادەیەك ئامادەی وەرگرتنی کلاسیکە، ڕەنگە بۆشی بەپەرۆش بێت.

سێیەمیان: ئەزموونی کلاسیکی لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نییە، بۆیە ئەم ئەزموونانە هەوڵدانێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەرفراوانەی کە لە بواری شانۆی کلاسیکی دا هەستی پێ دەکرێت.

لەم پێودانگەوە، سووربوونی دەرهێنەر بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکی کلاسیکی وای کردووە، کە (ماکبێس) خۆی بێنێتە پێشەوە و ببێتە پڕۆسەی شانۆگەرییەکە، وێڕای ئەوەش، ڕووداوەکانی ناو ماکبێس. لەو ڕووداوانەن، کە دەرهێنەر و بینەری کورد بەدوایدا وێڵن، بۆ خستنە ڕووی ئەو پرسیارانەی کە لە ڕێگەی ماکبێسەوە دەیانەوێت دەری ببڕن.

لە هەمان کاتیشدا ئەو بونیاتە فیکرییە کە لە ماکبێس-دا هەیە، هۆکارێکی یاریدەدەری بونیاتە هونەرییەکەیە و، بۆ دەسەڵات پێش کانی دەرهێنەر و دەربڕینی ئەو ستاتیکییەتەی کە لەو بونیاتە فیکریانەدا دەرهێنەر دروستیان دەکات.

هەمیشە کارەکتەرە سەرەکییە تراژیدییەکانی شکسپیر مەودای دووریان هەیە لە ڕووی ئایدۆلۆژی و فەلسەفی لە پێکهاتەکانی ژیان بەتێکڕای، بەبێ دیاریکردنی هیچ زەمەنێك و هیچ پانتاییەکی جوگرافی، چونکە ئەو کاراکتەرانە، کاراکتەری ئەبەدین، هەوێنی هەموو زەمەنێك و هەموو نەتەوەیەك و هەموو پارچەیەکن لە گۆیی زەویدا بۆ ئەوەی لە هەموو ئان و ساتێکدا ئاوێتەی زمانەکانی خۆیان بن.

زمانی شکسپیر لەو زمانە قووڵ و ئێجگار بەرفراوانەیە کە دەستی دەرهێنەر دەگرێت و خەیاڵی ڕادەکشێ بۆ دروستکردنی ئەو وێنە جوانانەی کە شکسپیر خۆی بونیاتنەری ڕاستەقینەیەتی، بۆیە بینەر درك بەوە دەکات کە شانۆگەرییەکەی مەهدی لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوەوە، یەکیان گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە دەرەنجامی ئەو وەرگێڕانە چڕوپڕەی (مەحمود زامدار) کە توانیویەتی ئیقاع و تاموچێژی دایەلۆژەکان بپارێزێ، لە هەمان کاتیشدا نرخ و بەهای خۆیان بگەیننە وەرگر.

یەکێك لە سیما هەرە گرنگەکانی شانۆگەرییەکانی شکسپیر پەردە لادانە لە ڕووی سایکۆلۆژیەتی پاڵەوانەکان، چونکە بەنهێنی سەر هەڵدەدەن، چەند ئەوەندەی شکسپیر بەڕووداو چارەسەری شانۆگەرییەکانی دەکات، زۆر لەوەندەش پتر لایەنە سایکۆلۆژیەکان دەبن بەبنەما بۆ کرۆکی شانۆگەرییەکانی.

بینەر لە ماکبێسی مەهدی، دەیتوانی دەوروبەری سایکۆلۆژی ماکبێس بخوێنێتەوە، بەناخ ماکبێس-یش شۆڕبێتەوە، لەوە بگات کە ماکبێس خوێن بەرچاوی گرتووە واتێدەگات کە تەنیا ڕێگە چارەیەك بۆ هاوسەنگ بوونی ژیان و ڕاستکردنەوەی ئەو لەنگیە تەنیا خوێن و کوشتنە بۆیە دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دابوو، کە ڕەنگی سوور بەسەر دیمەنەکان و کاراکتەرەکان و دەوروبەریشدا بکێشێ، وەرگریش هەست بەوە بکات کە شانۆ خوێنی لێ دەتکێ، یانش بەشێوەیەکی دیکە بڵێین، دەرهێنەر تەنیا هەر ئەکتەرەکانی نەکردبووە هۆکار بۆ دەربڕین بەقەد ئەوەندەی کە دیکۆر و ڕووناکی و مۆسیقاشی تەوزیف کردبوو بۆ بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتە خوێناوییانەی کە هەندێ جار دەگەیشتنە حاڵەتێکی ترسناك، بۆ وەرگر.



وێڕای گەرمی ڕووداوەکان، بەڵام بێ دەنگیش تاموچێژی خۆی هەبوو، بیرت بۆ ئەوە نەدەچوو، کە ئاژاوەیەك لەسەر شانۆ هەیە، بەڵکو لە کەشوهەوایەکی ڕۆمانسییانە ڕووداوەکان بەڕێوە دەچن، کاراکتەرەکان خۆیان بەبینەر دەناسێنن، بەڵام من پێم باش بوو ئەگەر ڕیتمی ئەو بێ دەنگی و خامۆشییە، لەگەڵ تێکچوونی حاڵەتی دەروونی ماکبێس و نزیك بوونەوەی لە مەرگ لە کۆتاییدا، ئاژاوەیەکی بەئەنقەستی تێدا دروست کرابوایە، کە نیشانەی جەنجاڵی و تێکچرزان و لاربوونەوەی هاوسەنگی ژیانی بەتەواوەتی تێدا بەرجەستە کرابوایە.

ئەو ڕیتمە لە کۆتاییەکانی ماکبێس-دا پتر بەرزبووبووایەوە، بەجۆرێك بینەر درکی بەوە بکردایە کە هەموو تشتێك بەرەو کۆتایی هاتن دەچێت لە ڕووی دەروونییەوە.

یان ئەگەر بمانویستایە ئەو مەرگەساتانە لەگەڵ زەمەنی ئەمڕۆدا لێك ببەستینەوە، هەندێ لە هۆکارەکانی کوشتن یان لە جیاتی شمشێر، یا خەنجەر، بەئامێر دەربڕابوایە، بەو ناوەی کە ئێستاکە سەردەم سەردەمی ئامێرە، هۆکارەکانی لە ناوچوونی بنیادەمیش دیسان هەر لە ڕێگەی ئامێرەوەیە، وەك زۆری خەڵکیش بەرەو ئامێریەت هەڵدەکشێن و بەها مرۆییەکانی خۆیانیان تێدا لە کیس دەچێت، بەڵام دەرهێنەر لەوەدا لەگەڵ شکسپیر خۆی جودا کردەوە، کاتێ لەسەر شانۆ ڕایکرد و مرۆڤیش هەر بەدواوەییەوە بوو، بۆ ئەوەی بەبینەر بڵێت ماکبێس بۆ هەموو زەمەنەکان دەمێنێتەوە، ماکبێس ئێستاکەش هەر ماوە، تا ئێستاکەش بوونیان هەیە، بەڵام چارەنووسیشیان ئەو چارەنووسەیە کە دەیبینین.

دەرهێنەر پلەوپایەی بۆ ئەوانە دانابوو کە لە بڵندترین لووتکەدا بەگەورەیی دەمرن و لە درەختێکی بالابەرزی ئەبەدی دەچوون، ئەوانەش کە لەو پێودانگەوە کۆتاییان دیت، لێرەدا مانایەکی گەورەی بەنەمری هەندێکیان بەخشی.

بەڵام نەدەکرا دەرهێنەر مردنی ژنی ماکبێس-مان لێ بشارێتەوە، ئەو

مـردنـەش ئـەوەنـدە بـەسووك و سانـایـەی نـەداتـە دەست، کـە چ وەقـعێکـی دەروونـی لـە لای بینەردا بـەجـێ نـەهێڵـێ، تـەنیا ئـەو دایـەلۆژە نـەبێت کـە بـە ماکبێس بڵێن، ژنەکەت مرد!

ئـەکتـەری سـەرەکـی دەسەڵات و توانـایـەکـی گـەورەی نواند، هـەوڵـی ئـەوەی دابوو لە ماکبێس بگات و بزانێت دەیەوێت لە ڕێگەی ماکبێسەوە چی بڵێت و چی بکات، لەشولارێکی نەرم و سووکی هەبوو، بەڵام لە دەنگدا ئەو هێزەی نەبوو وەك لە جەستەیا درکی پێ دەکرا، وەك ئەو بێ هێزییە لە دەنگدا لە لای ژنی ماکبێس و زۆر لە ئەکتەرانی دیکەش هەبوو. ئەوەی لە ماکبێسی مەهدی–دا بووبووە ڕۆحی شانۆگەرییەکە، دیمەنی سیحربازەکان بوو، لە ڕووی نواندنی ئەکتەرەکان، دیکۆر، مۆسیقا، ڕەنگ، (مەهدی) کەشوهەوا و تەقسێکی ئەوتۆی سیحراوی دروست کردبوو، کە تەختەی شانۆ، لە وێنە، یا لە دیمەنێکی سینەمایی بەرجەستەکراو بچێت، کە ترسی لێ ببارێت و لەو دیمەنەدا مەهدی (شانۆ و نیگارکێشی و سینەما) تێکەڵ بەیەکدی بکات و یەکە یەکەی هارمۆنی ڕێکوپێکی لێ دروست بکات.

شانۆی کلاسیکی هەوڵ و تەقەللایەکی ئێجگار زۆری دەرهێنەر بەدیکۆر و جلـوبـەرگ و ئـێکسوارانـی دیکـەی شانـۆییـیـەوە دەبـات، ڕەنگـە مـەهـدی حەسەن، تا ڕادەیەك هەوڵی ئەوەی دابوو، ئەو پێداویستییانە دابین بکات و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەر شانۆدا تەوزیفیان بکات، گەلێك بەکارامەییش دیکۆرەکانی دەگۆڕی، بێ ئەوەی بینەر دووچاری هیچ چاوەڕوانییەك بکات، زۆر لـەو دیکـۆرانـەی کـردبـوو بـەدەلالاتـی شانـۆیـی، لـەوانـە پـەیژە پـان و بەرینەکە، ڕەنگە سوورەکە، کورسییە بڵندەکە، مەنجەڵی ساحیرەکان و زۆر شتی دیکەش بەڵام لە ڕووی دەرهێنانەوە، مەهدی کەمتر توانی تێڕوانینی سەردەمیانەی خۆی بەسەر شێوە و ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکەدا بچەسپێنێ و پتر ئاوێتەی سەردەم بێت و چارەسەرێکیان بەتێڕوانینێکی تایبەتیتر و لە گۆشەنیگایەکی بەرفراوانتر و نوێتر بخاتە ڕوو، من چاوەڕوانی ئەوەم

دەکرد، مەهدی سەربەستی زێتر بداتە خۆی و ئەکتەرەکانی، خۆی لە زۆر درێژە دادڕی دایەلۆژ ڕزگار بکات، کە لە زۆر حاڵەتدا ڕیتمی شانۆگەرییەکەیان دەکوشت، ڕەنگە بینەر لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا ئەوە لە خۆی بپرسێت کە مەهدی چ ئیزافەیەکی کردووەتە سەر (بەبەردبوون)؟ یا مەهدی توانی ئەو ئاستە هونەرییە بپارێزێ کە لە بەبەردبوون پێشکەشی کرد؟

پێم وایە مەهدی هیچی کەمتر لە شانۆگەرییەکانی پێشووتر پێشکەش نەکردووە، لەم ئەزموونەشدا جارێکی دیکە، بەڕەنگێکی تر بەتاموچێژێکی تر، خۆی پێشکەش کردینەوە، هەموو ئەو ئەکتەرانەش کە لەو شانۆگەرییەدا، یاریدەربوون بۆ ئەو ئاکامە، هەریەکە و شوێن پەنجەی دیاری خۆیان لە شانۆگەرییەکەدا بەجێ هێشت.

# شانۆگەری: گەشتەکەی حەسەن

ئا: کامەران ڕەئوف

وەرگێڕ: محەمەد فەریق حەسەن

دەرهێنان: کامەران ڕەئوف



## دەق

لە گەشتەکەی حەسەندا، حەسەن پاڵەوانێکی سێرکە و بێ شوێن و جێگە هەوار ئاواتی تەنیا کونجێکە تیایدا بژیت، تەنانەت زۆربەی شەوانی لە هۆڵە  شێدارەکەدا بەسەر دەبات، بۆیە زوهرەی ژنی بەگوێیدا دەچرپێنێ و پێی دەڵێ: (واز لە سێرك بێنە و برۆ بەدوای ژوورێکا بگەڕێ، ئەی هەزارجارم پێ نەوتی) حەسەن مرۆڤێکی ئاسایی نییە و تەنیا مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان نەبوونەتە مایەی سووتانی حەسەن، بەڵکو نهێنی هەرە گەورەی ئازارەکانی ئەم مرۆڤە خاکە و لە پێناوی ئەو ئەشقە ئەزەلییەیە جەرگی هەڵدەقرەچێ، هەتا کاتێکیش کە دەردە کوشندەکانی ژیان بیانەوێت جڵەوی خۆڕاگرتن و بەردەوامبوون بەحەسەن بدەن، ئەوا یادگارە شرینەکانی ژنەکەی (زوهرە) وەك کۆڵەگەیەك باڵی دەخاتە ژێر باڵی ، بۆ ئەوەی نەکەوێت و بەرامبەر بەژیان چۆك نەداو هیوای ئەبڕێ و هەمیشە بەو هیوایە دڵی خۆش دەکات کە گەشبین بێت بەرامبەر بەژیان، بۆیە پێی دەڵێت: برۆ بۆ لای ئەو خاکەی خۆشت ئەوێ.

زوهرە- فریشتەیەکە و بۆ دڵدانەوە و خۆڕاگرتنی حەسەن هەیە و شەڕ لەگەڵ ئەو تاریکییە ترسناکەدا دەکات کە دەوری حەسەنیان داوە و چیرۆکی پاڵەوانە نەبەردەکانی وەك (عەلی کەشتیوانی) دەگێڕێتەوە کە چۆن دڵی دەریای شەق کرد، بۆ ئەوەی خۆر لە نێوان شەپۆڵەکانی دەریادا هەڵێنی، چیرۆکی سەلامی کەمانچەژەنی بەبیر دێنێتەوە، سەلامی ئاشقی گوڵە یاسەمین و باڵندە.

ئیبراهیمی دێوانەی بیر دەخاتەوە کە چۆن بەرامبەر بە جەور و ستەمەکانی ڕۆژگار وەستا و چۆکی نەدا، تا بەسەر خەمەکانی خۆیدا زاڵ بوو.

کاراکتەرەکان یەکەیەکە خۆیان پێشکەش دەکەن و بەسەرهاتە تاڵ و شیرینەکانی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە عەلی کەشتیوانی، ئاشقی ئافرەت و مەی، هەمیشە وەك پیرە گایێکی هار بەدوای چێژ وەرگرتن هەموو بەندەرەکان گەڕاوە، تا لەسەر چڵی خۆشەویستی ئەمنیاتا دەنیشێتەوە.

سەلامی کەمانچەژەن، بەو زمانە پەپوولەییەی خۆیەوە خەمە شاعیریەکانی لەگەڵ باوکە کەمانچە ژەنە بێ مرادەکەی بەیاد حەسەن دێنێتەوە کە چۆن لەگەڵ مۆسیقا و کەماندا لێکتر جودابوونەوە، ئیتر لە جیاتی مۆسیقا بەشی بوو بەغەم خواردنەوە و باڵندە بەخێوکردن، لەگەڵ کۆتایی هاتنیشی هەموو شتەکان کۆتاییان هات و تەنانەت باڵندەکانیش دەمرن، هێشتا سەلامی کەمانچەژەن دڵی حەسەن دەداتەوە و پێی دەڵێت: نەء... نائومێد مەبە حەسەن... نائومێد مەبە... وەرە تەماشای گوڵە یاسەمین و باڵندە جوانەکانم بکە... وەرە بەزمانی باڵندە و نهێنی گوڵانت فێر بکەم... ئاوازە نوێکەمت بۆلێ بدەم... نائومێد مەبە...).

ئەگەر باوکی سەلام خەونە نەزۆکەکانی خۆی لەگەڵ خۆیا برد، بەڵام سەلامێکی ناسکتر لە خۆی، هەم ئاشقی کەمانچە و یاسەمین و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ لە دایك بوو، کە ئەمڕۆکە ئاوازێکی تازە بۆ ژیان دابنێ.

لە سەلامیش بەجەرگتر، لەسەلامیش گەورەتر، لە سەلامیش دڵ گەورەتر، ئیبراهیمی دێوانەیە کە ئاشقی پێکەنین و دوژمنی گریانە، گریان بەناشیرینترین حاڵەتێکی مرۆڤ دەدانێ و لە هەموو ژیانە لە کارەساتەکانیەوە فێری ئەوە نەبووە ملکەچ کات، بەرامبەر بەگریان چۆك بدا، کە باوکی لێی دەدا، پێدەکەنێ و کە لە پەنجەرەی ژوورەکەی دەبەستێتەوە پێدەکەنێ، کە باوکی بەگریانەوە دەبینێ پێدەکەنی، بۆیە بەحەسەن دەڵێت: «خۆ چاوتان لێ بوو هیچ شتێ نییە بمانهێنێتە گریان گریان کارێکی ناشرینە، ناشرین».

حەسەن سەربارى هەموو خەمە گەورەكانى خۆشەويستييەكى گەورەتر لە خەم لە دڵى دايە كە ئەويش وەك خۆى دەڵێت: «نائومێدى هەيە بتوانێ ژيان لە بەرچاو بخات ئەو خۆشييەم لە بەرچاو بخات كە لە ناخى ژياندايە، من گەڵاى تەڕ و پاراوم خۆش ئەوێ، كاتێ لە بەهارا سەر دەئەهێنن، ئاسمانى شينى بێ گەردم خۆش ئەوێ، خۆشم ئەوێ، خۆشم ئەوێ».

كە مادام خۆشەويستييەكى ئەوەندە گەورە لە دڵى حەسەن دابێت، دەبێت ژيان تامو چێژى خۆى هەر پێوەبمێنێ و هيواى گەورە بەحەسەن ببەخشن، لە نێوان ئەوانەشدا كە حەسەن هيواى پێيانە، دالياى دەزگيرانييەتى، كە سەر و سامانى دونيا، جل و بەرگى پۆشتە و نوێنى نەرم و سەرينى تاڵى زێڕ چنراو، ملوانكەى مروارى لێ دەوێ، لە حەسەنێك كە هەموو سەرو سامانى ئەو، تەنيا دڵێك و ملوانكەيەكە كە زۆر بەسووك و ڕيسوايى فڕێ دەدرێتەوە بەردەمى.

حەسەن بۆ خەونەكانى دەژيت و داليـاش بەلايەوە خەونى نەزۆك قرۆشێكى قەڵپ ناهێنێت و ماڵئاوايى لە حەسەن دەكات، بۆ ئەوەى بەختيارى خۆى لە شوێنێكا بدۆزێتەوە كە پارە و سامانى تێدايە، بۆيە لە سێرك بێزار دەبێت و حەسەن لە ناخ گێژەڵووكە سەختەكانى ژيان ڕادەكا و ڕوو لە هەر سووچ و كەلە بەرێكى ئەو جيهانە فراوانە دەكات كە خۆى تێدا بدۆزێتەوە، كەچى هەست بەحەسانەوەى ويژدانى ناكات و نازانێت ماناى سرەوتن چييە و ئارامگرتن و ئاسوودەيى مرۆڤ لە كوێ خۆى حەشارداوە، دەنگى شەمەندەفەر، فڕۆكەى نوێ، ڕۆكێتى وێرانكەر، جەنگى ئەستێرەكان و تەقينەوەى بۆمباكەى هێرۆشيما و كارەساتەكانى بەيروت و چەندان كارەسات و ڕووداوى تر.

لە هەموو ئەمانەش سەختتر و تاوانبار كردنى بەكوشتن، لەوەندەش زێتر لە پێناو ئەو ڕاستييەدا دەخرێتە شێتخانەش، شێتخانەى مەڵبەندى

ڕاستی و پاکی و بێ گەردی و بێ گوناهی، لەوێ لەیلای خۆشەویستی دەدۆزێتەوە، لەیلا شێتی ڕاستی و ئەو پیاوە سەوزەی کە خەونی پێوە دەبینی، بۆ ئەوەی سەرەتایەکی تازە دەست پێ بکەنەوە، سەرلەنوێ بێنەوە سەر شانۆی ژیان و دەورێکی تازە و سەرلەنوێ ببیننەوە.

## ئامادەکردن

دەقی ئەو شانۆگەرییە لە شانۆگەرییەکی یەك پەردەیی نووسەری تونسی (محەمەد غەزی) وەرگیراوە، کە بەناونیشانی (المهرج ينظر في المرآة)ەوە لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (الاقلام)ی ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە، کامەران ڕەئوف وەك ئامادەکار تەنیا پەیکەرە ڕەسەنەکەی هێشتووەتەوە، ئەگەرنا گەلێك دەسکاری هونەری فیکری لە دەقەکەدا کردووە و گەلێ دیمەنی تازە خستووەتە ناو شانۆگەرییەکە وتووێژی نێوان حەسەن و زوهرەی خۆشەویست و ژنی، دیمەنی شێخەکە دیمەنی دادگا و ڕاکردنی و چەندان دیمەنی تر... کە دەقێکی تازەی ئەوتۆیان بونیات ناوە و زمانێکی ئەوەندە پاراویان داوەتێ، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە خاوەن دەقی یەکەم چ مافێکی ئەوتۆی پێوە نەمێنێ، لەوانەیە هەر بۆیەش دەرهێنەر ناوی نووسەری شانۆگەرییەکەی لە پڕوپاگەندەی شانۆگەرییەکەیدا نەبردووە.

دیسان هەر ئامادەکار، چەند کاراکتەرێکی لەگەڵ دروستکردنی دیمەنەکاندا پێك هێناوە و ناوی کاراکتەرەکانیشی گۆڕیوە، بۆ ئەوەی کەمێك لە کەش و هەوای کوردی نزیك بکاتەوە، لە دەقەکەکانی (محەمەد غەزی)دا، تەنیا ئەکتەرێك لە بەرامبەر ئاوێنەدا دەوردەبینێ، بەبێ هیچ ئەکتەرێکی تر، کەچی کامەران – لەناو دیالۆژە– گێڕاوەکانمدا دیمەنی جیاجیای دروست کردووە، بەهاوکاری لەگەڵ دوو ئەکتەری دیکە دەور دەبینن، لەوانە ئافرەتێك (فرمێسك مستەفا) کە دەوری شەش کاراکتەر دەبینێ (زوهرە، ئەمیناتا، دایك، ئۆڤیلیا، لەیلا، دالیا) ئەکتەرێکی دیکە (یاسین بەرزنجی) کە دەوری سێ کاراکتەر دەبێنی (پیاوە پیرە شێخەکە،

ئەفسەرەکە، پیاوە نادیارەکە) جگە لە ئەکتەری سەرەکی (کامەران ڕەئوف) کە دەوری شەش کاراکتەر دەبینێ (حەسەن، عەلی کەشتیوانی، سەلامی کەمانچە ژەن، ئیبراهیمی دێوانە، هاملێت، پیاوی پاسەکە) بەدروست کردنی ئەم چەندان دیمەنە، ئامارەکار، هەناسەی شانۆگەرییەکەی بەو شێوەیەی درێژ کردووەتەوە کە شانوگەرییەکی تێروتەسەلی لێ دەربچێت بەگوێرەی کات و لە هەمان کاتدا هەموو ئەو بوارانەی تێدا بڕسکێنێ کە شانۆگەری بە ڕووداوی کاریگەر دەکەن بەشانۆگەرییەکی زیندوو، لە بریتی گێڕانەوە و مۆنۆلۆژە دەروونییەکانی بەر ئاوێنە، چووەتە ناو پێستی ڕووداوەکان و بەوێنە و ڕووداوی ڕەنگاو ڕەنگ بینای تازەی درامییانەی شانۆگەرییەکەی داڕشتووەتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەکتەری ئافرەتی خستووەتە ناو ڕووداوی شانۆگەرییەکە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان هەمە ڕەنگییەك وەرگرن و لە هەمان کاتیشدا ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی ئەکتەری سەرەکی، جگە لەوەی کە نوێبوونەوەیەك بەبیری بینەر دەبەخشن بۆ ئەوەی نواندنێکی دوور و درێژ مۆنۆدرامییانە نەبێتە مایەی ساردبوونەوەی بینەر.

هەروەها ئامادەکار، هەموو هەوڵ و تەقەڵلای خۆی بۆ ئەوە خستووەتە گەڕ کەوا سەراپای شانۆگەرییەکە بکات بەشانۆگەرییەکی گەشبینانە، ورەیەکی ئەوتۆ بخاتە سەر گیانی مرۆڤێکی ڕووخاو لە هەموو کارەساتە تاڵەکانی ژیان بەهێزتر بێت و ئەم ئامانجە بکات بەئامانجی سەرەکی شانۆگەرییەکەی، بۆیە گەشتەکەی حەسەن، گەشتێکە ئەنجامەکەی بەکۆتاییەکی گەشبینانە دەست پێ دەکاتەوە، ئەوەی بەشێوەیەکی تێکڕایی لە ڕووی ئامادەکردنەوە گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە زمانی شانۆگەرییەکە زمانێکی شیعری بەتامو چێژە، دیارە ئەم زمانە درامییەشە بۆ شانۆگەرییەکی وەك ئەم دەقە ڕۆمانسییە بووەتە بەشێك لە هەموو ئەو ڕەگەزە بنچینەییانەی بوونەتە مایەی بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجانەی

که شانۆگەرییەکە خوازیاریەتی، لە ڕووە مرۆڤایەتییەکەیەوە، کە بێگومان وەرگێڕ (محەمەد فەریق حەسەن) ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە تێرکردنی دیالۆژەکان بەو وشە درامییانەی کە نرخی گەورەیان بەڕووداوەکان داوە.

## کاراکتەرەکان

شانۆگەرییەکە لە هەر دیمەنێکدا شانۆگەرییەکی کورتی سەربەخۆیە، چونکە لە هەر دیمەنێکدا کاراکتەرێکی سەربەست دروست دەبێ، کە جوداییەکی بنەڕەتی هەبێت لەگەڵ تێکڕای کاراکتەرەکانی دیکە، لە ڕووی جەستە و باری دەروونی و ریتمی دەنگ و سایکۆلۆژی و فیسۆلۆژییەکانی تری مرۆڤ، کە بێگومان نیشاندانی ئەم چەندین کاراکتەرانە لەلایەن تەنیا کاراکتەرێکەوە خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکە بۆ ئەکتەر و هەڵسەنگاندنی توانای ئەکتەر و خۆنیشاندانی لە چەند دیمەنێکی جیا جیای مرۆڤایەتیدا.

بێ گومان هونەری گەورە لێرەدا لەوە نییە کە دەرهێنەر چەندین کاراکتەری بەچەندین شێوەی جیا جیا پێشکەش بەئێمە کردووە، کە هەر کاراکتەرە و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵکو گرنگ لە توانای ئەو ئەکتەرە دایە کە بەچەندین بەرگی جیا جیای نواندن بتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی خۆی بگۆڕێت و بەو خێراییە بتوانێت ئەو حاڵەتە دەروونییە دروست بکات کە بچێتە ناخ کاراکتەری دووەم و سێیەم و چوارەم...

بەشێوەیەکی ئەوتۆ هەست نەکەیت کە هەموو ئەو کاراکتەرانەی بینیت تەنیا ئەکتەرێکن.

لەوەش گرنگتر دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دابوو کە حاڵەتێکی بەردەوامی سەرسوورمان بۆ بینەر دروست بکات، بەدەست بەسەرداگرتنی کات و ئەو خێراییەی کە بینەر بخاتە گومان و بێ بڕوایی لە گۆڕینی کاراکتەرەکاندا، بێ ئەوەی دەرفەتی ئەوە بۆ بینەر بڕەخسێنێ کە ئەکتەر

له حاڵەتی خۆ ئامادەکردندایە، چونکە ئەو کاتە گۆڕینی کاراکتەرەکە ئەو نرخەی خۆی نەدەبوو.

بەڵام وەك گوتمان ئامانجی هەرە سەرەکی لەو خێراییەدا نیشاندانی توانای ئەکتەر بوو بۆ بەدی هێنانی حاڵەتی سەرسام بوون لەلای بینەردا، ئەم هەوڵدانە بمانەوێت و نەمانەوێت کێشەیەك بۆ ئەکتەر دروست دەکات و تەگەرەیەك دەنێتەوە لە بەردەم ئەکتەردا بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەلوێ کەوا بەدوای باشترین حاڵەتی دەربڕین و داهێناندا بگەڕێ، چونکە شتێکی ئاسایی نییە ئەکتەر بەو خێراییە بچێتە پێستی کاراکتەرێکی دیکە، ئەگەر هەموو ئەو دەوروبەرە دەروونی و ئاو و هەوا لواوە نەڕەخسێ، کە پێویستن، مەگەر تەنها لە دیوی دەرەوەدا، بینەر کاراکتەرێکی تر ببینێ و لە ناوەوەش ئەکتەر لەگەڵ حاڵەتە دەروونییەکانی خۆیدا لە دژایەتییەك دابێت و هەموو ئامانجی ڕزگاربوونی بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کەوا خواستییەتی بۆ سەرسام بوونی بینەر.

بەڵام ئەوەی بەگوێرەی کامەران-ەوە لەم بوارەدا پەردەی بەسەردا کێشرابوو ئەوەبوو، کە کامەران وەك ئەکتەر بواری ئەوەی بەبینەر نەدەدا، لە ناو ئەو سەرسام بوون و کاریگەربوونەدا هەست بەنواندنێکی ناتەواو بکات، لەگەڵ هەموو ئەو هیلاکییەی خۆیەوە توانی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت، بەڵام ئێمە لەوە دڵنیابووین کە ئەگەر ئەو ئەرکە گرانەی لەسەر شانی نەبوایە شتێکی پێشکەش دەکردین زۆر لەوەندە جوانتر و گەورەتر بێت لە هەر کاراکتەرێك دا دەرهێنەر - لایەنێکی تایبەتی لە لایەنە سایکۆلۆژییە مرۆییەکانەوە وەرگرتووە، لەوانە (توندوتیژی و دڵڕەقی لەلایەن عەلی کەشتیوانی) دڵنیایی و پاکی و بێ گەردی لەلایەن سەلامی کەمانچەژەن، بەستەزمانی و کوێرەوەری لەلایەن ئیبراهیمی دێوانە، نیگەرانی و تاوان لە ڕاکردنی حەسەن بۆ ناو دارستانەکە) و چەندین

حاڵەتی دیکەی مرۆڤایەتی بۆ هەریەکێ لەو کاراکتەرانەش خەسڵەتی تایبەتی خۆی بەخشیوە لەوانە: زمانگیران لای سەلامی کەمانچەژەن، لەرزین و زمان گرانی لەلای حەسەن هتد... کە بێ گومان دروست بوونی ئەو جۆرە حاڵەتانە تەنها بۆ ئەوە نییە دەرهێنەر سیفەتێکی جودا بەکاراکتەرەکانی خۆی ببەخشێ، بەڵکو گرنگییەکی دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە بینەر بۆ لای خۆی کێش بکات، بۆ ئەوەی دیالۆژەکان بەتەواوی وەربگرێت و ناچاری ئەوە بێت کە وشە بەوشە لەگەڵیاندا بژی، لە هەمان کاتدا لەوانەیە دەرهێنەر بەمەبەستێ ئەو سیفەتە بداتە کاراکتەرێکی وەك سەلامی کەمانچەژەن، بۆ ئەوەی بینەر بەسانایی بەسەر ئەو دایەلۆژە بەتاموچێژە ڕۆمانسییانەدا ڕانەبووریێ، کە دەرهێنەر هێزێکی گەورەی تێدا بینیوە، یا لەبەرئەوەیە کە بینەر بەرامبەر بەسەلامی کەمانچەژەن سۆزێکی مرۆڤایەتی و عاتیفی ئەوتۆ بیگرێت کە ئەو کاراکتەرە جێگەیەکی دیاریکراوی خۆی لە دڵیدا بکاتەوە و ئەمەش ئامانجێکە لە ئامانجەکانی دەرهێنەر.

ئەم خەسڵەتە تایبەتییانە هەر تەنیا کاریگەری خۆیان بەسەر بینەردا بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو لەسەر ئەکتەریش بۆیە لە ڕۆژانی دوای نیشاندانی شانۆگەرییەکە کامەران و سەلامی کەمانچەژەنم لێکتر جودا نەدەکردەوە، بەکامەرانم گوت: من هەست دەکەم تاوەکو ئێستا سەلامی کەمانچەژەن لێت جودا نەبووەتەوە؟ گوتی: ڕاست دەکەی من هەروام، بەمانگ دوای کۆتایی شانۆگەرییەکانم ناتوانم لە کاراکتەرەکانم جیا ببمەوە، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە کاراکتەری سەرەکی کامەران لەو شانۆگەرییەدا سەلامی کەمانچەژەنە.

کامەران وەك ئەکتەر پتر لە کاراکتەرە واقیعی و ڕۆمانسییەکانەوە نزیکە و پاڵەوانێکی چیخۆفیە، بۆیە لە دەوری ئەو کاراکتەرانەدا پتر بەناخیاندا شۆڕدەبێتەوە و خۆیان تێدا دەدۆزێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا

ئەمە کێشەیەك نییە لە بەردەم ئەکتەری بەتوانا و گرنگیش نییە ئەگەر کاراکتەر نزیك بێت یان دوور، چونکە بەپێچەوانەوە گەورەترین ئەکتەرە جیهانییەکان لە نواندنی ئەو کاراکتەرانەدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدی هێناوە کە ڕقیان لێیانە و بەهەموو توانایەکی خۆیانەوە هەوڵی ڕیسواکردنیان دەدەن، وەك چۆن چارلی چاپلن، لە نواندنەکانی خۆیدا هەوڵی ڕیسواکردنی سەرمایەدارەکانی دەدا.

## دەرهێنان

دەرهێنەر کۆمەڵی تێڕوانینی جودا جودای هەیە لە شێوازی کارکردنیدا، شێوازی (تەعبیر)یش بەشێکە لە نێوان ئەو چەندان تێڕانینانەی کەوا لە بەرهەمەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە، بەتایبەت لە ڕووی دەربڕینی دیوی ناوەوەی کاراکتەر و ئەوەی لە بیر و مێشکی دا دەخولێتەوە، بەهۆی نیشاندانی کۆمەڵێ سلایدی ڕەنگاوڕەنگ و بەکارهێنانی دەنگی وەك سەگ و دارستان و بەکارهێنانی مۆسیقا و ڕەنگی ترسناك بۆ ئەوەی بینەر هەر تەنها شێوەی دەرەوەی کاراکتەر نەبینێت، لەوەندە گرنگتر ئەوەیە کە دەرهێنەر بزانێت چۆن دیوی ناوەوەی کاراکتەر پیشانی بینەر دەدا، جگە لە بەکارهێنانی کاریگەرەکانی وەك دەنگ و مۆسیقا و ڕووناکی، دەرهێنەر، ڕووداوی بەشێوەیەکی تەعبیرییانە پێك هێناوە، بەنیشاندانی زوهرە-ی تارمایی، کە خەیاڵی سپی کاراکتەرە سەرەکییەکە دەنوێنێ، هەروەها وێنەی فلاش باگ-ی دایکی و ڕاونانی حەسەن لە ناو دارستانەکەدا، هەروەها دەرکەوتنی پیاوە نادیارەکەی خەیاڵی حەسەن و چەند نموونەیەکی تر.

کە لایەنێکی هەرە زیندووی لایەنە دەروونییەکانن، بەڵام هێزی دەربڕینی هەر یەکێکیان و ئاستی هونەری هەر وێنەیەك جیاوازە، کەرەستەکانی دەربڕین و نواندنی ئەکتەر، هۆی گەیاندن، بۆ نموونە سلایدەکان هێزی دەربڕینیان لە هێزی نواندنە تەعبیرییەکان لاوازتر بوو، یا بەشێوەیەکی

ڕەمزی ئەوتۆ بەکار نەهێندرابوون کە ئامانجی خۆیان بەتێروتەسەلی بگەیەنن، بەڵکو لە شێوەی چەند وێنەیەکی ساکار و بێ هێز نیشان دران، نە ڕەنگ، نە مۆسیقا نەیانتوانی لە نرخ و بەهای دەربڕینی سلایدەکانی زیاد بکەن، بەخولقاندنی دەوروبەرێکی هونەری و دەروونی، بۆ ئەوەی بینەر لە لایەکەوە بەتاسەی بینینی تەواوی کارەساتی ناو سلایدەکاندا ببینێ، وەك ئەوەی کە سلایدەکان بەپەلە و تێکەڵ بەکۆمەڵە ڕەنگێکی سادە و بەپەلە گۆڕابوایە، هەروەها ڕیتم و مۆسیقا لە بەرزبوونەوەیەکی ئەوتۆ بوونایە، بینەر دووچاری حاڵەتێکی نائاسایی بکات.

بۆیە لە کاتی نیشاندانی سلایدەکان هەست بەخاوبوونەوەی ئیقاعی شانۆگەرییەکە دەکەیت و هەست دەکەیت کە ئەو چەند چرکەیە چرکەی ساردوسڕن، یا لە ئاست دیمەنی بەهێزی ڕاوکردنی حەسەن نین بۆ ناو دارستانەکە، کە تیایدا بینەر هەست بەترس و خرۆشاندنێکی گەورەی دەروونی دەکات، یاخود تەختەی شانۆی بەلاوە دەبێتە پانتاییەکی فراوانی ئەوتۆ کە لە چاوی کامێرای سینەماش گەورەتر بێت، لەو چرکانەدا دەرهێنەر چاو و دەروونی بینەر بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕادێنێ، کە هەست بەفراوانبوونی شانۆ بکەیت، بەتایبەت لە هەردوو دیمەنی ڕاکردنی حەسەن و لە ناو دەریای عەلی کەشتیوانی و لە کۆتایی شانۆگەرییەکەشدا.

بەدرێژایی شانۆگەرییەکە وشەیەك هەیە کە من بەلای خۆمەوە بەوشەیەکی ناو شانۆگەرییەکەی دادەنێم و لەگەڵیا بینەر دووچاری ڕاچڵەکانێکی گەورەی دەروونی دەبێت کاتێ زوهرە-ی تارمایی بەکپ و خامۆشی دەچرپێنێتە گوێی مێردە بەجێماوەکەی و بانگی دەکا: حەسەن... حەسەن... گرنگی ئەم ئیلقایە لەو هێمنی و بێ دەنگییە خامۆشەدایە کە ڕۆحی زوهرە دێنێتە سەرشانۆ و مێشکی بینەری پێ دەورووژێنێ، حەسانەوەیەکی فیکری و دەروونی پێ دەبەخشێت.

ئەم دواندنە ڕۆحییەی لە ناو شانۆگەرییەکەدا کەمە و بینەر بەدرێژایی شانۆگەرییەکەدا هەست بەماندووبوونی مێشك دەکات و بەتاسەی ئەوەیە کە دیمەنێکی وای بۆ هەڵکەوێ زاخاوی مێشکی بداتەوە، چونکە ئەکتەر لە زۆرانبازییەکی بەردەوام دابوو، ئەم زۆرانبازییە سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی کێش دەکات و بواری ئەوەی بۆ ناڕسکێنێ تاموچێژ لە وردە مەسەلە شانۆیییەکانەوە وەربگرێت، بەتایبەت لە دیمەنە خێراییەکانی دوای شانۆگەرییەکەدا کە دەرهێنەر هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لە چەنگ مەسەلەی کۆتاییەکە ڕزگار بکات.

ئەکتەر لەم شانۆگەرییەدا ماندووە و بینەریش شان بەشانی ئەو هەست بە هیلاکی و ماندووبوون دەکات دەرهێنەر بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ یا فڕوفێڵێکی هونەری چەند دیمەنێکی بەتایبەت بۆ حەسانەوەی خۆی خستبووە ناو شانۆگەرییەکە، بێ ئەوەی بینەر هەست بەم فڕوفێڵە هونەرییە بکات، وەك دیمەنی (شێخە) و دیمەنی (دادگا) کە لە ڕێگەی دایەلۆژە دووردرێژەکانەوە ئەکتەر بوارێکی زۆری بۆ دەڕسکێ کە لەسەر شانۆ بحەسێتەوە.

وەنەبێت ئەم پرسە کاری نەکردبێتە سەر کرۆکی شانۆگەرییەکە، بەڵکو لە هەردوو دیمەندا هەست بەونبوون و ساردبوونەوەی کاراکتەری سەرەکی و بەدابەزینی ئیقاعی شانۆگەرییەکە دەکەیت، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هەست بە بۆشاییەکی فراوان بکەیت! لەگەڵ ئەو ماندووبوونە زەهنییەی بینەر، دەرهێنەر تەنها دوو دیمەنی کورتی دروست کردووە، بەتایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەی بینەر و حەسانەوەی مێشك، ئەویش دیمەنی ئیبراهیمی دێوانە و دیمەنی ناو پاسەکەیە.

دیمەنی ناوپاسەکە لەبەر ئەوەی بەزۆر خراوەتە ناو شانۆگەرییەکە و بەو ئامانجەی ئاماژەمان پێداوە بۆیە دەرك بەوە دەکەیت کە ئەو دیمەنە لەگەڵ بارودۆخ و کاتی دیمەنە سەرەکییەکەدا یەکتر ناگرنەوە، چونکە

کاراکتەرەکە لە حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆزی ئەوتۆ دایە کە جێگەی نمایشێکی کۆمیدییانەی تێدا نابێتەوە، ئەو لە بەربەرەکانی کردنێك دایە لە دادگادا کە هەڕەشەی ڕووخانی ژیانی لێ دەکرێت جگە لەوەی کە جۆرێك لە دژایەتی لەگەڵ بیری فەلسەفییانەی کاراکتەرەکاندا دەرەخسێنێ.

لەبەر ئەوە حەسەن لە سەرەتاوە تا کۆتایی شانۆگەرییەکە کاراکتەرێکی تراژیدییە تەنیا لەو دیمەنەدا نەبێت کە دەبێتە کاراکتەرێکی کۆمیدی، ئەم گۆڕانە کتوپڕە ناسروشتییە لە کەسایەتی حەسەن–دا دەبێتە فاکتەرێکی کەمکردنەوە لە گەورەیی حەسەن، چونکە حەسەن لە دیمەنێکی زۆر لاواز و پڕ لە هەزەلییەتدا دەبیندرێت، جگە لەوەی کە دەرهێنەر ئەگەر چاوپۆشی لە هەموو ئەمانە کردایە، نەدەبوا ئەم دیمەنە کۆمیدییە بخاتە نێو دیمەنێکی توندوتیژ و پڕ نیگەرانی وەك دیمەنی دادگاکە، چونکە دیمەنە بچووکەکەی ناو پاسەکە دژی دیمەنە وە دەرهێنەر لە نرخی کاراکتەرە ئەفسەرەکەشی کەم کردووەتەوە، بەوەی کە وەك کەسێکی زۆر لاواز و بێ توانا و لەسەرخۆ بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی هەرزەکارانەی حەسەن دەبیندرێت بەتایبەت لە دادگایەکی ڕەشی وەك ئەو دادگایەی کە دەرهێنەر نیشانمانی دەدات، ئەو هەڵسوکەوتە سەربەستەی حەسەن دەیکات، دژی تێڕوانینی دەرهێنەر هەڵدەکەوێتەوە بەرامبەر بەو شوێنە، کە هیچ ترس و خرۆشێکی ئەوتۆی تێدا نییە نیشانەی ستەم لێ کردن و لەنگی عەدالەت بنوێنێ بەرامبەر بەمرۆڤێك کە بەبێ هیچ سووچ و گوناهێك بەکوشتن تاوانباری بکەن.

بەم دوو دیمەنە بەزۆر تێ ئاخنراوە مەبەستی دەرهێنەر ڕووت دەبێتەوە کە لە پێناو خۆشکردنی ئاو و هەوای شانۆگەرییەکە ئەم دیمەنە خراوەتە ناو شانۆگەرییەکە دوو دیمەنەکەی تریش (شێخەکە) و (دادگاکە) بەمەبەستی حەسانەوەی ئەکتەر بووە.

لێرەدا ئێمە بەڕەوای دەزانین کە ئەکتەر ئەو بوارە بۆ خۆی بڕەخسێنێ

دەرفەتی حەسانەوەی بدەن بۆ خۆ ئامادەکردنێکی تازە، بەڵام نەك بەو شێوەیە کە ئەکتەر ماوەیەکی دووورودرێژ (کامەران ڕەئوف لە بەردەم شێخەکە) ماوەیەك لە شانۆ چۆك بدا و ئەوەندە دووچاری ساردبوونەوە بێت! لەگەڵ ئەکتەری بەرامبەر قسەی تایبەتی خۆیان بکەن، ئایا ئەم جۆرە پشوودانە کارناکاتە سەر خاوبوونەوەی ئەکتەر لەسەر شانۆدا؟!

ئێمە ناڵێین ئەکتەرێکی وەك کامەران لەسەر شانۆ دووچاری شکستی هاتووە، بەڵام دەتوانم بڵێم لە دیمەنی بەرامبەر شێخەکە، لە دیمەنی دادگا-ش هەروا هەست بەداهێزرانێکی ئاشکرای ئەکتەر دەکرێت.

ئەوەی بەتێکڕایی و ڕاستگۆییەوە پێویستە لە ڕووی دەرهێنانەوە بگوترێت ئەوەیە کە ئەم شانۆگەرییە، شانۆگەری ئەکتەر بوو، مەبەستی نیشاندان و خۆ دەرخستنی ئەکتەری بوو.

بۆیە مەسەلەی دەرهێنان گرنگییەکی پێ نەدرابوو، بەقەد نواندن، دەرهێنەر پشتی بە سێ دیمەنی سەرەکی بەستبوو:

١- دیمەنی عەلی کەشتیوانی.

٢- دیمەنی سەلامی کەمانچەژەن.

٣- دیمەنی ئیبراهیمی دێوانە.

کە هەرسێکیان سێ کاراکتەری لێك جودان، دیمەنەکانی دیکە بەشی هەرە زۆریان دیمەنی لاوەکی بوون و لق و پۆی ئەو سێ دیمەنە سەرەکییە بوون، درکمان بەوە نەدەکرد، کە لە ئاست دیمەنە سەرەکییەکانی دیکە دابن، جگە لە هەردوو دیمەنی شێتخانە و تارمایی هاتنە پێشەوەی زوهرە نەبێت، کە تێیدا (فرمێسك) بوو بەفاکتەری هەرە سەرەکی زیندووکردنەوە و سەرهەڵدانی نوێی داهێنان لە شانۆگەرییەکەدا.

فرمێسك لەم شانۆگەرییەدا نواندنێکی سروشتی بێ دەمار گرژبوون و هەڵچوون دەکات، نرخی گەورە دەداتە کاراکتەرەکانی خۆی و

هەڵسوکەوتێکی تێروتەسەل و سروشتییان لەگەڵدا ئەنجام دەدات، دەرفەتی (فرمێسك) لەم شانۆگەرییەدا بەقەد دەرفەتی (کامەران) نەبوو لە نواندندا، کەچی لە ئاستێکی ئاوادا خۆی نیشان داین، کە لە ئاست توانای گەورەی کامەران کەمتر نەبێت، ئەگەر لە هەندێ دیمەندا (کامەران) نەشاردبێتەوە، بەتایبەت لە دیمەنی (شێتخانە) و (تارمایی زوهرە)دا، ئەوەی نرخی گەورە بەفرمێسك دەبەخشێت وەك ئەکتەر ئەوەیە کە فرمێسك ئەو دەنگ و جەستەیەکی نموونەیی هەیە، ئەو حاڵەتە جیاوازەش کە لە فرمێسك-دا هەیە ئەوەیە کە نرخ و بەها دەداتە دیالۆژەکان و لە ڕووی ڕیتمی دیالۆژەکان و دەربڕینیان بەشێوەیەکی ڕوونی ئەوتۆ کە وەك هەندێ ئەکتەر دیالۆژەکان نەمرێنێت و لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم لایەنە گرنگە فەرامۆش نەکات.

ئەوەی لە فرمێسکدا دیارە ئەوەیە کە لە شانۆ ناترسێت، ئەگەر لە چاو و هەستی بینەر نەبێت، بۆ خولقاندنی جوانترین حاڵەتی دەربڕین، بێ گومان خاوەن ئەزموونێکی بەپێزە و لە ماوەیەکی کورتدا پێناسێکی چاکی خۆی بۆ کردین.

کامەران لەم بەرهەمەدا زیرەك بوو لە هەڵبژاردنی فرمێسك بەرامبەر بەخۆی، چونکە توانای فرمێسك هێزێکی گەورەبوو بۆ کامەران، بەڵام ئەو ئەکتەرەی لەو بەرهەمەدا بەش خوراوە (یاسین بەرزنجی)یە کە هیچ دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ نەڕەخساوە، بتوانێت توانای نواندنی خۆیمان نیشان بدات، چونکە توانای یاسین وەك ئەکتەر لەوەندە پترە کە ئێمە بینیمان، یاخود ببێت بەسێبەر بۆ ئەکتەرێکی دیکە، لێرەشدا مەبەستمان لە کەمی دەرکەوتنی یاسین نییە لەسەر شانۆ بەقەد ئەوەندەی کە بێ بایەخی دەرهێنەر دەبینین بەرامبەر بەبەخشینی هەندێ جووڵانەوە، لەو جووڵانەوە هەڵبژێراوانەی کە دەرهێنەر بۆ خۆی تەرخان کردبوو، چونکە ئەو کاراکتەرەش یا دەوری یاسین بەشێکی شانۆگەرییەکەیە و دیسان هەر

کـەمـوکـورییـەکـانـیـان بـەسەر دەرهـێنـەردا دەشکێتـەوە ئـەگـەرچـی پرسی دەرهـێنـان بـەقـەد نـواندن ئـەو گرنـگـییـەی پـێ نـەدرابـوو بـۆیـە دەڵێم دەبـوا شانـۆگـەرییـەکـە نـاوێکـی سەربـەخـۆی لـێندرابـوایـە، وەك ئـەزمـوونـەکـانی د. عەونی کەرومی، ناوی لێندرابوایە چەند ئەزموونێکی شانۆیی، ئەوکاتە دەرهــێنــەر سەربــەست دەبــوو لــە هــەمــوو ئــەو هــەوڵــدانــانــەی کــە لــەم شانۆگەرییەدا بۆ لێك گرێدانی دیمەنەکانی بەکاری خستوون، یا لە پێناو کـۆکـردنـەوەی بـەرهـەمـەکـانـی پـێشتـری هـەوڵـی بـۆ دابـوو، چـونکـە ئـەو شانۆگەرییە کۆکتێلێکی ئەزموونە ڕابردووەکانی کامەران بوون و پێشتر هـەمـان شانـۆگـەری بـەزمـانـی عـەرەبـی و لـە لایـەن دەرهـێنـەرێکـی دیکـەوە پێشکەش کردووە، بۆیە بەرهەمەکە بەگوێرەی بینەری کورد شتێکی تازەیە، بەڵام هەر دەرهێنەر و ئەکتەرێکی دیکە ئەگەر ئەزموونە سەرکەوتووەکانی خۆی لە شانۆگەرییەکدا کۆبکاتەوە وەك بەرهەمێکی ئامادەکراو بۆی هەیە بەرهەمێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات، ئێمە لێرەدا نامانەوێت لە نرخی گەورەی کامەران کەم کەینەوە، چونکە گۆڤاری (ئەلف باء، لە کاتی خۆیدا ستایشی نواندنی گەورەی کامەرانی کردووە و دەڵێ:

دەرهێنەران (مونیر عوبەیدی) و (عەبدولحەمید کازم) لە هەڵبژاردنی دەقێکی وەك (المهرج والمرأة)دا سەرکەوتن، بەیارمەتی ئەکتەری لێهاتوو کـامـەران ڕەئـوف کـە تـوانـییـان کـارێکی نـایـابـی ئـەوتـۆ پـێشکـەش بـکـەن، سەرنـجـی بـینـەرانـی شانـۆگـەرییـەکـە ڕاکـێشن و ببـێتـە مـایـەی مـقۆ مقۆ و دەمەتەقێیەتی گەرم لە نێوانیاندا).

هـەروەهـا دەڵـێت: (کـامـەران ڕەئـوف تـا ڕادەیـەك سەرنـجـی بـینـەرانـی ڕاکێشا، کە زۆریان لەو بڕوایە دابوون ئەگەر نواندنی جیاوازی کامەران نەبوایە، شانۆگەرییەکە ئەو سەرکەوتنەی بەدەست نەدەهێنا).

ئەمە ڕاستییەکە و ناتواندرێت نکۆڵی لێوە بکرێت، بەڵام ئەوەی ئاواتی ئێمەیە بۆ کامەران ئەوەیە کەوا هەمیشە بەپرۆژە و بەرهەمی نوێ ببینین.

## کامەران و شانۆی کوردی

تاوەکو ئێستاکە کامەران ڕەئوف وەك خۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری (الطليعة الأدبية)دا دەڵێت: بەشداری لە پتر لە پەنجا شانۆگەریدا کردووە، گرنگەکانیان (گۆرانی چایکا، گیڤارا، ماکبێت، لالۆڤانیا، برا کارامازۆفەکان (المهرج والمرأة) و ئابلۆقە و چەند شانۆگەرییەکی دیکە.

جگە لەمەش هەوڵی دەرهێنانیشی داوە و چەند شانۆگەرییەکی پێشکەش کردووە لەوانە (گۆرانی چایکا ١٩٧٤، مغامرة رأس الملوك جابر، النحلة والجيران ١٩٨٣، جگە لە سینەماش کە چەند فیلمێکی هاوبەشی هەبووە لەوانە ذاكرة المدينة، ميلوديا الأعماق، المدرسة عشرة).

لەو تەمەنە هونەرییە پڕ لە بەخششەدا چەند پاداشتێکی بەنرخی وەرگرتووە، لەوانە پاداشتی دووەمی فیستیڤاڵی سێیەمی شانۆی لاوان ساڵی ١٩٨٠، پاداشتی باشترین ئەکتەر ساڵی ١٩٨٤، لە شانۆگەری (المهرج والمرأة)، بەم تێپەڕبوونە سەر پێیە بەکارەکانی کامەران دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری کارەکانی خۆماڵی نەبوونە و دوور بوونە لە شانۆی کوردی، تەنیا سێ چوار شانۆگەری نەبێت، تاوەکو ئێستاکە وەك هونەرمەندێکی کورد هیچی پێشکەش بەشانۆی کوردی نەکردووە، یا هەوڵی ئەوەی نەداوە ئەو توانا و دەسەڵاتە هونەرییەی هەیەتی لە پێناو پەرەپێدان و پێشخستنی بزووتنەوەی شانۆی کوردی بخاتە گەڕ.

لەوانەیە گەلێ فاکتەری تایبەتی لای کامەران هەبێت، بەڵام مێژووی شانۆی کوردی وا ناڵێت و کامەران بەرپرسیارە بەرامبەر بەمە، چونکە هونەرمەندەکانمان خۆیان بەرپرسیارن بەرامبەر بەباری دواکەوتنی هونەری نەتەوەکەیان.

کاتێ هونەرمەندەکانمان باری شانۆی کوردی لە حاڵەتێکی نا گوزوور و دواکەوتوودا دەبینن، یا خۆیان بەباڵا بەرزتر دێتە بەرچاوی لەو حاڵەتانەدا چارە ئەوە نییە کە دەستی لێ بشۆن و بڕۆن لەملا و لەولا ئارزووەکانی خۆیان تێر بکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بیر لە پاشەڕۆژی شانۆی کوردی بکەنەوە و بزانن چۆن دەتوانن شانۆی کوردی لەو بارە دیارەیکراوەی خۆیەوە بگوازنەوە بۆ بارێکی پێشکەوتووتر بە تێڕوانینی تازە و بەخششی گەورە، ئەم تێکەڵاوبوونە بۆیە هەیە شانۆی کوردی دروست بکات نەك تەنها هونەرمەندێك و دووان و سێیان، چونکە شانۆی کوردی ئەگەر بریتی بێت لەو چەند ژمارە هونەرمەندە، ئەوە مانای وایە هەر کاتێ ئەو چەند هونەرمەندە کۆتاییيان هات، شانۆی کوردیش کۆتایی دێت! ئێمە پێویستیمان بەدروستبوونی سەردەمێکی تازە هەیە بۆ شانۆی کوردی، وەك ئەمڕۆکە چرۆی ئەم سەردەمە بەدەرکەوتووە و کۆمەڵە لاوێکی خوێن گەرمی شانۆیی لە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ هاتوونەتە پێشەوە و ڕۆڵی خۆیان لە پەرەپێدانی ئەم ئەزموونە نوێیەدا دەبینن. کامەران ڕەئوف لە بەرهەمە کوردییەکانیشدا شتێکی تازەی نەخستووەتە سەر توانای هونەری خۆی وەك کامەران ڕەئوف، بەڵام ناتوانین نکۆڵیش لەوەدا بکەین کە بەگوێرەی شانۆی کوردی، هەردوو بەرهەم گۆرانی چایکا و گەشتەکەی حەسەن – وەك دوو گوڵە گەنمی شانۆیی دەردەکەون.

## ناوەڕۆك


تەنیا چرپەیەك ........ ٥
فرمێسكەكانی مۆم ........ ٧
ڕامانێكی چۆلەكەیەك لە تاو ئازارەكانیدا سەما دەكات ........ ٢١
گەڕانەوە بۆ ڕۆژە خۆشەكان بەسەر چوون ........ ٣٥
یاخیبوون لە گۆرانییەك لە باوەشی تاریكیدا ........ ٤٧
گەڕانەوەیەك بۆ سەردەمی بێ تاوانی ........ ٥٩
گەڕانەوە بۆ مەرگ و كچ ........ ٨١
میوانی ئەم ئێوارەیەی گەزیزە ........ ٩٩
گەڕانێك بە دوای ئەوانەی توونی بابا چوون ........ ١١١
ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دڵدارێكی قرچۆك ........ ١٢١
خوانێك بۆ خۆ كوشتن ........ ١٣٣
شانۆگەری گەشتەكەی حەسەن ........ ١٤١